توێشـووی حاجیان

نوسینی: د. إحسان برهان الدین



بسم الله الرحمن الرحيم

توێشووی حاجیان

نوسینی: د. إحسان برهان الدين

ئادابەکانی حەج و عومرە

ئەو کەسەی بە نیازە حەج و عومرە بکات، با بزانێت کە خەریکی ئەنجامدانی کارێکی گەورە و بەرێزە لە لای الله عز وجل، یەکێك لە ئەرکەکانی لەو بارەوە ئەوەیە بە جوانترین شێوە ئەو کارە ئەنجام بدات و بە کۆمەڵە ئاکار و ئادابێکی شەرعی خۆی برازێنیتەوە.

لێرەدا ئەم بابەتە و چەندین بابەتی تری پەیوەست بە حەج و عومرەتان بۆ دەخەمەڕوو، بەگەڕانەوە بۆ چەند سەرچاوەیەك لە کتێبەکانی ئەهلی عیلم لەوانەی جەخت لەسەر بەڵگەکانی کیتاب و سوننەت دەکەنەوە، ئەمەش بەشێکە لەو ئاداب و ئاکارانە:

1-یەکێك لە گرنگترین ئادابەکانی ئەنجامدەری حەج و عومرە ئەوەیە نیەتی لەو کارەیدا تەنها بۆ پەروەردگاری بێت و بیری لەلای هیچ مەبەستێکی تر نەبێت، چونکە لە ئیسلامدا هەموو شتێك بەنیەتەوە بەستراوەتەوە،

خەڵكانێك حەج و عومرە دەكەن لەوانەیە بۆ سومعە و ناوبانگ و هەڵگرتنی نازناو و نیازو مەبەستی تریان هەبێت، بەڵام موسوڵمانی دڵسۆز بۆ دینەكەی و ئەو كەسەی ترسی قەبرو قیامەتی خۆی هەبێت، دەبێت تەنها چاوی لە ڕەزامەندی الله بێت و ئەوە بكاتە ئامانجی هەرە گەورەی خۆی. پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (أنا أغْنَى الشُّركاءِ عنِ الشِّركِ ، مَنْ عمِلَ عملًا أشركَ فيه معِيَ تركتُهُ وشِرْكَهُ). صحيح مسلم.(7475)

2-كارێكی پێویست و باشە ئەو كەسەی هەڵدەسێت بە ئەنجامدانی حەج و عومرە، لە ڕێگەی جۆراوجۆرە خۆی لە بابەتەكانی ئەو دوو عیبادەتە و بەڵگەكانیان شارەزا بكات، مەسەلەی ئیحرام و تەواف و سەعی و كەفارەتەكان و كارو ئەركەكانیتری حەج و عومرە، زۆر كتێب و نامیلكەی ئاسان هەیە باسی قۆناغ بە قۆناغی حەج دەكات بە خستنەڕووی بەڵگەكانی قورئان و فەرموودە بە ڕوونكردنەوەی ئەهلی عیلم، هەر مەسەلەیەكیش كەسەكە خۆی نەیتوانی لە ڕێگەی خوێندنەوە و گوێگرتن لە زانایان بگاتە دەرەنجام و وەڵامی گونجاو، دەتوانێت پرسیار لە كەسانی زانا و شارەزا بكات لە كاروباری حەج و عومرەدا.

3- هەوڵ بدات هاوڕێتی و هاوسەفەری باش و خاوەن تەقوا و شارەزایی لە دیندا بکات، خۆی بە دوور بگرێت لە هاوڕێتی کەسانی خراپ و جاهیل و ئەوانەی غەیبەت دەکەن و کاتی خۆیان بە قسە وکاری بێ سوود دەکوژن، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی :(مَثَلُ الجَلِيسِ الصَّالِحِ والسَّوْءِ، كَحامِلِ المِسْكِ ونافِخِ الكِيرِ، فَحامِلُ المِسْكِ: إمَّا أنْ يُحْذِيَكَ، وإمَّا أنْ تَبْتاعَ منه، وإمَّا أنْ تَجِدَ منه رِيحًا طَيِّبَةً، ونافِخُ الكِيرِ: إمَّا أنْ يُحْرِقَ ثِيابَكَ، وإمَّا أنْ تَجِدَ رِيحًا خَبِيثَةً .)البخارى (5534)ومسلم (6692).

4- لە سەفەرەکەیدا ئەوەندە پارەی پێ بێت پێویستی بە خەڵکی نەکەوێت, پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : (ومَن يستعفِفْ يُعِفَّهُ اللهُ عزَّ وجَلَّ، ومَن يَصبِرْ يُصبِّرْه اللهُ، وما أُعْطِيَ أحدٌ عطاءً هو خيرٌ وأوسَعُ مِنَ الصَّبرِ).(1469) مسلم. (2424)

5-با لە سەفەرکەیدا خاوەن ئاکار و هەڵسوکەوتی جوان بێت و ئازاری کەس نەدات و زمانی پاراو ڕابگرێت لە هەموو قسەیەکی خراپ و لە تورەبوون و قسەی نابەجێ، چونکە هەموو ئەوانە کاریگەری خراپیان لەسەر عیبادەتەکەی هەیە, پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : (اتَّقِ اللهَ حيثُما كنتَ ، وأتبِعِ السَّيِّئةَ الحسَنةَ تَمْحُهَا ، وخالِقِ النَّاسَ بخُلُقٍ حَسنٍ) الترمذي (1987) وأحمد (21392)

6-با زۆربەی کاتەکانی لەو سەفەرەیدا زمانی بە یادی الله تعالی تەڕ بێت و خۆی بە زیکر و قورئان خوێندن و قسەی چاك سەرقاڵ بکات، خۆ ئەگەر قسەی باشی پێ نەکرا با زۆربەی کات بێ دەنگ بێت ئەوە بۆ دین و بۆ دونیای باشترە.

7-با هەمیشە بیری لای ئەوە بێت نە بەکردار و نە بە گوفتار ئازاری کەس نەدات پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (المُسلِمُ مَن سَلِمَ المسلمون مِن لسانه ویدە، والمُهاجِرُ مَن هجَرَ ما نهی الله عنه) متفق علیه.

حەجکردن گەشتێکە بۆ تەوحید

لە ئیسلامدا تەوحیدی الله تعالی بنەماو بنچینەی هەموو شتێکە، بەبێ هەبوونی تەوحیدیش هیچ کردەوەیەك لە موسوڵمان وەرناگیرێت، بۆیە هەموو عیبادەت و کردار و گوفتار و هەڵسوکەوتێکی موسوڵمان دەبێت پەیوەندی بە تەوحیدەوە هەبێت و لە ڕۆشنایی ئەودا بکرێت، چونکە ئەوە پەیام و ئەرکی هەرە گەورەی ئێمەیە لەم ماوە کەمەی کە لەسەر زەویدا دەمێنینەوە، هەموو پێغەمبەرانیش لەلایەن الله عزوجل بۆ چەسپاندنی کۆڵەکەی تەوحید لە دڵی خەڵکی و لە واقیعی ژیاندا ڕەوانە کراون.

حەجیش وەکو کۆڵەکەیەکی گەورەی ئیسلام هاوشێوەی هەموو عیبادەتەکانی تر، تەوحیدی پەروەردگار لە هەموو قۆناغ و کار و ئەرکەکانی ئەو شەعیرەیەدا ڕەنگی داوەتەوە، پێویستە لەسەر موسوڵمان لە کاتی ئەنجامدانی حەجدا بە بەردەوام بیری لەلای ئەوە بێت کە چەسپاندنی تەوحید بەرووبووم و دەرەنجامی هەرە شیرین و مەزنی عیبادەتەکەیەتی و هەر لە سەرەتای گەشتەکەی تاکو گەڕانەوەی بۆ شوێنی خۆی ئەو بەرپرسە لە بەرجەستە کردنی ئەو واتایە لە دڵ و دەروون و لە هەڵسوکەوتەکانیدا.

لێرەدا ئـامـاژە بۆ هەنـدێك لەو كردارانە دەكەین كە موسـوڵمـان لە كاتی بەجێگەیاندنی شـەعیرەی حەجدا دەیكات و بریتییە لە چەسپاندنی تەوحید و بیروباوەڕ، لەوانە:

1- شـەعیرەی حەج هەر لە سـەرەتای تاكو كۆتایی ئاماژە بۆ تەوحید و لا إله إلا الله دەكات، هەر لەو كاتەی كە خوازیـاری حەج كردن لە مـاڵی خۆی دەردەچێت و مناڵ و هاوسـەرو كەسـوكاری بەجێ دەهێڵێت، ئەگەر الله لە هەموو كەسێك و لە هەموو شـتێك لەلای خۆشـەویسـتر نەبێت بەجێیان ناهێڵێت و خۆی تووشی نارەحەتی ئەو گەشـتە ناكات، گوێڕایەڵی فەرمانی پەروەردگاری دەكات و الله أكبر و لا إله إلا الله و لبيك اللهم لبيك وێردی سەر زمانێتی و هەموو ئەوانەش نیشانەن بۆ تەوحیدی الله تعالی.

2-سروشـتی حەج وایە ئیمـاندار لە زۆربەی مەشـاعیرەكانـدا الله ی بیر دەخاتەوە، ڕۆژی قیامەتی بیر دەكەوێتەوە، كاتێك كە جلەكانی دادەكەنێت و پۆشاكی ئیحرام دەپۆشێت مردن و كفنی بیر دەكەوێتەوە، كە غوسل دەكات شۆردنی تەرمەكەی خۆی دێتە بەرچاو.

3 -لە كاتی تەواف كردندا مەزنی و گەورەیی پەروەردگاری بیر دەكەوێتەوە كە ڕێزی لەو ماڵە گرتووە و پێگەی لە دڵی موسـوڵمانانـدا بەرز كردووەتەوە،

هەروەها ئیبراهیمی باوکی پێغەمبەران و پێشەوای موەحیدان بیردەکەوێتەوە علیه السلام کە ئەو ماڵەی بە فەرمانی پەروەردگاری درووست کرد و لە پێناو بەرز ڕاگرتنی لا إله إلا الله و نەپرستنی هیچ مەعبودێك جگە لە الله دایمەزراند. لە کاتی سوڕانەوەشیدا بە دەوری کەعبە ئەوەی بیر دەکەوێتەوە کە ئەو بە دەوری داروبەردا ناسوڕێتەوە لەبەر فەرمانی الله و بەرز ڕاگرتنی حوکمەکانی نەبێت و خۆی ڕادەستی هەموو فەرمان و حوکمێکی پەروەردگاری دەکات: (وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا) النساء:65.

4 -دروشمی حاجیان لەوکاتەی کە إبراهیم علیه السلام بانگی خەڵکی کرد بۆ حەجی ماڵی پەروەردگار و گوێڕایەڵی فەرمانی الله بوو کە فەرموویەتی: (وَأَذِّنْ فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِنْ كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ) تاکو ئێستا و ڕۆژی قیامەت بریتییە لە: (لبيك اللهم لبيك لبيك لا شريك لك لبيك إن الحمد والنعمة لك لا شريك لك) ئەوەش چڵەپۆپەی تەوحیدە کە داوامان لێکراوە تاکو دوا ساتی ژیانمان لەسەری بژین و لەسەری بمرین.

5 -لە سەعی کردنی نێوان سەفا ومەڕوا، پێغەمبەر ﷺ کە بۆ سەر کێوی سەفا سەردەکەوت و دەیفەرموو: (ابْدَؤُوا بما بَدَأَ اللّٰهُ بِهِ) ئینجا هەردوو دەستی بەرز دەکردەوەو ڕووی لە کەعبە دەکرد و ئیعلانی تەوحیدی خۆی بۆ الله

رادەگەیاند ودەیفەرموو: (لا إله إلا الله، والله أكبر، لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد يحيي ويميت وهو على كل شيء قدير، لا إله إلا الله وحده، أنجز وعده، ونصر عبده، وهزم الأحزاب وحده) رواه مسلم.

6-لە ڕۆژی عەرەفە و ڕاوەستانی حاجی لەو جێگەیەدا، دیمەنی ڕاوەستانی ڕۆژی مەحشەر بەبیری موسوڵمان دەهێنێتەوە، لەو ڕۆژەی کە هەمووان بە ملکەچی بۆ پەروەردگار ڕادەوەستن، لە ڕۆژی حەجی گەورەدا موسوڵمان دەستەکانی بۆ پەروەردگاری بەرز دەکاتەوە و ئاوات و هیوای ئەوەیە الله عزوجل دوعاکانی وەڵام بداتەوەو لە گوناهەکانی خۆش بێت.

7 -یەکێکی تریش لە نیشانەکانی تەوحید لە شەعیرەی حەجدا ڕۆژانی تەشریقە، ئەو ڕۆژانەی کە بە یادی الله و نوێژ و سوپاسگوزاری و سەربڕینی قوربانی لەسەر بنەمای تەوحید و تەکبیر کردن و بەردەوام ناوهێنان و زیکری الله ئاوەدان دەکرێتەوە، الله تعالى فەرموویەتی: (وَلِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا لِّيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ ۗ فَإِلَـٰهُكُمْ إِلَـٰهٌ وَاحِدٌ فَلَهُ أَسْلِمُوا ۗ وَبَشِّرِ الْمُخْبِتِينَ).

8 -هەروەها لە کاتی ڕەجم کردنی شەیتاندا و لە کاتی سەربڕینی قوربانیدا تەوحید لە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی الله و شوێنکەوتنی سوننەتی باوکی پێغەمبەران علیه السلام بە جوانترین شێوە بەرجەستە دەبێت، موسوڵمان لەوکاتەدا هەلوێستی ئیسماعیلی بیردەکەوێتەوە علیه السلام لە ملکەچ بوونی ڕەها و گوێڕایەڵی کردنی تەواو بۆ فەرمانەکانی الله عزوجل.

لە راستیدا وەکو وتمان گەشتی حەج دەکرێت بڵێێن گەشتێکە بۆ چەسپاندنی تەوحید بۆ کەسێك لە مەبەستەکانی تێبگات و نیاز و نیەتی دڵی ئەوە بێت هاوکات لەگەڵ بەجێگەیاندنی ئەو فەریزە گەورە و شەعیرە مەزنەی ئیسلام کە حەجە، بیریش بە قوڵی لە واتاکانی تەوحید و لا إله إلا الله و الله أكبر و جێبەجێکردنی شەریعەتی پەروەردگار بکاتەوە کە لە سەرەتای دەرچوونی نیازمەندی حەجکردن دەست پێ دەکات و لە هەموو مەشاعیر و جێگەکانی حەجدا بەردەوام دەبێت و بە شێویەکی گشتی ئەو فەریزەیە کۆمەڵە وانەیەکی کردەییە لە تەوحیددا.

ئەمەی لێرەدا باس کرا تەنها چەند نمونەیەك بوو لەسەر دیاردەکانی تەوحید لە حەجدا ئەگینا قسەو باسی زۆر هەڵدەگرێت.

حوکمی حەجکردن و پێگەی حەج لە ئیسلامدا

یەکەم: حوکمی واجب بوونی حەج :

حوکمی حەج کردن بەڕوونی و بەئاشکرایی لە قورئان و لە سوننەتدا دیارە کە واجبە، لە کتێیی زانایاندا وێڕای ئاماژە کردن بۆ واجب بوونی حەج لەم دوو سەرچاوەدا، هەروەها ئیجماعی هەموو زانایانیشی لەسەر دەگێڕنەوە.

1 -بەڵگەی قورئانی پیرۆز: الله تعالی فەرموویەتی: (وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ) آل عمران:97. زانایان فەرموویانە وشەی (علی) لە ئایەتەکەدا نیشانەیە لە سەر واجب بوونی ئەو شەعیرەیە، ئینجا بەدوایشیدا فەرموویەتی: (وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ) بۆ ئەوەی بزانرێت هەرکەسێك مل بۆ ئەو واجب بوونە نەدات و بەفەرزی نەزانێت پێی کافر دەبێت. ابن کثیر لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی لەلای جومهوری زانایان ئەمە دیارترین بەڵگەکانی فەرزبوونی حەجە. هەورەها الله عزوجل فەرموویەتی: (وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ) البقرة:196. ئەمەش هەر بەڵگەیە لەسەر فەرز بووونی حەج لەسەر موسوڵمانان.

هەروەها الله فەرمانی بە إبراهیم علیه السلام کردووە کە خەڵکی بۆ حەجی ماڵەکەی بانگ بکات و فەرموویەتی: (وَأَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَىٰ كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ (27) لِّيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَّعْلُومَاتٍ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ ۖ فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ (28) ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ(29) سورة الحج:

2 -بەڵگەی سوننەت: لە سوننەتیشدا زۆر فەرموودە لەسەر واجب بوونی حەج هاتووە ، لێرەدا ئاماژە بۆ کەمێکی دەکەین :

أ - پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (بُنِيَ الإسلامُ على خمسٍ شَهادةِ أن لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ وأنَّ محمَّدًا رسولُ اللَّهِ وإقامِ الصَّلاةِ وإيتاءِ الزَّكاةِ وصَومِ رمضانَ وحجِّ البيتِ لمنِ استطاعَ إليهِ سبيلًا). متفق عليه. لەم فەرموودەدا نموونەی ئیسلام وەکو نموونەی بونیادێکی گەورە وێنا کراوە کە بنچینەکەی بریتییە لە چەند پایەیەك بەبێ ئەو پایەو کۆڵەکانە بونیادەکە ڕاناوەستێت و یەکێکیان حەجی ماڵی پەروەردگارە.

ب - له فه‌رمووده‌كه‌ی أنس بن مالك یشدا كه له صحیح ی مسلم دا هاتووه فه‌رموویه‌تی: پرسیاركردنمان لێ قه‌ده‌غه كرابوو، بۆیه چاوه‌ڕێی كه‌سێكمان له ده‌ره‌وه‌ی مه‌دینه‌وه ده‌كرد بێت و پرسیار له پێغه‌مبه‌ر ﷺ بكات، ئیتر پیاوێك له بیابانه‌وه هات و پرسیاری نێردراوه‌كه‌ی پێغه‌مبه‌ری كرد ﷺ بۆ لایان و له كۆتاییدا وتی ئه‌و نێردراوه ده‌ڵێت له‌سه‌رمانه حه‌ج بكه‌ین فه‌رمووی ڕاستی كرد.

ت - هه‌روه‌ها له هه‌ردوو صحیح البخاري و مسلم دا جێگیر بووه كه پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رموویه‌تی: (إنَّ اللَّهَ عزَّ وجلَّ ، قد فرَضَ عليكمُ الحَجَّ) واته الله حه‌جی ماڵه‌كه‌ی له‌سه‌رتان فه‌رز كردووه.

3 -كۆ ده‌نگی زانایان: هه‌بوونی ئیجماع له كاتی هه‌بوونی ده‌قی شه‌رعی له كیتاب و سوننه‌تدا عاره‌ب واته‌نی تحصیل حاصل و گومانی تێدا نییه كه زانایان هه‌موویان ملكه‌چی فه‌رمانه‌كانی قورئان و سوننه‌تن و جه‌ختی له‌سه‌ر ده‌كه‌نه‌وه، بۆیه ئیجماعی هه‌موو زانایان له‌سه‌ر ئه‌وه‌یه حه‌ج واجبه و یه‌ك جار له‌سه‌ر موسوڵمانه له هه‌موو ته‌مه‌نیدا ئه‌نجامی بدات. ئه‌و ئیجماعه‌ش هه‌رچه‌ند هیچ به‌ڵگه‌یه‌كی ناوێت كه ڕوویداوه به‌ڵام ابن المنذر له كتێبی الإجماع دا نه‌قڵی كردووه و هه‌روه‌ها ابن تیمیة له شرح العمدة 87/1 باسی كردووه.

بەڵام دەبێت هاوکات ئاماژە بەوە بدرێت کۆدەنگی زانایان بۆ خۆی سەرچاوەیەکی سەربەخۆ نییە لەگەڵ کیتاب و سوننەتدا، بەڵکو ئیجماع و قیاسیش پاشکۆن و مەڕەدیان هەر بۆ کیتاب و سوننەتە نەك بەڵگەی سەربەخۆ بن ، بۆیە هەموو بەڵگەیەکی شەرعی دەبێت ئەسڵەکەی لە کیتاب و سوننەتدا هاتبێت.

دووەم: پێگەی حەج لە ئیسلامدا:

1 -حەج یەکێکە لەو کۆڵەکە گەورانەی کە ئیسلامی لەسەر درووست بووە، بۆیە هەرکەسێك توانای ئەنجامدانی هەبێت و نەیکات، ئەوە دەستبەرداری ڕوکنێکی ئیسلام بووە، موسوڵمان بوونیش کامڵ و بێ نوقسانی نابێت تاکو ئەو فەریزە بەجێنەهێنێت. چونکە حەج پێنجەمین کۆڵەکەی ئیسلامە، هەرکەسێك توانای هەبێت دەبێت حەج بکات.

تێگەیشتنی جومهوری زانایانیش بۆ کاتی ئەنجامدانی فەیرزەی حەج ئەوەیە کە توانای بوو دەست بەجێ و بێ دواکەوتن واتە فەوری دەبێت حەجەکەی ئەنجام بدات، بە پێچەوانەی هەندێك لە زانایان کە وتوویانە فەرزە لەسەری (على التراخي) ئەنجام بدات، واتە لەو کاتەی کە واجب دەبێت لەسەری و توانای ئەنجامدانی هەیە ئاساییە دواى بخات و کەی ویستی

بیکات. ئەگەر کەسێکیش وا بکات لەوانەیە دواتر نەخۆش بکەویت یان ڕێگرێکی بۆ درووست بێت ڕێگای حەج کردنی لێ بگرێت.

2 -ئینجا لەبەر گەورەیی پێگەی حەج لە ئیسلامدا، هەرکێ نکۆڵی لە فەرزبوونی ئەو حەجە بکات بەوە لە ئیسلام دەردەچێت، الله فەرموویەتی: (وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ).

3-حەج پشك و بەشێکی سەرەکییە لە دینی ئیسلام، هەرکێ بەبێ هیچ پاساوێك ئەنجامی نەدات و لێی بەدەر بێت مەحروم و بێ بەشە لە لای الله، وەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە: (الإسلامُ ثَمانِيَةُ أَسْهُمٍ : الإسلامُ سَهْمٌ ، والصَّلاةُ سَهْمٌ ، والزكاةُ سَهْمٌ ، والصَّوْمُ سَهْمٌ ، وحجُّ البيتِ سَهْمٌ ، والأَمْرُ بالمعروفِ سَهْمٌ ، والنَّهْيُ عَنِ المنكرِ سَهْمٌ ، والجهادُ في سبيلِ اللهِ سَهْمٌ ، وقد خَابَ مَنْ لا سَهْمَ لهُ) أخرجه البزار (2927). واتە ئیسلام هەشت پشکە و حەجیش یەکێکە لەو پشکانە، جا هەرکێ لەو پشکە بێ بەش بێت لەلای الله مەحروم و بێ بەشە.

4 -لە ڕاستیدا حەج جۆرێکە لە بەرجەستە کردنی ئیسلام بە شێویەکی گشتی، چونکە:

-حاجیان لە کاتی حەجکردندا هەموو جۆرەکانی تەوحیدی اللە جێبەجێ دەکەن.

-باوکی پێغەمبەران و پێشەوای موەحیدان و ئیسماعیلی کوڕی ئەویان بیر دەکەوێتەوە علیهما السلام.

-هەروەها لە حەجدا یەکبوونی موسوڵمانان و یەکسانی لە نێوانیاندا و برایەتی موسوڵمانان بەرجەستە دەبێت.

-هەروەها حەج پەروەردە کردنە بۆ نەفس و دەروونی موسوڵمان و ڕزگار بوونە لە خۆشەویستی ڕادەبەدەری دونیا و دەربازبوونە لە شەهوەت و حەزە ناشەرعییەکانی موسوڵمان .

لە کاتی ئەنجامدانی فەریزەی حەجدا، پێگەو گەورەیی ئەو شەعیرە بۆ موسوڵمان ڕوون دەبێتەوە و چەندین وانەی گەورەو گران لەو گەشتە پیرۆزەدا فێر دەبێت.

هەندێک زانیاری دەربارەی حەج

لە شـێوەی پرسـیار و وەڵامدا و بە سـوود وەرگرتن لە فەتوا و کتێبی زانایان، لێرەدا هەندێ زانیاری گشتی گرنگ دەربارەی حەج و عومرە دەیخەینەڕوو:

1 -حەج لە ڕووی زمانەوانییەوە واتای مەبەستە(قصد)، واتە بۆ نموونە حەج بۆ شـوێنێك دەكەیت واتا مەبەسـتت ئەوەیە ڕووی تێبكەیت و بۆی بڕۆیت.
بەڵام لە ڕووی زاراوە و لە ڕووی شـەرعییەوە واتـای ئەوەیە لە كـاتێكی دیاریكراودا و بە مەبەسـتی جێبەجێكردنی كۆمەڵە شـەعیرە و پەرستنێك ڕوو بكەیتەماڵی پەروەردگار لە مەككە و بە ئەنجامدانی ئەو عیبادەتە گوێڕایەڵی فەرمانی الله بكەیت.

2 -كەی حەج لەسەر موسوڵمانان فەرز بوو.
چەند بۆچوونێك لەو بارەوە هەیە، بەڵام بە پێی تەحقیقی زانایان ڕاسـت ئەوەیە لە ساڵی (9)ی كۆچیدا فەرز بووە.

3 -چەند جار پێغەمبەر ﷺ لە ژیانیدا حەج و عومرەی کردووە؟

پێغەمبەر ﷺ چوار جار لە ژیانیدا عومرەی کردووە: کە بریتین لە عومرەکانی: (الحديبية ، القضاء، الجعرانة، عمرة الحج).

بەڵام یەك جار لە ژیانیدا حەجی کردووە ئەویش حەجی ماڵ ئاوایی بوو لە ساڵی دەی کۆچی، کە بە هاوەڵانی فەرموو لەوانەیە جارێکی تر لەم جێگەیەدا ئیتر یەکتر نەبینینەوە و لە ساڵی دواتردا وەفاتی کرد.

4 -ئایا حەج ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی ئیسلام؟

بەڵێ حەج یەکێکە لەو پێنج کۆڵەکەی کە موسوڵمان دەبەستیتەوە بە ئیسلامەوە و پێگەو پلەو پایەی لە شەریعەتدا گەلێك مەزنە.

5 -ئایا دواخستنی حەج بۆکەسێك توانای ئەنجامدانی هەبێت تاکو چەند ڕێگە پێدراوە؟

هەرکەسێك توانای ئەنجامدانی حەجی هەبوو دەبێت دەست بەجێ ئامادەکاری ئەو گەشتە پیرۆزە بکات و دەبێتە فەرزێکی فەوری لەسەری، ئەوە ڕاوبۆچوونی پەسەندی زانایانە لە تێگەیشتنی ئایەتی فەرزبوونی حەج.

6 -(الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَعْلُومَاتٌ) مەعنای چییە؟

واتە حەجکردن لە چەند مانگێکی دیاریکراودایە کە بریتین لە مانگەکانی شوال وذو القعدة وعشر ذي الحجة، مەبەست لەوەیە کە ئیحرام کردن بۆ سەرەتای حەج کردن لەسەرەتای ئەو سێ مانگەوە دەست پێ دەکات و درووستە و کۆتاییەکەشی دیارە کەیە، هەندێکیش پێیان وایە مانگی ذي الحجة هەمووی بە مانگی حەج دادەنرێت.

7 -وشەی رفث و فسوق لە ئایەتی:(فَلا رَفَثَ وَلا فُسُوقَ وَلا جِدَالَ فِي الْحَجِّ) مەعنای چییە؟

ئەو کەسەی ئیحرامی بەحەج کرد ئیتر ئەبێت خۆی بپارێزیت لەهەموو شتێك کە حەجەکەی لەکەدار بکات لە ڕووی شەرعییەوە، جا (رفث) سەرجێ و هەموو پێشەکییەکانی ئەو کارە لەگەڵ هاوسەردا دەگریتەوە. هەروەها بە قسەی ناشیرین و نابەجێیش دەوترێت (رفث).

(فسوق) هەموو کارێکی نادرووست و حەرامە کە شەرع قەدەغەی کردبێت، نابێت ئەو کەسەی بۆ حەج دەچێت ئەنجامی بدات.

(جدال) مشتومڕ و دەمەدەمە و قسەزۆرکردنی بێ سوود و موجادەلە کردن کارێکی نەشیاوە لەگەڵ ئەنجامدانی ئەو فەریزەیەدا ناگۆنجێت.

8 -حەجی وەرگیراو چۆنە؟

لە فەرموودەدا هاتووە هەرکەسێك حەج بکات و ئەو قەدەغەکراوانەی سەرەوە ئەنجام نەدات وەکو ئەو ڕۆژە دەگەڕێتەوە کە لەدایکبووە، واتە گوناهەکانی دەوەرێت و لێی پاك دەبێتەوە. (ئەم مەسەلە لەڕۆشنایی دەقەکاندا قسەی زیاتر هەڵدەگرێت ئێرە جێگای نییە).

شایانی باسە ئەم پێگەو پاداشتە بۆ کەسێکە خاوەن تەوحید و ئیمانێکی ڕاست و درووست بێت وەکو ئەوەی لە قورئان و لە سوننەتدا هاتووە و بیروباوەڕو عەقیدەی وەکو بیروباوەری پێشینانی چاکی ئەم ئومەتە بێت و هیچ هەڵوەشێنەرەوەیەك لە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلامی تێدا نەبێت، بۆ نموونە نابێت توخنی هیچ شیرکێك کەوتبێت بەتایبەتی شیرکەکانی ئەم سەردەمە کە زۆر کەس نایانناسێت و خۆڵی لەچاوکراوە .

9 -حەجی (مبرور) کە لە فەرموودەکاندا باسکراوە مەعنای چییە؟

مەعنای ئەوەیە حەجەکە تاوانی تێکەڵ نەبێت، وەکو تەماشا کردنی ئافرەتی نامەحرەم و جگەرەکێشان وقسە و مشتومڕی ناشیرین و لە هەموو کارەکانیدا مەبەستی ڕەزامەندی الله بووبێت و بەجوانی هەوڵیدابێت لە هەموو هەنگاوەکانی حەجەکەیدا شوێنکەوتووی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەبەرێزەکان و سەلەفی چاك ئەم ئومەتە بێت لە ئەنجامدانی ئەو شەعیرە مەزنە.

10 -ئەو کەسەی نیازی حەجی هەیە چی بکات بۆ ئەوەی حەجەکەی ڕاست و درووست بێت؟

پێویستە لەسەری هەوڵ بدات بە جوانی و بەپێی بەڵگە شەرعییەکانی کیتاب و سوننەت و فیعلی سەلەف خۆی فێری هەموو هەنگاوەکانی حەج بکات، کتێب و نامیلکەی تایبەت بە حەج بخوێنێتەوە، گوێ لە قسەو موحازەراتی ئەهلی عیلم بگرێت، لە ئەهلی عیلم پرسیار بکات دەربارەی هەر شتێك کە نایزانێت.

11 -موسوڵمان چەند جار حەج بکات باشە؟

ئەو حەجەی کە فەرزە لەسەر موسوڵمان یەك جارە، هەر موسوڵمانێك توانای هەبوو و یەك جار حەجی کرد ئیتر هیچی لەو بارەوە ناکەوێتەسەر و حەقی الله ی بەجێهێناوە و فەرزەکەی لەسەر کەوتووە.

12 -ئایا ئەگەر توانای هەبوو حەجی تر بکات باشترە یان دەرگای خێری تر بدۆزێتەوە لە حەجی تطوع باشترە، زانایان لەم بارەوە دیدی جیاوازیان هەیە، لە هەندێ فەرموودەدا هاتووە کە موسوڵمان زیاتر لە حەجێك بکات یان چوار ساڵ جارێك بتوانێت حەجێك بکات بەڵام باسەکە و سەنەدی فەرموودەکان قسە هەڵدەگرێت، شیخ الإسلام ابن تیمیة لە کتێبی

"الاختيارات الفقهية" فەرموویەتی ئەگەر کەسێك حەجی کردبێت و هەندێ کەسوکاری هەبێت پێویستیان بەو پارەیە هەبێت کە حەجی دووەم و سێیەمی پێ دەکات، پارەکە لەسەر ئەوان خەرج بکات باشترە، مەسەلەکە وەکو وتم خیلافییە و قسە هەڵدەگرێت.

13 -حەج لەسەر کێ واجبە؟

حەج لەسەر کەسێك واجبە کە موسوڵمان بێت (نێر بێت یان مێ)، عاقڵ بێت، باڵغ بێت، ئازاد بێت، توانای جەستەیی و مادی سەفەری حەجی هەبێت، بۆ ئافرەتیش مەرجە مەحرەمی لەگەڵدا بێت.

14 -ئایا نابینا حەجی لەسەرە؟

زانایان فەرموویانە بەڵێ حەجی لەسەرە ئەگەر کەسێکی هەبێت لەگەڵیدا بێت و دەستی بگرێت. هەروەها کەسێك شەل بێت یان نەخۆش بێت (مەگەر نەخۆشییەکی درێژەخایەن کە چاکبوونەوەی نەبێت) ئەوانە هەموویان حەجیان لەسەرە.

15 -ئایا ئەو کەسەی دەچێت بۆ حەج مەرجە زیارەتی قەبری پێغەمبەر ﷺ بکات وەکو بەشێك لە هەنگاوەکانی حەجەکەی ؟

نەخێر ئەو سەردانە پەیوەندی بە هەنگاوەکانی حەجەوە نییە و ئاساییە کەسێك بچێت بۆ حەج و سەرادنی قەبری پێغەمبەر ﷺ نەکات، ئەو سەردانی نەکردنە هیچ زیانێك بە حەجەکەی ناگەیەنێت، بەڵام وەکو سەردان و زیارەتی گۆڕی ئازیزمان ﷺ لە هەموو کاتێکدا کاتی حەج و کاتی تر هەر درووستە و کارێکی چاکەیە سەردان بکرێت.

16 -ئایا عومرە وەکو حەج واجبە ؟

ئەو مەسەلە هەندێك خیلافی لەسەرە، بۆچوونی پەسەند والله أعلم ئەوەیە کە واجبە لەسەر کەسێك توانای ئەنجامدانی هەبێت، پێشەوا البخاري رحمه الله : سەبارەت بە واجب بوون و فەزڵی عومرە لە سەحیحەکەیدا بابێکی تەرخان کردووە وفەرموویەتی :، وَقَالَ ابْنُ عُمَرَ : رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا : لَيْسَ أَحَدٌ إِلا وَعَلَيْهِ حَجَّةٌ وَعُمْرَةٌ ، وَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا : إِنَّهَا لَقَرِينَتُهَا فِي كِتَابِ اللَّهِ (وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ) اهـ وقوله : (لَقَرِينَتُهَا) أي : قرينة فريضة الحج) واتە لەو هاوەڵە بەڕێزانە گێڕاوێتییەوە کە عومرەش وەکو حەج یەکجار لەتەمەندا واجبە.

17 -ئەگەر پزیشکێك بەکەسێك بڵێ مەڕۆ بۆ حەج تۆ توانای جەستەییت نییە بۆ ئەو کارە بەقسەی بکرێت یان نا؟

بەڵێ ئەگەر پزیشکەکە جێگای متمانە بوو لە ڕووی دین و توانای پسپۆڕی پزیشکی دەبێت بەقسەی بکرێت، چونکە ئەنجامدانی حەج لە شەرعدا بە توانای مادی و جەستەیی بەستراوەتەوە و شەرع حەرەج و ناخۆشی لەسەر موسوڵمانان لابردووە.

18 -ئایا درووستە منداڵ بۆ حەج ببرێت؟

بەڵێ درووستە بەڵام کاتێك گەورە بێت حەجی ئیسلامی هەر لەسەر دەمێنیتەوە و واجبەکەی لەسەر لانەچووە و دەبێت جارێکی تر حەجی ئیسلام بکات..

19 -ئایا حەج بەقەرز دەکرێت و درووستە؟

واجب بوونی حەج پەیوەندی بەتوانای مادییەوە هەیە، واتە ئەگەر کەسێك توانای مادی نەبوو لەسەری نییە و داواشی لێ نەکراوە قەرزی بۆ بکات، بەڵام ئەگەر زانی توانای گێڕانەوەی قەرزەکەی هەیە ئەگەرچی واجب نییە لەسەری بەو شێوە حەج بکات بەڵام حەجەکەی درووستە و عەیبی نییە.

ئەگەر کەسێکیش قەرزار بێت و بیەوێت حەج بکات دانەوەی قەرزەکەی لە پێشترە لە حەجکردنەکەی. ئەوەش ڕاست نییە لەناو خەڵکیدا دەوترێت ئەگەر کەسێك قەرزار بێت دەبێت پرسی خاوەن قەرزەکە بکات پێش ئەوەی بچێت بۆ حەج.

20 -ئایا درووستە کەسێك خۆی حەجی نەکردبێت، بیەوێت باوکی یان دایکی بۆ حەج بنێرێت و خۆی حەج نەکات؟
ئەگەر مەبەستی حەج نەکردنی خۆی نەبێت و مەبەستی چاکەکردن بێت لەگەڵ باوك و دایکیدا بە ناردنیان بۆ حەج لە پێش خۆی بەڵێ درووستە و ئەوە چاکەیە لەگەڵ ئەواندا دەیکات.

21 -ئایا درووستە کەسێك بە پارەی زەکات بنێردرێت بۆ حەج؟
بەڵێ ئەگەر کەسێك هەژار بێت و خۆی توانای حەج کردنی نەبێت، درووستە لە پارەی زەکات بەشی بدرێت بۆ ئەوەی بتوانێت حەج بکات.

22 -ئایا ئافرەت بۆ حەجکردن پێویستە لەسەری ئیزنی مێردەکەی وەربگرێت؟

بەڵێ پێویستە ئیزنی لێ وەربگرێت، بەڵام ئەگەر مێردەکەی بەبێ هیچ پاساوێکی شەرعی ڕێگری لێ بکات ئافرەتەکە دەتوانێت بەقسەی نەکات، چونکە وەکو لە فەرموودەدا هاتووە: (لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق).

23 -ئایا ئەگەر دایکێك ڕێگەی لە کوڕەکەی گرت حەجی تطوع بکات نەك حەجی فەرز بەقسەی بکات؟

زانایان دەفەرموون بەڵێ دەبێت بەقسەی بکات و نەڕوات بۆ حەج چونکە گوێڕایەڵی دایك واجبە لەسەری.

24 -موسوڵمان پێش دەرچوون بۆ سەفەری عومرە و حەج چی بکات باشە؟

باشترە خۆی بشوات و لە هەموو گوناهێك کە کردوویەتی تەوبە نوێ بکاتەوە و ماڵئاوایی لە کەسە نزیکەکانی بکات و ئەگەر قەرزار بێت یان هەر مەسەلەیەك تری گرنگی هەبێت باشترە وەسێتێك بنوسێت و یەکێك لە ماڵەوە لەو وەسێتە ئاگادار بکاتەوە.

25 -ئایا درووستە کەسێك لە جیاتی کەسێکی تر بچێت بۆ حەج (جەجی بەدەل)؟

بەڵێ ئەو کەسەی کە خۆی توانای حەج کردنی نییە، یان بۆ ئەو مردووەی حەجی لەسەر بووە و لە حاڵی ژیانیدا نەیکردووە، دەکرێت کەسێك لە جیاتیان حەج بکات، بەمەرجێك خۆی حەجی یەکەمی بۆ خۆی کردبێت. بەڵگەی صحیح لە سوننەتدا لەسەر ئەم مەسەلە هاتووە وەکو فەرموودەی (شبرمة) و فەرمودەی تر.

26 -ئایا پارە وەرگرتن بۆ حەجی بەدەل درووستە؟

زانایان لەم بارەوە قسەیەکی جوانیان کردووە و فەرموویانە: ئەگەر حەجەکە بکات لە پێناو ئەوەی پارە وەربگرێت ئەوە کارێکی خراپی کردووە، ئەگەر پارە وەربگرێت بۆ ئەوەی بتوانێت حەجەکەی پێ بکات بۆ ئەو کەسە ئەوە درووستە و کارێك باشی کردووە.

27 -ئایا درووستە ئافرەتێك مەحرەمی نەبێت کەسێك وەکو وەکیل لەجیاتی خۆی بنیرێت حەجی بۆ بکات؟

زانایان فەرموویانە نەخێر ئەوە کارێکی باش نییە، مەگەر لە حاڵەتێکدا دەستی لەوە شۆرردبێت مەحرەمێکی لەگەڵدا بچێت بۆ حەج و لەوە بێ هیوا بووبێت، ئەوکاتە وەکو ناچاری درووستە وا بکات.

چەند ئامۆژگارییەک بۆ ئافرەتان دەربارەی حەج وعومرە

الله عزوجل پێغەمبەری ﷺ بۆ هەموو مرۆڤایەتی ڕەوانە کردووە، داواکاری و تەکلیف و حوکمەکانیش وەکو چۆن ڕوویان لە نێرینەی ئوممەتە بەهەمان شێوە ڕوویان لە مێینەکانی ئوممەتە، الله فەرموویەتی: (مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ((النحل:97).

بنچینەیەکی شەرعی هەیە دەڵێت: (أن كل نص خوطب به الرجال فالنساء مخاطبات به أيضاً إلا ما استُثْنِيَ في الشرع) واتە: هەموو دەقێك ئاراستەی پیاوان کرابێت ئافرەتانیش دەگرێتەوە، جگە لەوە نەبێت کە شەرع ئافرەتانی پێ جیاکردووەتەوە.

لەم بەشەدا کۆمەڵە ئامۆژگارییەك لە قسەی زانایانەوە ئاراستەی دایکان و خوشکانی بەرێز دەکەم کە بەنیازی عومرە و حەج کردنن، بەدوایشیدا إن شاء الله هەندێك لە ئەحکامەکانی تری حەجکردنیان بە پوختی و بە بێ شیکردنەوەی بەڵگەکان پێشکەش دەکەم:

1 -پێش دەرچوونت لەماڵ و دەست پێکردنی ئەوگەشتە پیرۆزە، نیەتی خۆت پاك بکەرەوە کە تەنها لەبەر ڕەزامەندی اللّٰه حەج و عومرە دەکەیت و هەموو نیازو مەبەستێك تر لە دڵی خۆت دوور بخەرە. هەروەها پێش دەست پێکردنی ئەوگەشتە لە هەموو تاوان و گوناهێك تەوبە بکە.

2 -هەوڵ بدە ماوەیەك پێش دەرچوونت و لە کاتی گەشتەکەشتدا بۆ حەج، خۆت فێری مەسەلە شەرعییەکانی حەج کردن بکەیت، توانات هەبوو کتێبی تایبەت بە مەناسیکی حەج بخوێنەوە، گوێ لە موحازەرات و وانەی پەیوەندیدار بە حەج و بە عومرە بگرە، پرسیار لە ئەهلی عیلم بکە، بۆ ئەوەی نەکەویتەوە هیچ هەڵەیەکەوە لە کاتی حەج و عومرەدا.

3 -خۆبۆنخۆش کردن بۆ ئافرەت نادرووستە و دەقەکان لەو بارەوە بە ڕاشکاوی هاتوون و ئەو کارە قەدەغە و حەرام کراوە لێیان، ئەوەت لەبیر نەچێت.

4 -حەج کردنی ئافرەت بەبێ مەحرەم ئەگەرچی هەندێك لە زانایان بە کۆمەڵە مەرجێك ڕێگەیان داوە، بەڵام زۆربەی زانایان حەجکردنی ئافرەتیان بەبێ مەحرەم بە کارێکی حەرام و قەدەغەکراو داناوە، بۆیە باشتر وایە نەچیتە

سەر ئەو بۆچوونە و توندوتۆڵی لە دیندا هەڵبژێریت و بەو ڕوخسەتەی کە بۆچوونی هەندێك لە زانایانە کار نەکەیت، چونکە ئەوانەش کە ڕێگەیان داوە بە شێوەیەکی ڕەها ڕێگەیان نەداوە لەوانەیە حەجەکەشت بەو شێوە لەسەر بکەوێت بەڵام لەگەڵ ئەوەدا تاوانباریش بیت!

5 -ئەگەر لەبەر نەخۆشییەك کە چاوەڕوانی چاکبوونەوەی لێ ناکرێت، یان لەبەر گەورەیی تەمەن توانای حەجکردنت نییە و توانای داراییت هەیە، درووستە کەسێك لە جیاتی خۆت بنێریت بۆ حەج کردن، بە مەرجێك خۆی پێشتر حەجی بۆ خۆی کردبێت.

6 -کارێکی باش نییە و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە ئیحرامی سپی بپۆشیت، ئافرەتانی سەلەف ئەو کارەیان نەدەکرد و جۆرێکیش لە خۆچواندنی بە پیاوانەوە تێدا هەیە. زانایان فەرموویانە با ئافرەت جلی جوان و سەرنج ڕاکێش بۆ ئیحرام لەبەر نەکات، بەڵکو جلێکی ئاسایی ڕەنگ مات بێت، ئەگەر هەر سپیشی لەبەر کرد با بەو شێوەی پیاوان نەبێت و ڕەنگی تری تێکەڵ بێت.

7 -ئەگەر بە پێویستت زانی حەپی ڕێگرتن لە سوڕی مانگانە بەکاربهێنێت، ئەتوانیت ئەو کارە بکەیت بەمەرجێك زیانی بۆ تەندروستیت نەبێت، زانایان فەرموویانە بەڵگەیەك نییە لەسەر حەرامی ئەو کارە.

8 -ئەگەر لە کاتی تێپەڕ بووونتدا بەلای میقاتدا تووشی سوڕی مانگانە بووبوویت، نیەت دەهێنیت و ئیحرامی خۆت دەکەیت، چونکە پاکبوونەوە بە مەرج نەگیراوە بۆ ئیحرام کردن، تۆیش حاڵت حاڵی ئافرەتانی تر کە ئیحرام دەکەن و هەموو کارەکانی تر دەتوانیت ئەنجام بدەیت وەکو غوسل کردن لە میقات و نییۆك گرتن و لەسەر نیەت و ئیحرامەکەت دەمێنیتەوە تاکو پاك دەبیتەوە و غوسڵ دەکەیت و تەواف دەکەیت.

9 -ئەگەر لە دوای تەواوکردنی تەواف بەدەوری بەیتدا تووشی سوڕی مانگانە بوویت، ئەوە بەردەوام دەبیت لە سەعی کردنەکەت چونکە سەعی کردن لە نێوان سەفا و مەڕوادا تەهارەتی پێویست نییە.

10 -لە درێژایی گەشتەکەتدا سووربە لەسەر ئەوەی زمانت لە غەیبەت و هەر قسەیەکی بێ سوود پارێزراو بێت، خۆت بە شتی بێ سوود و نەشیاو سەرقاڵ مەکە، کاتەکاتەکانت بە زایە مەدە و لە عیبادەتدا بەسەریان ببە

ئەوەندەی پێت دەکرێت، تەلبیە کرنیش واتە وتنی لبیك اللهم لبيك بە دەنگی بەرز مەکە، بەڵکو بە دەنگێکی نزم ئەنجام بدە.

11 -وریابە لە کاتی تەواف کردن بە دەوری کەعبەدا خۆت بخەیتە ناو قەرەباڵغی و شانەشان لەگەڵ پیاواندا، ماچکردنی بەردە ڕەشکە پاساو نییە بۆ ئەو کارە، چونکە ماچ کردنی بەردە ڕەشەکە سوننەتە و تێکەڵ بوون بەو شێوە لەگەڵ پیاوانی نامەحرەمدا حەڕامە، درووست نییە سونەتێك لە پێناو ئەنجامدانی حەڕامێکدا بکەیت. بە هەمان شێوە لە جێگاکانی تری حەجەکەتدا خۆت لە نزیك بوونەوەی زۆر لە پیاوان و بەریەککەوتن لەگەڵیاندا بپارێزە، لە مەسعی و لە ڕەجم کردنی شەیتان و لە هەموو جێگاکاندا.

12 -لە کاتی تەواف کردنی پیاواندا کە لە شەوتی یەکەمدا خێرا ڕێدەکەن، درووست نییە بۆ تۆیش وا بکەیت و ئەو کارە بۆ پیاوان سوننەتە و بۆ ژنان سوننەت نییە، دواتریش کە لە قژت دەگریت نابێت ئەو کارە بەبەرچاوی پیاوانەوە بکەیت.

13 -ئەگەر لە کاتی فڕەدانی بەردەکاندا قەرەباڵغی زۆر هەبوو، یان نەخۆش بوویت و نەتتوانی بەخۆت بڕۆیت، ئاساییە مەحرەمەکەت، یان کەسێکی تر بکەیت بە بریکاری خۆت و لە جیاتی تۆ ئەو کارە بکات و فیدیەشت ناکەوێتەسەر مادام پاساوت هەبووە.

14 -لە کاتی قسە کردنت لەگەڵ مەحرەمەکەتدا، یان لەناو سەیارە، یان لەو شوێنانەی کە لێی دەمێننەوە، یان لە هەر شوێنێکی تر هەمیشە با دەنگت بەرز نەبێت، ئەو دەنگ نزمییە خەسڵەتێکی شەرعیە و سیفەتێکی جوانە بۆ تۆ، بەپێچەوانەشەوە دەنگ بەرزکردنەوە بۆ ئافرەتان کارێکی جوان نییە و ناشەرعییە.

15 -لە ڕۆژانی مانەوەتدا لە مینا وریای ئەوە بە کاتەکانت بە گەڕان بەناو دەستگێڕ و شتفرۆشەکاندا بەسەر ببەیت و بەردەوام خەریکی شت کڕین و دیاری کڕین بیت، هەوڵ بدە ئیشوکارەکانت لە کاتێکی دیاریکراودا تەواو بکەیت و سوود لەو کاتە بەنرخانەی خۆت وەربگریت، چونکە ئەو کاتانە بە ئاسان دووبارە نابێتەوە.

16 -ئەوەت لەبیر نەچێت و بەڵکو دڵنیاشبە کە هەموو ئەو حەشاماتەی لەو جێگا پیرۆزانەدا بۆ حەج کردن بوونیان هەیە، نەك هەر هەموویان مەلائیکەت و خەڵکانێکی پاك وپاراو نین، بەڵکو خەڵکی هەمەجۆرەیان تێدایە، تەنانەت دزو پیاو خراپ و جۆرەها خەڵکی نەفس نزم بە مەبەستی جۆراوجۆرەوە خۆی دەکاتە نێو ئەو خەلکە پاك و خاوەن تەقوایەدا، بۆیە هەمیشە وریای خۆتبە و لە هیچ جێگەیەکدا نە لەتەواف و نە لە سەعی کردن و نە لە ڕەجم کردنی شەیتاندا، نزیکی قەرەباڵغی پیاوان مەکەوە و ئەوەندەی پێت دەکریت خۆت ناچار مەکە بەریەککەوتنت هەبێت لەگەڵیاندا.

17 -ئەگەر فەریزەی حەجت بەجێهێناوە پێشتر، نەسیحەتت ناکەم جارێکی تر حەج بکەیتەوە، چونکە زۆر حاڵەت هەیە لە حەجدا هەرچەند خۆت بپارێزیت ڕەنگە هەر توشی هەندێ حاڵەت ببیت کە لە ڕووی شەرعەوە جائیز نییە، هەندێ جار هەیە ئافرەت بە هۆی گەرماو تێکچوونی باری تەندروستی ڕەنگە هەڵوێستێکی وا درووست بێت و دۆخەکە وا بخوازێت پیاوێکی نامەحرەم هاوکاری بکات و زۆر شتی ناخۆش و چاوەڕوان نەکراوی تر لە کاتی ئەنجامدانی شەعیرەی حەجدا ڕوو دەدەن ئەستەمە بۆ ئافرەت بەبێ گوناهبار بوون لێی دەربچێت.

18 -ئەو ئافرەتەی کە مێردەکەی وەفاتی کردووە و هێشتا عیددەکەی تەواو نەبووە درووست نییە بچێت بۆ حەج کردن، با مەحرەمیشی لەگەڵدا بێت هەر درووست نییە، ئەو مەسەلەش لە قورئان و لە سوننەتدا جێگیر بووە: الله تعالى فەرموویەتی: ﴿وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا وَصِيَّةً لِّأَزْوَاجِهِم مَّتَاعًا إِلَى الْحَوْلِ غَيْرَ إِخْرَاجٍ ﴾ البقرة:240. لە سوننەتیشدا هاتووە ئەو ئافرەتەی کە پیاوەکەی کوژرا و هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و ئیزنی لێ وەربگرێت بچێتە ماڵی کەسوکاری، پێغەمبەر ﷺ ڕێگەی نەدا و پێی فەرموو: (امكثي في بيتك حتى يبلغ الكتاب أجله) واتە لەماڵی خۆتدا بمێنەوە تاکو عیددەکەت تەواو دەبێت.

19 -ئەگەر پرسیارت لێ کرا دەربارەی هەر مەسەلەیەك یان حوکمێك سەبارەت بە ڕوکن و واجب و سوننەت و کەفارەت و هەر باسێکی تری فەریزەی حەج، مەگەر سەد لەسەد دڵنیا بیت لە وەڵامەکەی، ئەگینا درووست نییە و نابێت بەبێ زانست و بەڵگەی شەرعی قسە بکەیت و وەڵامی پرسیاری هیچ کەسێك بدەیتەوە. بەڵام لە هەموو قسەیەکی باش و حوکمێکی شەرعی کە لێی دڵنیایت دەتوانیت فەرمان بەچاکە بکەیت و نەهی لە خراپە بکەیت.

20 -له هاوڕێ و هاوسەفەری نەشارەزا لە شەرع و ئەوانەی خەریکی شتی پڕوچووچن خۆت بەدوور بگرە، چونکە لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا تووشی غەیبەت و قسەی بەتاڵ و هەندێ جار لەوانەیە توشی بوختان و گومانی خراپ بەخەڵك و شتی لەو جۆرە ببیت، بۆیە هەموو کاتەکانت یان کار و قسەی باش بەسەر بەرە یان بەبێ دەنگی، چونکە بێ دەنگی ئەگەر لەبەر ئەوە بێت لە غەیبەت و تاوان پارێزراو بێت دەبێتە عیبادەت بۆت. دەشتوانیت خۆت وابەستە بکەیت و بڕیار بدەیت ڕۆژانە کۆمەڵێك زۆر زیکر و قورئان خوێندن بکەیتە واجب بەسەر خۆتدا بەو شێوە هەرچی کاتت زیادە هەیە لە ڕەزامەندی الله تعالی بەسەر ئەبەیت و حەجەکەشت إن شاء الله حەجێکی مەبرور و وەرگیراو دەبێت.

21 -ئەوەندەی لە تواناتدا هەیە کەسێکی ڕوح سووك و خزمەت گوزار بە مەحرەمەکەت و ئەو کەسانەی کە هاوسەفەرتن، بەبێ ئەوەی ئەوە وا بکات هەنگاوێکی ناشەرعی بنەیت وەکو مامەڵە کردن و قسەکردنی زۆر لەگەڵ پیاوان یان تێکەڵ بوون لەگەڵ کەسانی نامەحرەمدا.

22 -شتێکی باشە بۆ ماڵ و منداڵی خۆت هەندێ دیاری بکڕیت بەبێ ئیسراف کردن چونکە ئەوە جەوێکی خۆش لەلای خێزانەکەت درووست دەکەیت،

بەبێ ئەوەی بچیت بۆ هەرچی خزمان و دراوسێ و ئەوانەی لە کاتی گەڕانەوەت سەردانت ئەکەن دیاری بکڕیت هەم خۆت بارگران بکەیت بە مەسرەفی زیاد و هەم خەڵکانێکی تریش کە لەوانەیە توانای ئەو کارەیان نەبێت ناچار بکەیت بەبۆنەی تۆوە و لەبەر عەیبە و شەرمی لایەنی کۆمەڵایەتی ئەو کارە بکەن، بەڕاستی ئەوە عادەتێکی خراپە ئەو کەسەی بچێت بۆ حەج بیکاتە واجب بەسەر خۆیەوە هەر کەسێك سەردانی بکات بە کیسەیەك دیاری بەڕێبکرێت، بەڵکو ئەوە ڕێچکەیەکی خراپە بەبۆنەی تۆوە خەڵکانی تریش شەرم دەیانگرێت و ناچار دەبن بارێك دیاری بکڕن بۆ ئەو خەڵکەی کە سەرادنیان دەکەن کە ئەوە هیچ بنەمایەکی لەشەرعدا بەو شێوە نییە.

چۆنێتی و ئەرکەکانی ئیحرام کردن

لەم بەشەی باسەکانماندا بە پوختی و بەشێوەی پرسیار و وەڵام هەندێ لە گرنگترین مەسەلەکانی ئیحرام کردن دەخەینەڕوو:

1 -ئیحرام کردن مەعنا چییە؟

ئیحرام واتە لە گەشتی حەج کردندا هەندێ شتی وەکو چوونە لای هاوسەر و خۆ بۆنخۆش کردن و لەبەرکردنی جلی دووراو لە هەندێ جێگەدا حەرام و قەدەغە دەبێت لەسەر ئەو کەسەی کە حەج و عومرە دەکات.

لە ڕووی شەرعیشەوە ئیحرام بریتییە لە نیەتی چوونە ناو عیبادەتی عومرەو حەجەوە،

2 -سوننەتەکانی ئیحرامکردن بۆ حەج و عومرە چین؟

هەندێ سوونەت هەیە موسوڵمان ئەنجامیان بدات پێش ئیحرام کردن، کارێکی زۆر باشە و خێری دەست دەکەوێت، ئەگەر ئەنجامیان نەدات هیچی ناکەوێتە سەر و تاوانبار نابێت. کە بریتین لە:

*خۆشتن ونینۆك گرتن وخۆ پاككردنەوە بە شێوەیەكی گشتی.

*خۆ بۆنخۆش كردن بۆ پیاوان پێش لەبەر كردنی جلی ئیحرام.

*پۆشینی جلی ئیحرام كە بریتییە لە دوو پارچەی سپی و خاوێن.

*ئیحرام كردنەكە لە دوای نوێژێك بێت، فەرز بێت یان سوننەت.

*دەنگ بەرزكردنەوەی پیاوان بە تەلبیە كردن واتە وتنی لبيك اللهم لبيك.

3 -چین ئەو شتانەی كە ڕێگە پێدراون بۆ ئەو كەسەی لە ئیحرامدایە ئەنجامیان بدات؟

ئەو كەسەی لە ئیحرامدایە ڕێگە پێدراوە ئەم كارانە ئەنجام بدات:

*بۆی هەیە خۆی بشوات و قژ و سەر و ڕیشی. دابهێنێت و سەیری ئاوینە بكات و سیواك بەكار بهێنێت.

*بۆی هەیە جلی ئیحرامەكەی بشوات و بیگۆڕێت.

*دەتوانێت سعات و موستیلە لەدەست بكات و ئافرەتیش بۆی هەیە خشڵ بەكاربهێنێت.

*كەڵەشاخ و دان هەڵكێشان و خوێن بەخشین و بەكارهێنانی پشتێن و چاویلكە و چەتر هەمووی ڕێگەپێدراوە.

*كوشتنی جڕوجانەوەر و هەر ئاژەڵێكی زیانبەخش.

*كڕین و فرۆشتنیش ڕێگەپێدراوە.

4 -قەدەغەکراوەکانی ئیحرام بریتین لە چی؟

-لابردنی موو لەسەر و هەرشوێنێکی تری جەستە قەدەغەیە.

-نینۆك گرتنی پەنجەکانی دەست و پێ و پۆشینی دەستکێش قەدەغەیە.

-بە کارهێنانی عەتر و بۆن بۆ جەستە و بۆ جلی ئیحرامیش لە دوای ئیحرامکردن قەدەغەیە.

-سەرجێی کردن لەگەڵ هاوسەر و پێشەکییەکانی هەمووی قەدەغەیە.

-ڕاوکردن یان هاوکاریکردنی ڕاوچی و ترساندن ووروژاندنی باڵندەکانی حەرەم و بڕینی دارودرەخت قەدەغەیە. (جگە لە درەختێکی بۆنخۆش نەبێت کە پێی دەوترێت الإذخر ئەوەیان قەدەغە نییە)

-خوازبێنی کردن ژن مارە بڕین چی بۆ کەسەکە خۆی بێت یان بۆ کەسێکی تر ئەنجامی بدات.

-هەڵگرتنی شتی ونبوو، مەگەر بۆ کەسێك مەبەستی ئەوە بێت بیناسێنێت و بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

-مشتومڕ و دەمەدەمە و قسەی نەشیاو و بێ سوود قەدەغەیە و حەڕامە.

5 -چین ئەو قەدەغەکراوانەی تایبەتن بە پیاوانەوە؟

-لەبەر کردنی هەموو جۆرە جلێکی دووراو کە تەقەڵی پێوە بێت و بە گوێرەی ئەندامەکانی مرۆڤ درووست کرابێت وەکو فانیلە و شەرواڵ و گۆرەوی.

_داپۆشینی سەر بە شتێك کە پێوەی بلکێت وەکو کڵاو و مێزەر و جامانە.

6 -ئایا قەدەغەکراوی تایبەت هەیە بە ئافرەتانەوە؟

-قەدەغەیە لەسەر ئافرەتان ڕوخساریان بە شتێك داپۆشن کە بلکێت بە دەموچاویانەوە وەکو نیقاب و شتی هاوشێوە، بەڵام ئەوە بەو واتا نایەت کە ناچار بن ڕوخساریان دەربخەن، چونکە دەتوانن بە ڕێگەی تر ڕوخساری خۆیان لە نامەحرەم بشارنەوە بۆ نموونە سەرپۆشێك بەن بەسەیاندا یان بەبەشێك لە جلەکانیان. دایکمان عائیشە الله لێی ڕازی بێت دەیفەرموو:"كنا مع النبي ﷺ في حجة الوداع إذا دنا منا الرجال سدلتْ إحدانا خمارَها من على رأسها على وجهها حتى يُجاوزونا". واتە لە حەجیماڵئاواییدا لەگەڵ پێغەمبەردا بوونە ﷺ جا کاتێك لە ئیحرامدا بوونە و پیاوان لێیان نزیك دەبوونەوە ڕوخساری خۆیان بە بەشێك لە جلەکانیان دەشاردەوە.

7 -فیدیەی ئەنجامدانی یەکێك لە قەدەغەکراوەکانی ئیحرام چییە؟

هەرکەسێك بە نەزانین یان لەبیرچوونەوە یەکێك یان زیاتر لە قەدەغەکراوێکی ئیحرام ئەنجام بدات هیچی لەسەر نییە، بەڵام ئەگەر بە ئەنقەست قەدەغەکراوێکی ئیحرامی ئەنجامدا وەکو نینۆك و موو گرتن و خۆبۆنخۆش کردن و نزیکبوونەوە لە هاوسەر بە شەهوەت و سەرداپۆشین بۆ پیاوان و نیقاب پۆشین بۆ ئافرەتان و شتی لەو جۆرە ، لەو حاڵەتەدا فیدیەی دەکەوێتە سەر کە بریتییە لە یەکێك لەم سیانەی باسی دەکەین کامیان هەڵبژێرێت ئازادە :

-سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بوون لە مککە یان لە هەر جێگەیەکی تر دوای گەڕانەوەی.

-پێیدانی خواردن بۆ شەش هەژار بەبڕی نیو صاع واتە نزیکەی یەك کیلۆ و نیو برنج یان خواردنی تر.

-یان سەربڕینی حەیوانێك.

8 -ئەو کەسەی کە نیەتی حەجی هەیە دەتوانێت هەر لە ماڵ یان لە فرۆکەخانە پێش ئەوەی بگاتە میقات خۆی بشوات و جلی ئیحرامیش لەبەر بکات، بۆ ئەوەی ئەو کاتەی گەیشتە میقات لەناو تەیارەکە نیەت بهێنێت و ئیحرام بکات، بەڵام ئەگەر کەسێك جلی ئیحرامی پێ نەبوو، یان لەبەر هۆکاری تر نەیتوانی ئیحرام بپۆشێت، نیەتی خۆی دەهێنێت و

ئیحرامی خۆی لە شوێنی دیاریکراودا لە ناو تەیارەکەوە دەکات، چونکە نیەت نەبەستراوەتەوە بە پۆشینی جلی ئیحرام ومەسەلەیەکی ترە، دوایی کە گەیشتە مەککە لەوێ کە دەچێت بۆ حەرەم یان دوای حەوانەوە لە ئوتێل کە ڕۆیشت بەرەو طواف جلی ئیحرام دەپۆشێت و سێ جۆر فیدیە هەیە ئازادە کامیان بکات: یان سێ ڕۆژ ڕۆژوو بگرێت(لە مەککە بێت یان لە هەر شوێن و کاتێکی تر)، یان خواردنی شەش هەژار بدات کە دەکاتە نزیکی یەك کیلۆ و نیو برنج بۆ نموونە، یان ئاژەڵێك سەربرێت.

9 -حوکمی چییە کەسێك ئیحرام بە جلی ئاساییەوە بکات، واتە جلی ئیحرامی نەپۆشیبێت و کاتێك گەیشتە میقات ئیحرام بکات؟

حوکمی ئەوەیە کە دواتر کە گەیشتە مەککە ئیحرام دەپۆشێت و عومرەکەی تەواو دەکات، بەڵام وەکو وتمان یەکێك لە سێ کەفارەتی دەکەوێتە سەر، سێ ڕۆژ ڕۆژوو گرتن، پێدانی خواردن بۆ شەش هەژار، یان سەربڕینی ئاژەڵێك هەرکامیان بکات درووستە.

10 -ئیحرام و نیەت هێنان بۆ حەج و عومرە چۆن دەبێت؟

کاتێك کە ئەو کەسەی نیازی حەج و عومرەی هەیە دەگاتە میقات و شوێنی دیار کراوی شەرعی بۆ نیەتهێنان، ئیتر چی لەسەر زەوی بێت یان لە

ئاسمانەوە بێت کاتێك کە فرۆکەکە دەگاتە بەرانبەر ئەو جێگایە، لە دڵەوە نیەت دەهێنێت و ئینجا دەست دەکات بە تەلبیە کردن، واتە وەکو لە فەرموودەی صحیحدا هاتووە ئەگەر نیازی عومرەی هەبێت دەڵێت: (لبیك عمرة)، ئەگەر نیازی حەجی هەبێت دەڵێت: (لبیك اللهم حجا) و دەڵێت: (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ،لَبَّيْكَ لَا شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ، إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لَكَ وَالْمُلْكَ لَا شَرِيكَ لَكَ)، سوننەتیشە بەردەوام بێت لە تەلبیە کردن لە کاتی ئیحرام کردنەوە تاکو دەستپێکردنی تەواف بەدەوری کەعبەدا.

11 -ئایا درووستە ئەگەر کەسێك لە کاتی تێپەڕبوون بە میقاتدا ئیحرامی نەکردبێت، دوایی کە گەیشتە مەککە لەناو ئوتێلەکەوە ئیحرام بکرێت؟

بەڵێ درووستە ئیحرام لە ناو ئوتێلەوە بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کەسەکە لە میقات و شوێنی دیاریکراوی شەرعییەوە ئیحرامی نەکردووە، فیدیەی دەکەوێتە سەر، کە سەربرینی ئاژەڵێکە بە مەرجە شەرعییەکانی خۆی.

12 -جۆرەکانی ئیحرام کردن بۆ حەج چەندن؟

ئیحرام کردن بۆ حەج بۆ سێ جۆر دابەش دەبێت کە پێیان دەوترێت: الإفراد، والقِران، والتمتُّع.

-الإفراد: واتە کەسەکە تەنها ئیحرام بەحەج دەکات و دەڵێت: (لبیك اللهم بحج)و جلی ئیحرامیش لەبەری داناکەنێت لەوکاتەوە تاکو ڕۆژی جەژن

کاتێك ڕەجمی (جمرة العقبة الكبری دەكات) ئاژەڵ سەربڕینیشی- لەسەر نییە.

-القران: واتە لە میقاتەكەوە نیەتی حەج و عومرە پێكەوە دەهێنێت و بەوە ئیحرام دەكات و دەڵێت: (لبیك اللهم بحج وعمرة). تەنها یەك جار تەوافی لەسەرە ئەویش (طواف الإفاضة)یە و یەك سەعی كردنیش.

-التمتع: واتە ئەو كەسەی كە نیەتی حەج كردنی هەیە، لە یەكێك لە مانگەكانی حەج كە بریتین لە شوال، وذو القعدة، دە ڕۆژی سەرەتالە مانگی ذو الحجة، لەلای میقاتەوە دەڵێت: (لبیك اللهم بعمرة). كاتێك دەگاتە مەككە و تەواف و سەعی دەكات و سەری دەتاشێت یان كورتی دەكاتەوە، جلی ئیحرام دادەكەنێت و جلی ئاسایی خۆی لەبەر دەكات تاكو ڕۆژی تەرویە واتە ڕۆژی هەشتەمی مانگی ذي الحجة، ئەو كاتە جارێكی تر جلی ئیحرام دەپۆشێت و دەڵێت: (لبیك اللهم بحجة) وبەو شێوە دەمێننێتەوە تاكو ڕۆژی جەژن و دوای فڕەدانی بەردەكانی (جمرة العقبة الكبری) ئیتر جلی ئیحرام لە خۆی دەكاتەوە. سەربڕینی ئاژەڵێكیشی لەسەرە.

پوختەی حوكمە شەرعییەكانی
تەواف كردن

(طواف) واتە حەوت جار سوڕانەوە بە دەوری کەعبەدا ، بە نیەتی عیبادەت و بە شێوازێکی دیاریکراو. تەوافیش چەند جۆر و ناوێکی هەیە، لەوانە :

-**طواف القدوم**: بۆ ئەو کەسەیە کە حەج بە شێوازی ئیفرادو قیران دەکات.

-**طواف الإفاضة**: ئەمە لەدوای ڕۆژی ڕاوەستان لە عەرەفات دەکرێت لە ڕۆژی جەژن یان دوای ئەوە و ڕوکنێکی حەجە.

-**طواف العمرة**: ڕوکنێکە بۆ عومرە کردن و عومرە بەبێ طواف بەتاڵە.

-**طواف الوداع**: لەپاش تەواوبوونی هەموو واجباتی حەج ئەنجام دەدرێت کاتێك حاجی دەیەوێت بەرەو وڵاتی خۆی بگەڕێتەوە. ئەمەش چەند حوکمێکی شەرعی تایبەتە بە تەواف:

1 -لەدوای ئەوەی ئەو کەسەی نیازی حەج و عومرەی هەیە چووە ناو مزگەوتی حەرام ، باشترە بەبێ ئەوەی دوو ڕکات نوێژ بکات وەکو تحیة المسجد، یەکسەر دەست بە تەواف کردن بکات.

شێوازی سوڕانەوە بە دەوری کەعبەدا ئەوەیە لە لای (الحجر الأسود) بەردە ڕەشەکەوە تەوافەکەی دەست پێ بکات، سەرەتا ئەگەر بتوانێت بەبێ ئەوەی عەزێتی کەس بدات و ئەگەر بەبێ پاڵپێوەنان و ئازاردانی کەس ماچی بەردە ڕەشەکە بکات ئەوە کارێکی باشە، ئەگەر نا دەستی پێوەبدات، ئەگەرنا هەر لە دووریشەوە درووستە ئاماژەی بۆ بکات و درووست نییە لە پێناو ماچ کردنی بەردەکەدا عەزێتی هیچ کەسێك بدات.

2 -کە لەلای بەردە ڕەشەکەو دەستی بە تەواف کرد دەڵێت: بسم الله، ئەشتوانێت بلێت: بسم الله والله أكبر، بەڵام دوعای: (اللهم إيمانا بك، وتصديقا بكتابك، ووفاء بعهدك، واتباعا لسنة نبيك محمد صلى الله عليه وسلم) جێگیر نەبووە و ئەگەر وەکو دوعایەك بەبێ ئەوەی وابزانێت سوننەتە ئاساییە بوترێت. شێوازەکەشی ئەوەیە کەعبە دەخاتە لای چەپی خۆی و بەردەوام دەبێت لە تەوافدا و بەلای ڕوکنی یەمانیدا تێدەپەڕێت وتاکو دەگاتەوە لای بەردەڕەشەکە دەبێتە یەك تەواف.

3 -وتنی دوعای (رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ) لە نێوان بەردەڕەشەکە و ڕوکنی یەمانیدا لە هەندێ فەرموودەدا هاتووە و قسەش لەسەر سەنەدەکەی کراوە کە صحیح نییە، بەڵام هەندێ لە ئەهلی عیلم دەڵێن مادام فەرموودەکە مەشهورە و زۆربەی زانایان ئیشیان پێ کردووە ئاساییە ئەو دوعا مەزنە لەو جێگەیەدا بخوێنرێت.

4 -بۆ ئەو کەسەی کە یەکەم طواف دەکات، سونەت وایە لە سێ شەوتی سەرەتای تەوافەکەدا ئەگەر بتوانێت خێرا ڕێبکات و لە چوار شەوتی کۆتایی ئاسایی ڕێبکات، وەکو لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە: (کان رسول الله ﷺ إذا طاف بالبيت الطواف الأول خب ثلاثاً ومشى أربعاً). ئەو کەسەش کەبەسەر عارەبانەوەیە هەمان حوکمی لەسەر جێبەجێ دەبێت، لە کاتی تەوافەکانیشدا دەتوانێت دوعای (رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ) بخوێنێت وهەر دوعایەکی تریش کە هەڵە و قسەی ناشەرعی تێدا نەبێت دەتوانێت بیکات. دەشتوانێت قورئان بخوێنێت چونکە تەواف وەکو نوێژ وایە بۆیە قورئانی تێدا بخوینرێت باشترە.

5 -لە کاتی سێ شەوتی یەکەمدا کە سوننەتە بۆ پیاوان خێرا ڕێبکەن، سوننەتیشە شانی ڕاستیان دەربکەوێت لەو سێ شەوتەدا، هەندێکیش لە

زانایان دەڵێن لە هەموو شەوتەکاندا (اضطباع) واتە شانی دەربخات باشترە.

6-سەبارەت بە دەستنوێژ بۆ تەواف ئەو مەسەلە لە نێوان زانایاندا هەندێك خیلافی لەسەرە ئایا واجبە یان نا؟ ڕای پەسەند ئەوەیە کە واجب وایە بە دەستنوێژەوە تەواف بکرێت، ئەگەر کەسێکیش لە کاتی تەوافەکەیدا دەستنوێژی نەما دەبێت تەوافەکەی دووبارە بکاتەوە، لەسەر بۆچوونی ئەوانەی کە دەستنوێژ بە واجب دەزانن بۆ تەواف کرد.

7 -هەندێك لە زانایان دەڵێن کەسێك نەخۆش نەبێت و توانای سوڕانەوەی بەدەوری کەعبەدا هەبێت درووست نییە بەسواری بە دەوریدا بسوڕێتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە جێگیر بووە پێغەمبەر ﷺ بە سواری تەوافی کردووە، بەڵام هەندێ وەڵامیان لەسەر ئەو فەرموودە هەیە، لەوانە وتوویانە پێغەمبەر ﷺ لەبەر ئەوە وای کردووە ببینرێت، چونکە ئەو پێشەنگ بووە و خەڵکی حەجی لێوە فێربوونە و خۆی فەرموویەتی: (خذوا عني مناسككم) واتە شێوازی حەجەکانتان لە منەوە وەربگرن.

8 -ئافرەت ئەگەر پێش ئەوەی دەست بە تەواف کردن بکات یان لە کاتی تەوافدا تووشی (حیض) سوڕی مانگانە بوو، ئەسڵ وایە کە واز لە

تەوافەکەی بهێنێت تاکو پاك دەبێتەوە، بەڵام ئەم مەسەلەش لە نێوان زانایاندا خیلافی لەسەرە، هەندێ لە زانا گەورەکانی وەکو ابن تیمیة و ابن القیم و لە هاوچەرخەکانیش ابن باز لەسەر ئەو بۆچوونەن کە ئەگەر ئافرەت توشی ئەو حاڵەتە بوو وترسی بوو لە هاوڕێکانی دوابکەێت یان تووشی ئیحراجی و زیان ببێت، دەتوانێت بە هۆکارەکانی خۆ پاککردنەوە خۆی پاك ڕابگرێت و درووستە تەوافی خۆی بکات و هیچ کەفارەت و فیدیەشی لەسەر نییە،

9 -هەرکێ لە کاتی تەوافکرددا ژمارەی سوڕانەوەکانی لێ تێکچوو نەیزانی چەند جار تەوافی کردووە، زانایان فەرموویانە دەبێت گومان لابدات و یەقین لەو مەسەلەدا بۆ خۆی درووست بکات، بۆ نموونە نازانێت چوار جار یان پێنج جار بەدەوری کەعبەدا سوڕاوەتەوە، بڕیار بدات یەکێك لەو دوو ژمارە تەواوە و بینا لەسەر ئەوە بکات، بەڵام ئەگەر دوای تەواو بوونی تەوافەکەی گومانی بۆ درووست بوو، نابێت ئاوەڕ لەو گومانە بداتەوە و تەوافەکانی درووستن و پێوستت بە دووبارە کردنەوە ناکات، مەگەر لە حاڵەتێکدا کە بەیەقین بزانێت هەڵەی کردووە.

10 -ئەگەر ئەو کەسەی بە ئامرازێکی سواری تەواف دەکات و کەسێك یارمەتی پاڵنان و ئیشەکانی تری بۆ ئەکات، ئەگەر لەکاتی تەوافەکەدا خەوی لێ کەوت تەوافەکەی بەتاڵ دەبێتەوە و دەبێت دووبارەی بکاتەوە، مەگەر

خەوەکەی وەنەوزێکی خێرا بێت و خەوێکی قوڵ نەبێت، لەو حاڵەتەدا هیچی لەسەر نییە،

11 -قسە کردن لە کاتی تەواف کرندا بە مۆبایل بێت یان قسەکردن بێت لەگەڵ کەسێکدا لە تەنیشتی ڕێدەکات درووستە، چونکە ئەگەرچی لە فەرموودەکاندا هاتووە کە تەواف وەکو نوێژ وایە بەڵام لەمەسەلەی قسە کردندا لە نوێژ جیادەبێتەوە کە بەقسەکردن عیبادەتەکە بەتاڵ نابێتەوە.

12 -درووست نییە وەکو تەبەڕوك دەست بە پۆشاکی کەعبە و دیوارەکانیدا بهێنرێت و ئەوە کارێکی بیدعەیە، هەروەها ماچ کردنی ڕوکنی یەمانی و ئاماژە بۆ کردنی لە دوورەوە هەڵەیە وپێویست ناکات،

13 -دەنگ بەرزکردنەوە بە دوعا لە کاتی تەوافدا، یان یەکێك پێش بکەویت و دوعا بخوینێت و کۆمەڵێك بەدوایدا دووبارەی بکەنەوە، یان هەر سوڕانەوەیەك لە حەوت سوڕانەوەکە بەدەوری کەعبەدا دوعایەکی دیاریکراوی بۆ تایبەت بکرێت، یان کەسێك باوەڕی وابێت بەردەڕەشەکە توانای هیچ شتێکی هەیە، هەموو ئەوانە هەڵەن و کاری نادروستن.

14 -لەپاش تەواوکردنی حەوت جار سوڕانەوە بە دەوری کەعبەدا کە لە بەردەڕەشەکەوە دەست پێ دەکات و هەر لەوێیش تەواو دەبێت، کەسی تەوافکار شانی دادەپۆشێت و ئینجا بەرەو لای مەقامی ئیبراهیم علیه السلام دەڕوات و دەڵێت: (وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى) ودوو ڕکات نوێژ دەکات ومەرجیش نییە هەر لەوێدا بێت، بەڵکو لە هەرجێگەیەکی ناو مزگەوتی حەڕام بیکات درووستە، لە ڕکاتی یەکەمدا (قل يا أيها الكافرون) و لە ڕکاتی دووەمدا (قل هو الله أحد) دەخوێنێت، لە پاش تەواو کردنی ئەو دوو ڕکاتە سوننەت وایە بەرەو لای بەردەڕەشەکە بڕوات و بە دەستی ڕاستی دەستی پیابهێنێت، وەکو لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە :(ثم عاد إلى الركن فاستلمه) بەڵام ئەگەر کەسێك ئەو کارە نەکات هیچی ناکەوێتەسەر و عومرە و حەجەکەی درووستە و نوقسانی تێدا نییە.

سەعیکردنی نێوان سەفاومەڕوا
بە پرسیارو وەڵام

سەعیکردنی نێوان سەفا و مەڕوا شەعیرەیەکی هەرە مەزنی حەجە و ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی حەج و عومرە، نەکردنیشی بە هیچ پڕ ناکرێتەوە، نە بەسەربڕینی ئاژەڵ ونەبەهیچی تر، الله عزوجل دەربارەی فەرموویەتی: (إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِۖ فَمَنْ حَجَّ ٱلْبَيْتَ أَوِ ٱعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَاۚ وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ ٱللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ) البقرة:158. لێرەدا وەکو ئەوەی لەم زجیرەدا ویستوومانە کارەکانی حەج وعومرە بە ڕوونی و بەئاسانی بخەینەڕوو، بە شێوەی پرسیار و وەڵام چەند باس و مەسەلەیەکی شەرعی گرنگ دەربارەی ئەم شەعیرە مەزنە باس دەکەین:

یەکەم: سەفا و مروە لە کوێیە؟

لە ڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە (الصـــفـا والمروة) بریتین لە دوو کێوی بچووك، یان دوو تەپۆلکە لە مەککە، لە نزیکی کەعبە لەلای ڕۆژهەڵاتەوە،

کاتی خۆی هاجەری دایکی ئیسماعیل علیه السلام لە نێوانیاندا ڕێی دەکرد و سەردەکەوتە سەریان بەدوای ڕزق و ڕۆزی بۆ کوڕەکەی دەگەڕا.

دووەم : ئایا درووستە بەدەر لە کاتی حەج و عومرە وەکو تطوع ئەو عیبادەتە ئەنجام بدرێت؟

سەعی کردنی نێوان سەفا ومەڕوا تەنها لە کاتەکانی حەج و عومرەدا دەبێت و درووست نییە کەسێك بەبێ حەج و عومرە ئەو عیبادەتە ئەنجام بدات، چونکە ئایەتەکەی سورەتی البقرة سەعیکردنەکەی بەستووەتە ئەو دوو عیبادەتەوە.

سێیەم :مەرجەکانی سەعیکردنی شەرعی و وەرگیراو لە نێوان صفا و مروة چین؟

بۆ ئەوەی سەعیکردنەکەت بە پێی شەرع و بەڵگەکان بێت(سەعی کردن واتە پەلە رێکردن) پێویستە پێنج مەرجی تێدا بێت:

1 -سەعیەکە بەدوای تەوافێکدا بێت.

2 -بریتی بێت لە حەوت جار ڕێکردن لە نێوان سەفاومەڕوادا.

3 -لە سەفاوە دەست پێ بکات و لە مەروە تەواو ببێت.

4 -ڕێکردنەکەی لەو جێگەیە بێت کە بۆ ڕێکردنی نێوان سەفا و مەڕوا دیاری کراوە نەك ئەوەی کە بۆ تەوافکردن دیاری کراوە.

5 -پێویستە لە هەموو ئەو مەودایەی نێوان سەفاو مەروا لە هەموویدا ڕێبکات و مەرجیش نییە سەربکەوێتە سەر هەر دوو بەرزاییەکە.

چوارەم :سوننەت و مستحبات ی سەعیکردن نێوان سەفا و مەڕوا چین؟
سوننەت وایە بۆ ئەو کەسەی کە لە نێوان سەفا و مەروادا ڕێ دەکات:

1 -دەستنوێژی هەبێت(بەبێ دەستنوێژیش سەعیکردنەکەی هەر درووستە).

2 -باشتر وایە کاتێکی زۆر نەکەوێتە نێوان تەواف و سەعیکردنەکە.

-خوێندنەوەی ئایەتی : (إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِۖ فَمَنْ حَجَّ ٱلْبَيْتَ أَوِ ٱعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَاۚ وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ ٱللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ). بۆ یەکەم جار کە بەرەو صفا دەڕوات.

3 -سەرکەوتنە سەر هەردوو بەرزایی الصفا و المروة سوننەتە و واجب نییە.

4 -ڕێکردن بە خێراییەکی زۆر بەگوێرەی توانا لە نێوان هەردوو نیشانە سەوزەکەدا لە نێوان سەفاو مەڕوا ئەگەر قەرەباڵغی ڕێگر نەبوو.

5 -زیکرکردن و دوعاوپاڕانەوە لە نێوان شەوتەکانی ڕێکردندا.

6 -ڕێکردنەکانی لە نێوان سەفا و مەڕوادا بەدوای یەکدا بن واتە ماوەیەکی زۆری نەکەوێتە بەین. بەڵام ئەگەر بۆ ماوەیەك ماندوو بوو پشوو

وەربگرێت، یان بۆ نوێژ قامەت كراو بچێت بۆ نوێژ، ئاسایيە نوێژەكەی بكات و دوايی بگەڕێتەوە سەعیەكەی تەواو بكاتەوە.

7 -ئافرەت بەهیچ شێوەیەك داوای لێ نەكراوە بە خێرایی ڕێبكات لە نێوان سەفاو مەڕوادا بەڵكو بە ڕێكردنێكی ئاسایی ڕێدەكات.

پینجەم :دەستپێكردنی سەعیكردنی نێوان سەفاو مەڕوا چۆن دەبێت؟

لە دوای تەواوكردنی حەوت جار سوڕانەوە بە دەوری كەعبەدا كە لەبەردە ڕەشەكەوە دەست پێ دەكات و هەر لەوێیش تەواو دەبێت، دوو ڕكات نوێژ لە پشت مەقامی إبراهیم یان لە هەر جێگەیەكی ناو حەڕەم دەكات و جارێكی تر ڕوو لە بەردە ڕەشەكە دەكات و ئەگەر توانی دەستی ڕاستی بەسەردا دەهێنێت و نەشیتوانی ڕوو لە جێگای سەعیكردن دەكات و ڕوو لە بەرزایی صفا دەكات و دەڵێت: (إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ) هەروەها دەتوانێت بڵێت: (نبدأ بما بدأ الله به) ئەگەرچی بە پێی ئەو فەرموودەی لە موسلیم و لە النسائي دا هاتووە باسەكە خیلافێك هەڵدەگرێت، بەلام بوترێت باشترە . ئینجا سەردەكەوێتە سەر كێوی سەفا و ڕوو لە كەعبە دەكات و دەست بەرز دەكاتەوە و دوعا دەكات و لە الله دەپاڕێتەوە، ئەوەشی كە جێگیر بووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ لەو جێگەیەدا ئەم دوعایەی دەكرد: (لا إله إلا الله وحده

لا شريك له , له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير . لا إله إلا الله وحده أنجز وعده ، ونصر عبده ، وهزم الأحزاب وحده) رواه مسلم (1218).
دەتوانرێت ئەو زیکرە سێ جار بوترێتەوە و لە نێوانیاندا دوعا بکرێت و دوای سێیەم جار ئیتر دوعا نەکات وبەرەو مەڕوە دابەزێت.

شەشەم :شێوازی ژماردنی شەوتەکاتی سەعیکردنی نێوان صفا و مروة چۆنە؟
ڕۆیشتن لە صفا بەرەو مروة شەوتێکە وگەڕانەوەش لە مروة بۆ صفا شەوتێکی ترە، واتە وەکو (طواف) نییە کە لە (حجر الأسود) ەوە بۆ (حجر الأسود) دەکاتە یەك سوڕانەوە، بەڵکو ئەمەیان بۆ نموونە لە صفا و جارێکی تر بگەیەتەوە صفا دەکاتە دوو شەوت. بەم شێوە بەردەوام دەبێت تاکو حەوت جار ڕێکردن لە نێوان ئەو دوو بەرزاییەدا تەواو دەکات.

حەوتەم :ئەگەر کەسێك بەهەڵە لە مەڕووەوە بۆ سەفا دەست پێ بکات لەو حاڵەتەدا ئەو بەشەی هەڵەیە و حیساب ناکرێت، ئەگەر بەو شێوە حەوت شەوتەکە تەواو بکات وەکو ئەوەیە شەش شەوت لە نێوان الصفا و المروة ڕێی کردبێت و پێویستە جارێکی تر ئەو تەنها شەوتە بگێڕێتەوە.

بەڵام ئەگەر لەمەککە دەرچوو و گەڕایەوە وڵاتی خۆی شـــەوتێك و دوانی لەبەر هەر هۆکارێك نەکردبێت دەکرێت لەســـەر فەتوای ئەو زانایانە ئیش بکات کە دەڵێن گرنگ ئەوەیە زۆرترینی شـەوتەکانی کردبێت و سـەعیەکەی تەواوە إن شاء الله.

هەشـــتەم :چین ئەو هەڵانەی کە پێویســـتە موســـوڵمانان لەو جێگەیەدا خۆیانی لێ بپارێزن؟

بەهۆی نەشارەزایی باش لە زانستە شەرعییەکان و وردنەبوونەوە لەوەی کە ســـوننەتە و لەوەی کە لەشـــەرعدا ئەســـلی نییە، موســـوڵمانان دەکەونە کۆمەڵێك هەڵەی شەرعی لە کاتی ئەنجامدانی شەعیرەی سەعیکردنی نێوان صفا و مروة، لەوانە:

1 -هەڵەیە هەموو جارێك کە سەرکەوتیتە سەر سەفا و مەڕوا دەستت بەرز بکەیتەوە و ئاماژەی پێ بکەیت وەکو چۆن لە تەوافدا ئاماژە بۆ (الحجر الأســـود) دەکەیت، بەڵکو ئەوەی کە ســـوننەتە بۆ دوعا کردن هەردوو دەستت بەرز بکەیتەوەو دوعا بکەیت.

2 -هەڵەیە لە هەموو شـەوتەکانی نێوان سـەفاو مەڕوادا بەخێرایی ڕێبکەیت، بەڵکو تەنها لە نێوان دوو عەلەمە ســـەوزەکدا خیرا و بەتوندی ڕێدەکەیت ئەگەر توانیت و نەبوویتە مایەی عەزیتدان بۆ ئەوانەی دەورووبەرت.

3 -خوێندنەوەی ئایەتی: (إن الصفا والمروة من شعائر الله) هەموو جارێك كە ڕوو بكەیتە صــفـا و مروة هەڵەیە، بەڵكو تەنها یەكەم جار كە ڕوو دەكەیتە صفا دەیخوێنیتەوە.

4 -هەڵەیە كەسێك وابزانێت یەك شەوتی سەعی كردن لە صفا دەست پێ دەكات و لە صفا تەواو دەبێت، چونكە ئەوە دوو شەوتە نەك یەك شەوت بێت.

5 -تایبەت كردنی هەموو شەوتێك لە شەوتەكانی ڕێكردن لە نێوان (الصفا و المروة) بە دوعایەكی تایبەت هەڵەیە و كارێكی بیدعە و داهێنراوە.

6 :تطوع كردن بە تەنها ئەنجامدانی سەعی نێوان سەفا و مەڕوا هەڵەیە، بەڵكو پێویستە سەعیكردن بە دوای تەوافی دەوری كەعبەدا بێت، نەك كارێكی سەربەخۆ بێت.

7 -هەڵەیە وا بزانرێت سەعی بەبێ دەستنوێژ درووست نییە، بەڵكو درووستە و سەعیكردنی نێوان (الصفا و المروة) هیچ گوناە و حەرەجێكی تێدا نییە.

8 - هەڵەیە وا بزانرێت پەلە ڕێكردنی نێوان دوو نیشانە سەوزەكە تایبەتە بە سێ جاری سەرەتای شەوتەكانەوە، بەڵكو پەلە ڕێكردن لە نێوان ئەو دوو نیشانەدا گشتییە بۆ هەموو شەوتەكانی سەعی كردن ئەگەر كەسەكە توانای ئەوەی هەبێت و تەنها بۆ پیاوانیشە نەك بۆ ئافرەتان.

9 -هەڵەیە کاتێك قامەت بۆ نوێژ بکرێت، کەسەکە هەر بەردەوام بێت لە ڕێکردنی نێوان سەفا و مەڕوا، بەڵکو سوننەت وایە سەعیکردنەکەی ڕابگرێت و بڕوات بۆ ئەنجامدان نوێژەکەی و دوای ئەوە بگەرێتەوە بۆ تەواو کردنی سەعیەکەی.

10 -هەڵەیە ئافرەتان سەربکەونە سەر صفا و مروة و بچنە ناو قەرەباڵغی پیاوانەوە وخۆیان تووشی گوناهی بەریەککەوتن لەگەڵ پیاواندا بکەن.

سەرتاشین و قژ کورت کردنەوە

1 -لە پاش ئەنجامدانی حەوت جار تەوافکردن بە دەوری کەعبەدا و بەجێهێنانی دوو ڕکات نوێژ لەناو مزگەوتی حەڕام و دووبارە دەستهێنان بەبەردە ڕەشەکەدا ئەگەر کەسەکە توانی بە ئاسانی پێی بگات، هەروەها بەدوای ئەوەدا حەوت جار سەعی کردن لە نێوان سەفا و مەڕوادا بەو شێوازەی لە باسی رابردوودا ڕوونمان کردەوە، ئینجا ئەوە دەمێنێت ئەو کەسەی لە ئیحرامدایە یان سەری بتاشێت، یان قژی کورت بکاتەوە کە (حلق و تقصیر) ی پێ دەوترێت و هەردووکیان درووستن.

2 -قژ تاشین یان کورت کردنەوەی تایبەتە تەنها بە قژی سەر، تاشینی هیچ موویەکی تر لە جەستەی مرۆڤدا ئەو واجبەی پێ جێبەجێ نابێت، اللہ تعالی لە قورئاندا فەرموویەتی: (مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ) الفتح 27 .هەروەها فەرموویەتی: (وَلَا تَحْلِقُوا رُءُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ) البقرة 196.

3 -بە تاشینی قژی سەر یان کورتکردنەوەی لە دوای تەواو کردنی تەواف و سەعی کردنی نێوان (الصفا و المروة) ئیتر ئەوەی لە شەرعدا (تحلل) پێی دەوترێت کە بریتییە لەو قەدەغەکراوانەی پێشتر باسمان کرد، ئیتر هەمووی جارێکی تر دەبێتە حەڵاڵ و ڕێگەپێدراو.

4 -بڕی ئەو قژەی پێویستە لەسەر لابرێت بۆ ئەوەی واجبەکە جێبەجێ ببێت لە نێوان زانایاندا جێگای خیلافە ، هەندێك لە زانایان پێیان وایە ئەو واجبە بە لابردنی سێ تاڵە موو جێبەجێ دەبێت، هەندێکیش دەڵێن نیوەی یان زۆربەی قژی بتاشرێت یان کورتی بکاتەوە باشترە، ئەوەی کە بەدواداچوونم بۆ کردووە لە قسەی زانایاندا، باشتر وایە ئەگەر کەسەکە قژی کورت کردەوە بەشێوەیەکی گشتگیر بێت و لە هەموو لایەکەوە لێی بگرێت، نەك تەنها لەلایەکی دیاری کراو.

ئینجا ئایەتی: (لَتَدْخُلُنَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ إِن شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُؤُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ) الفتح: ٢٧. ئاماژەی ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە تاشین و کورتکردنەوە گشتگیر بێت و تەنها لەبەشێکی سەردا نەبێت.

5 -خیلاف لە نێوان زانایاندا نییە لەسەر ئەوەی سەرتاشین لە کورتکردنەوەی باشترە، لەبەر ئەوەی جێگیر بووە کە پێغەمبەر ﷺ وەکو

سوننەتی کرداری سەری خۆی تاشیوەو فەرموویەتی لەمنەوە فێری کردارەکانی حەج کردن ببن، هەروەها لە فەموودەی صحیح دا هاتووە کە سێ جار دوعای بۆ ئەوانە کردووە کە سەریان تاشیوە و یەك جار دوعای بۆ ئەوانە کردووە کە قژی سەریان کورت کردووەتەوە.

6 -(حلق) واتە سەرتاشین تایبەتە تەنها بە پیاوانەوە و ئافرەتان ناگرێتەوە، بەڵام کورتکردنەوە بۆ ژنان و بۆ پیاوانە. لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە ئافرەت لەچەند لایەکی سەری بەقەد نوکە پەنجەیەك دەبڕێت وبەوە واجبەکەی لەسەر لادەچێت.

7 -ئەگەر کەسێك کەچەڵ بێت، یان پێشتر سەری بە گوێزان تاشی بێت و هیچ قژی پێوە نەبێت، بەشێك لە زانایان دەفەرموون هەر دەبێت موسی پێدا بهێنێت بۆ ئەوەی واجبەکەی لەسەر لابچێت لەبەر ئەوەی سەرتاشین عیبادەتێکە بە نەبوونی قژ دەگوێزرێتەوە بۆ پێست، هەندێکیش لە زانایان دەڵێن نەخێر پێویست بەوە ناکات، چونکە کاتێك کەسەکە قژی نەبێت ئیتر ئەو واجبەی لەسەر لاچووە و بەکارهێنانی موس بۆ لابردنی قژە، جا کە قژ نەبوو ئیتر پێویست ناکات لە بنچینەوە موس بەکار بهێنرێت.

8 -جومهوری زانایان لەســەر ئەوەن کە ســوننەت وایە لەکاتی تاشــین یان کورتکردنەوەی قژی سـەر لەلای ڕاسـتەوە دەسـت پێ بکات و ئینجا بچێتە سەر لابردنی مووی لای چەپی سەری ، لەبەر ئەوەی دەست پێ کردن بەلای ڕاست لە هەموو کارێکی خێرو چاکەدا سوننەتە و کارێکی باشە.

9 -هەڵەیە کەسێك نیوەی سـەری بتاشـێت و نیوەی بۆ عومرەیەکی تر یان بۆ سەرتاشینی حەج بهێڵێتەوە، بەڵکو وەکو وتمان دەبێت لە هەموو لایەکی سەری بگرێت.

10 -هەڵەیە کەسـێك دوای ئەوەی سـەعیەکەی تەواو کرد بە بیانوی نەبوونی دەلاك، سـەرتاشـینەکەی دوا بخات بۆ دوای گەرانەوە بۆ جێگای مانەوەی لە مەککە و (تحلل) بکات، بەڵکو دەبێت سـەرەتا قژی سـەری بتاشـێت یان کورتی بکاتەوە ودوای ئەوە جلی ئیحرام دابکەنێت، وەکو لە فەرموودەکەی بوخاریدا هاتووە: (فليقصر ثم ليحلل).

11 -هەڵەیە و ئەسڵی نییە لەشەرعدا کەسێك لە کاتی سەرتاشین یان کورت کردنەوەدا ڕوو لە قیبلە بکات و وابزانێت وا باشترە و خێری زۆرترە.

12 -هەڵەیە و کارێکی ناشـەرعییە ئافرەت لە کاتی کورتکردنەوەی قژیدا کەسـانی نامەحرەم قژی ببینن، بەڵکو دەبێت لە جیگایەکدا بێت هیچ کەسێکی نامەحرەم نەیبینێت.

13 -هەڵەیە و کارێکی بێ بنەمای شـــەرعییە کەســـێك وابزانێت ئەوەی لە ئیحرامدا بێت بۆی نییە ســـەری کەســـێکی تر بتاشـــێت کە ئەویش لە ئیحرامدایە، بەڵکو ئەوە کارێکی درووستە و لە ڕووی شەرعەوە هیچ عەیبێکی نییە.

کردارەکانی (یوم الترویة)
بە پرسیار و وەڵام

ڕۆژی تەڕویە ڕۆژی هەشتەمی مانگی زیلحیججەیە و بەشێوەیەکی گشتی موسوڵمانان ئیحرام بۆ حەج ئەنجام دەدەن و ڕوو لە مینا دەکەن، کردارەکانی ئەم ڕۆژە لە ڕۆشنایی قسەی زانایاندا بە شێوەی پرسیار و وەڵام و بە پوختی وبەبێ شیکردنەوەی بەڵگەکان دەخەینەڕوو:

1 -مینا دەکەوێتە کوێی شاری مەککەوە؟

(منى) ناوچەیەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی مەککە و کەوتووەتە سەر ڕێگای نێوان مەککە و عەرەفە و حەوت کیلۆمەتر لە مەککەوە دوورە، دۆڵێکە کەتووەتە نێوان چەند شاخێك لە لای باکور و باشوری مینا.

2 -بۆچی ڕۆژی هەشتی مانگی ذي الحجة بە (یوم التروية) ناونراوە؟

لەبەر ئەوەی کاتی خۆی حاجیان لەو ڕۆژەوە لە مەککە ئاویان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرت و ڕوویان دەکردە مینا وەکو خۆ ئامادە کردن بۆ ڕاوەستانی ڕۆژی عەرەفە بۆ ئەوەی بۆ خواردن و پێویستییەکانی تریان بەکاری بهێنن.

3 -دەستپێکردنی کردارەکانی ڕۆژی تەڕویە چۆنە؟

لە ڕۆژی (التروية)دا ئەو کەسەی کە نیەتی حەجی هەیە و پێشتر عومرەی کردووە و پۆشاکی عومرەی لابردووە و (تحلل)ی کردووە، جارێکی تر لەم ڕۆژەدا خۆی پاك و خاوێن دەکاتەوەو غوسڵ دەکات و خۆی بۆنخۆش دەکات جلی ئیحرام دەپۆشێت کە بریتییە لە دوو پارچە بۆ بەشی خوارەوە کە پێی دەوترێت (إزار) و بۆ بەشی سەرەوەی جەستە کە پێی دەوترێت (رداء)، باشتریش وایە پێش نیوەڕۆ بەڕێبکەوێت چونکە پێغەمبەر ﷺ نوێژی نیوەڕۆی لەوێ کرد. ئەشتوانێت دوای نیوەڕۆ بەڕێبکەوێت.

4 -ئایا ڕۆیشتن بۆ (منى) لە ڕۆژی هەشتەمی ذي الحجةدا واجبە؟

ڕۆیشتن بۆ مینا لە ڕۆژی هەشتی مانگی ذي الحجةدا کە دەکاتە دوو ڕۆژ پێش جەژنی قوربان سوننەتە و واجب نییە، واتە ئەگەر کەسێك نەیتوانی لە مینادا بمێنیتەوە بە وتەی هەموو زانایان هیچ کەفارەتێکی ناکەوێتەسەر وحەجەکەی درووستە و تەواوە، بەڵام ئەگەر بۆی بکرێت و لەو ڕۆژەدا بڕواتە مینا و شەوەکەی لەوێ بمێنێتەوە تاکو دوای نوێژی بەیانی ئەوەیان باشترە.

5 -جیاوازی نێوان ئەو کەســـەی حەجی (تمتع) دەکات لەگەڵ ئەوانەی حەجی(إفراد) و(قران) دەکەن چییە لەم ڕۆژەدا؟

ئەو کەســـەی نیەتی حەجی (تمتع)ی هێناوە واتە ســـەرەتا عومرە دەکات و تاکو ڕۆژی تەرویە (تحلل) دەکات، لە ڕۆژی هەشـــتەمی مانگی ذي الحجةدا ئیحرام دەکات و ڕوو لە مینا دەکات یان ڕاســـتەوخۆ دەڕوات بۆ عەرەفات ، بەڵام ئەوانەی کە بە ئیفرادو قیران نیەتی حەجیـان هێنـاوە هەر لەســـەر ئیحرامی خۆیان دەمێننەوە ولە هەنگاوەکانی حەجدا بەردەوام دەبن.

6 -تەلبیە کردن لە کەی دەست پێ دەکات و کەی تەواو دەبێت؟

لەم ڕۆژەوە دەســـــت بەتەلبیە کردن دەکرێت واتە وتنی (لبيك الله اللهم لبيك) بەدەنگێکی بەرز وبەگوێرەی توانا بەردەوام دەبێت تاکو ڕۆژی جەژن.

7 -ئایا نوێژەکان لە ڕۆژی (التروية)دا لە مینا جەمع دەکرێت؟

نوێژەکان لە مینا لەم ڕۆژەدا جەمع ناکرێن، بەڵام نوێژە چوارییەکان بۆ دوو ڕکات کورت دەکرێتەوە، ســـوننەت وایە لە مینا نوێژەکانی نیوەڕۆ و عەسر و مەغریب و عیشـــا و بەیانی بکرێت پێش ئەوەی بەرەوە عەرەفات بەڕێ بکەون.

8 -له فەرموودەکەی جابیردا لە سەحیحی موسلیم کە لە جێگەیەکی تردا بە شیکراوەیی شەرحمان کردووە، ئەوە هاتووە کە سوننەت وایە دوای نوێژی بەیانی لە رۆژی نۆی ذي الحجة بمێننەوە تاکو کاتی خۆرهەڵاتن و ئینجا بەرەو عەرەفات بکەونەڕێ.

9 -ئایا پێویست دەکات لە ڕۆژی هەشتی ذي الحجة (يوم التروية) ئیحرام لە مزگەوتی حەڕامەوە بکرێت؟

نەخێر ئەوە یەکێکە لەو هەڵانە کە زۆر کەس تێی دەکەون وا دەزانن ئیحرامی حەج دەبێت لە مزگەوتی حەرامەوە بکرێت، لە ڕاستیشدا سوننەت وایە و بەڵگەی ڕاست و درووستی لەسەرە هەرکەسێك ئیحرام لە جێگەی خۆیەوە بکات، ئەگەر لە ئوتێلە لە ئوتێلەکەی خۆیەوە ئیحرام بکات، یان لە هەر جێگەیەکی ترە لەو جیگەیەوە ئیحرام دەکات.

10 -ئایا حەجی ئەو کەسە درووستە کە لە ڕۆژی هەشتی ذي الحجة (يوم التروية) نەچێت بۆ مینا بەڵکو لە جێگەی خۆی بمێنێتەوە تاکو ڕۆژی نۆی ذي الحجة واتە لە ڕۆژی عەرەفە لە مەککەوە ئیحرام بکات بەرەو عەرەفە بەرێبکەوێت؟

زانایان دەفەرموون: بەڵێ حەجەکەی درووستە و هیچ کەفارەتێکی لەسەر ئەوە ناکەوێتەسەر ، بەڵام ئەگەر بتوانێت ئەوە چاکتر و خێری زۆرترە کە لە رۆژی هەشتی ذي الحجة نوێژەکانی نیوەڕۆ و عەسر و مەغریب و عیشا و فەجر هەمووی لە مینا بکات و دوای خۆر هەڵاتن لەوێوە بەرەو عەرەفات بەڕێبکەوێت، بەڵام ئەگەر وای نەکرد وڕاستەوخۆ لە مەککەوە بەرەو عەرەفات بەڕێکەوت حەجەکەی درووستە و هیچ عەیبێکی نییە.

11-ئایا درووستە بە هەمان جلی ئیحرامی عومرەکەتەوە ئیحرامی حەج بکەیت؟

هەڵەیەك هەیە لەلای هەندێك لە موسوڵمانان کە وا دەزانن نابێت بەهەمان جلی ئیحرامی عومرەکەوە ئیحرامی حەج بکرێت ئەوەش هەڵەیە، تەنانەت ئەگەر پۆشاکی ئیحرامەکە نەشواتیش هەر درووستە جارێکی تر بیپۆشێتەوە ، بەڵام بێگومان تاکو خاوێنتر بێت باشترە.

12 -ئایا لە کاتی ئیحرام بەستن بۆ حەج پێویستە شانی ڕاست دەربخریت و (اضطباع) بکرێت؟

نەخێر ئەوە یەکێکە لەو هەڵانەی هەندێك لە موسوڵمانان ئەنجامی ئەدەن، چونکە (اضطباع) واتە دەرخستنی شانی ڕاست لە پۆشاکی ئیحرامەکەوە ئەوە تایبەتە بە تەوافی هاتنی یەکەم جار بۆ مەککە کە (طواف القدوم)ی پێ دەوترێت.

13 -ئـایـا ئـافرەت داوای لێکراوە بۆ ئیحرامی حەج ڕەنگێکی دیـاری کراو بپۆشێت بۆ ئیحرام؟

نەخێر ئەوە هەڵەیە وابزانرێـت ئـافرەت پێویســـتە ڕەنگێکی دیـاری کراو بۆ ئیحرامی حەج کردن بپۆشێت، بۆ نموونە ڕەنگی سپی یان سەوز بێت، بەڵکو بە جلی ئاســـایی خۆیەوە ئیحرام دەکات و لە ڕووی شـــەرعەوە داوای لێ نەکراوە هیچ جلێکی تایبەت بۆ ئیحرام بپۆشێت.

ڕاوەستان لە ڕۆژی عەرەفەدا
بە پرسیار و وەڵام

ڕاوەستان لە عەرەفاتدا ڕوکن و کۆڵەکەی هەرە گەورەی حەجە کە بەبێ بەجێهێنانی ئەو ڕوکنە حەجی هیچ کەسێك وەرگیراو نابێت و بەهیچ کەفارەت و سەربڕینی ئاژەڵیش پڕ نابێتەوە، لێرەدا بە شێوەی پرسیار وەڵام گرنگترین ئەو مەسەلانەی تایبەتن بەو ڕۆژەوە دەخەینە ڕوو:

یەکەم :عەرەفە لە ڕووی جوگرافییەوە کەوتووەتە کوێ؟

عەرەفە ناوچەیەکە لە دەرەوەی حەرەمی مەککەیە ، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی مەککە لەسەر ئەو ڕێگەی دەچێت بۆ طائف، چواردەوری لە وێنەی کەوانەیەکدا بە زنجیرە چیایەك دەوردراوە، ڕووبەرکەی دەوری دە کیلۆمەتر دووجایە و بیست و دوو کیلۆمەتر لە مەککەوە دوورە و دە کیلۆمەتر لە میناوە دوورە و شەش کیلۆمەتریش دەکەوێتە نێوان عەرەفە و موزدەلیفە.

دووەم :مەبەست لە ڕاوەستان لە ڕۆژی عەرەفەدا چییە؟

ڕۆژی عەرەفە ڕۆژی نۆیەمی مانگی (ذي الحجة)یە، عەرەفە یان عەرەفات ئەو شوێنەیە کە حاجیان گەوەترین ڕوکنی تێدا بە ئەنجام دەگەیەنن، کە ئەویش ڕاوەستانە تێیدا، مەبەست لەو ڕاوەستانەش ئامادە بوونی ئەو کەسەیە کە نیەتی حەجی هەیە بۆ خاکی عەرەفە ئەگەر بۆ ساتێکی کەمیش بووە، لە نیوەڕۆی ڕۆژی نۆی مانگی ذي الحجة تاکو بەرەبەیانی ڕۆژی دەی ذی الحجة کە دەکاتە ڕۆژی جەژنی قوربان.

سێیەم: حوکمی ڕاوەستانی ڕۆژی عەرەفە لە شەرعدا چییە؟

ئوممەتی ئیسلام کۆکن لەسەر ئەوەی ڕاوەستان لە ڕۆژی عەرەفە ڕوکنی هەرە مەزنی حەج کردنە، کە بەبێ بەجێهێنانی ئەو ڕوکنە حەج درووست نییە، هەرکێ فریای ڕاوەستانی ڕۆژی عەرەفە نەکەوت کەواتە حەجی نەکردووە و دەبێت ساڵێکی تر حەج بکاتەوە، لە فەرمودەی صحیح دا هاتووە کە خەڵکانێك لە ئەهلی نەجد هاتنە لای پێغەمبەر ﷺ و پرسییان حەج چۆنە، ئەویش فەرمووی حەج واتە عەرەفە، هەرکێ تاکو پێش کاتی نوێژی بەیانی فریای عەرەفە بکەوێت ئەوە حەجی کردووە.

چوارەم: مەرجەکانی ڕاوەستان لە ڕۆژی عەرەفاتدا چییە؟

بۆ ئەوەی ڕاوەستانی ڕۆژی عەرەفە ڕاست و تەواو بێت پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

1 - کەسەکە موسوڵمان بێت.

2 - لە ئیحرامدا بێت.

3 - عاقڵ بێت چونکە کەسی عەقڵ ناتەواو حەجی درووست نییە. بەڵام ئەگەر کەسەکە خەوتبێت ڕاوەستانەکەی شەرعەییە و حەجەکەی تەواوە.

4 - ئامادە بوونی کەسەکە لە سنووری عەرەفەدا بێت.

5 - ئامادەبوونەکە لە کاتی شەرعی دیاریکراودا بێت.

مەرجیش نییە کەسەکە بە دەستنوێژەوە لە عەرفە بوەستێت، بەڵام دەستنوێژی هەبێت باشترە.

پێنجەم: کاتی شەرعی ڕاوەستان لە عەرەفە کەی دەست پێ دەکات و کەی تەواو دەبێت؟

لەو کاتەی لەشەرعدا پێی دەوترێت (زوال) کە دەکاتە کاتی نوێژی نیوەڕۆ تاکو کاتی نوێژی بەیانی ڕۆژی دواتر کە (یوم النحر)ی پێ دەوترێت هەمووی کاتی شەرعییە بۆ ڕاوەستان لەعەرەفەدا.

سوننەتیش وایە بۆ حاجیان لە دوای خۆرئاوابوون بەرەو موزدەلیفە بەڕێبکەون، ئەو کەسەش پێش خۆرئاوابوون لە عەرەفە دەربچێت حەجەکەی درووستە، بەڵام سەربڕینی حەیوانێکی دەکەوێتەسەر.

شەشەم: حاجی دەبێت لەچ جێگەیەکی عەرەفاتدا بوەستێت؟

هەموو جێگەیەك لە عەرەفاتدا جێگایەکی شەرعییە و درووستە حاجی تێیدا بوەستێت، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (وقفت هاهنا وعرفة كلها موقف) رواه مسلم. جگە لە ئەو جێگە نەبێت کە بە (بطن وادي عرنة) دەناسرێت، چونکە ئەوە بەشێك نییە لە عەرەفە.

حەوتەم :ئەوکردارانە چییە کە دەبێت حاجیان لە ڕۆژی عەرەفەدا ئەنجامی بدەن؟

بۆ ئەوکەسەی کە الله بۆی ئاسان کردووە لە ڕۆژی عەرەفەدا ئامادەبێت، سوننەتە کۆمەڵە کردارێك ئەنجام بدات ، لەوانە:

1 - خۆشتن و خۆ خاوێن کردنەوە، چونکە جێگیر بووە کە هاوەڵان لەو ڕۆژەدا غوسڵیان کردووە.

2 - دابەزین و لادان لە مزگەوتی (نمرة) جێگای خیلافە لە نێوان زاناياندا ئایا سوننەتە یان پێغەمبەر ﷺ تەنها بۆ پشوودان لای داوە، بۆیە ئەگەر

حاجیان لەوێ لابدەن پێش ئەوەی بچنە عەرەفات باشـە، ئەگەریش لەوێ دانەبەزن هیچ کێشەیەکی شەرعی تێدا نییە.

3 - ئامادەبوون لە خوتبەی ڕۆژی عەرەفەدا کە پێش ئەنجامدانی نوێژی نیوەڕۆ و عصر دەکرێت بە (جمع تقدیم).

4 - جەمع کردنی نوێژی نیوەڕۆ و عصر بەیەك بانگ و دوو قامەت، وەکو لە فەرموودەکەی جابری کوڕی عبداللّٰه هاتووە لە سەحیحی موسلیمدا.

جیاوازیشی نییە ئەو جەمع کردنە لەگەڵ پێشنوێژدا بێت بە جەماعەت یان کەسـەکە بەتەنها خۆی نوێژ بکات چونکە جێگیر بووە لە ابن عمر اللّٰه لێی ڕازی بێت کە فریا جەماعەت نەکەوتایە لە جێگاکەی خۆی نوێژی نیوەڕۆ و عەسری جەمع دەکرد،

5 - مستحب وایە ئەگەر حاجی بتوانێت لەلای تاوێرەکانی خوار کێوی الرحمة بوەستێت، ئەگەرنا لەهەر جێگەیەکی عەرەفاتدا وەکو باسمان کرد درووستە بوەستێت.

6 - پێویستە حاجیان بەهەموو شێوەیەك لەو ڕۆژەدا خۆیان لە ئازاردانی موسوڵمانان بپارێزن و بەهۆی چوونە سەرکێوی الرحمة بۆ نموونە نەبنە مایەی عەزیت بۆ خەڵکی تر.

7 - حاجی تاکو بتوانێت کاتەکانی خۆی بە دوعاو پاڕانەوەو زیکر وتەلبیە کردن بەسەر ببات، لە فەرموودەدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی چاکترین

دوعا دوعای ڕۆژی عەرەفەیە و چاکترین قسەیەك من و پێغەمبەرانی پێش خۆم وتبێتمان بریتییە لە: (لا إله إلا الله وحده لا شريك له له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير).

8 - بە جێهێشتنی عەرەفە بەرەو موزدەلیفە لە دوای خۆرئاوابوون بە هێمنی و بە لەسەرخۆیی بێ ئەوەی عەزێتی کەس بدات.

9 - تەلبیە کردن واتە وتنی (لبیك اللهم لبیك...) لەکاتی ڕۆیشتن لە عەرەفە بەرەو موزدەلیفە، الله عزوجل فەرموویەتی: ﴿فَإِذَآ أَفَضۡتُم مِّنۡ عَرَفَٰتٖ فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ عِندَ ٱلۡمَشۡعَرِ ٱلۡحَرَامِۖ﴾ البقرة:198. هەروەها لە فەرموودەی بوخاری موسلیمدا جێگیر بووە کە پێغەمبەر ﷺ تاکو کاتی ڕەجم کردنی (جمرة العقبة الكبرى) بەردوام بووە لە تەلبیە کردن.

هەشتەم :حوکمی ڕۆژوو گرتنی حاجیان لە ڕۆژی عەرەفەدا چییە؟

باشتر وایە حاجیان لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو نەبن وخواردن و خواردنەوە لەخۆیان نەگرنەوە بۆ ئەوەی تواناو تاقەتی کردارەکانی حەجیان لەو ڕۆژە مەزنەدا بەباشی هەبێت وبتوانن عیبادەت ئەنجام بدەن، لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە خەڵکانێك لە ڕۆژی عەرەفەدا بوو بە مشتومڕیان ئایا پێغەمبەر ﷺ لەو ڕۆژەدا بەڕۆژووە بووە یان نا، ئیتر قاپێك شیریان بۆ برد بەسەر وشترەکەیەوە بوو وەریگرت و خواردییەوە وەکو نیشانەیەك لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ بەڕۆژوو نەبووە..

هەندێک لەو هەڵانەی کە حاجیان لە ڕۆژی عەرەفەدا ئەنجامی ئەدەن

1 -یەکێك لەو هەڵانەی کە حاجیان دەیکەن ئەوەیە لە کاتی بەرێکەوتن لە مینا بۆ عەرەفە یان لە کاتەکانی تر وەکو پێویست تەلبیە ناکەن، واتە بەدەنگی بەرز و بەزۆری ناڵێن: (لبيك اللهم لبيك لبيك لا شريك لك لبيك إن الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك). لە فەرموودەی صحيح دا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ تاکو ڕەجم کردنی (جمرة العقبة الكبرى) لە ڕۆژی جەژندا بەردەوام بووە لە تەلبیە کردن.

2 -یەکێکی تر لە هەڵە گەورەکانی ئەوانەی دەچن بۆ حەج لەو ڕۆژەدا ئەوەیە لە دەرەوەی سنووری عەرەفە ڕادەوستن تاکو خۆر ئاوا دەبێت و ئینجا بەرەو موزدەلیفە بەرێدەکەون، جا لەبەر ئەوەی ڕاوەستان لە عەرەفە ڕوکنی هەرە مەزنی حەجە وبەبێ ئەوە حەج درووست نییە، وەکو لە فەرموودەی صحيح دا هاتووە: " الحج عرفة " رواه الترمذي (889). بۆیە هەرکێ داخلی سنووری عەرەفە نەبێت و بگەڕێتەوە بۆ موزدەلیفە دوای خۆ ئاوابوون ئەو کەسە حەجی نەکردووە.

له ڕاستیدا سنوورەکانیش له عەرەفات دیار و ڕوونن و نیشانەیان لەسەر دانراوە، مەگەر کەسێك هەر زۆر کەمتەرخەم بێت ئەگینا هەموو کەس بەئاسانی لێیان تێدەگات.

3 -زۆر له حاجیان لەو ڕۆژەدا له کاتی دوعا کردندا ڕوو له کێوی (الرحمة) دەکەن و ڕاستیش ئەوەیە که ڕوو له قیبلە بکەن، پێغەمبەر ﷺ کێوەکەی خستووەتە نێوان خۆی و قیببلەوە، واتە له کاتی دوعاکردندا ڕووی له قیبلە بووە نەك له جێگەیەکی تر.

4 -هەندێك له حاجیان خۆیان تووشی مەشەقەت و ناخۆشی زۆر ئەکەن بە هۆی ئەوەی دەیانەوێت لەو جێگەیەدا بوەستن که پێغەمبەر ﷺ لێی ڕاوەستا، زۆر جار تووشی تینوێتی و ماندوو بوونی زۆر دەبن و هەندێکیان ڕێگەشیان لێ ون دەبێت، له ڕاستیشدا هەموو سنووری عەرەفە که دەوری دە کیلۆمەتر دووجایە جێگایەکی شەرعیە بۆ ڕاوەستان، وەکو پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (وقفت هاهنا وعرفة كلها موقف) بۆیە وەکو زانایان فەرموویانە مەرج نیە کەسەکە سەرکەوێتەسەر کێوەیەکە یان لەلایدا بوەستێت.

5 -دارودرەختی عەرەفە هەمان حوکمی دارودرەختی ناو حەرەمی مەککەی نییە، هەڵەیە یەك حیسابیان بۆ بکرێت، بۆیە ئەگەر کەسێك بە چڵە دارێك یان بڕینی ڕوەکێك بوو ئاساییە بیبرێت بەمەرجێك ماڵی تایبەتی خەڵکی نەبێت،

6 -ئەو کێوەی کە پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی عەرەفەدا لەسەری ڕاوەستا هیچ تایبەتمەندییەکی نییە تاکو خەڵکی هەڵەپەی بۆ بکەن و بیانەویت بەهەر ریگەیەك بوە پێی بگەن، یان هەندێ کەس لەوانەیە وابزانێت پیرۆزییەکی تایبەتی هەیە وداروبەردەکەی یان سەرکەوتنەکەی بە پێویست و پیرۆز بزانێت هەموو ئەوەش هەڵەیە و بیدعەیە.

7 -مەرج نیە لەو ڕۆژەدا هەموو کەسێك نوێژی نیوەڕۆ و عەسر لە گەڵ پێشنوێژ و لە مزگەوتدا ئەنجام بدات، چونکە ئەو کارە لەو ڕۆژەدا ئەستەمە، بۆیە ئاساییە لە جێگەکانی خۆیان نوێژ بکەن و هەندێ جار ئەوەیان باشترە، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (جُعلت لي الأرض مسجدا وطهورا) واتە هەموو سەرزەویم بۆکراوەتە جێگایەکی خاوێن بۆ نوێژ کردن.

8 -هەندێ لە حاجیان لە ڕۆژی عەرەفەدا پێش خۆرئاوابوون دەکەونەڕێ بەرەو موزدەلیفە ئەوەش هەڵە و پێچەوانەی سوننەتە وەکو لە فەرموودەکەی جابیری کوری عبداللە جێگیر بووە. بۆیە سوننەت وایە تاکو خۆرئاوا نەبێت و کەمێکی بەسەردا بڕوات کەس عەرەفات بەجێ نەهێڵێت.

9 -هەڵەیەکی گەورەیە لەو ڕۆژە پیرۆزەدا حاجی کاتی خۆی بەقسەی بەتاڵ و دەمەتەقەی بێ سوود یان بە باسکردنی خەڵکی بەسەر ببات، بەڵکو دەبێت بە ئەوپەڕی مەزنی تەماشای ئەو ڕۆژە بکات و وەکو هەلێکی بێ وێنە تەماشای بکات و پڕی بکات لە عیبادەت و دوعا و پاڕانەوە و یادی اللہ عزوجل. بەڵام قسەکردنی ئاسایی و باسی خێر و چاکە هیچ حەرەج و گوناهایێکی تێدا نییە بیکات.

10 -ڕۆژوو گرتن لە ڕۆژی عەرەفە بۆ حاجیان کارێکی باش و مستحب نییە، بەڵکو سوننەت وایە تێیدا بەڕۆژوو نەبێت بۆ ئەوەی توانای عیبادەت و زیکردنی بۆ اللہ بەهێزتر بێت.

11 -سوننەت وایە نوێژی نیوەڕۆ و عەسر بە قصر و بە جمع ئەنجام بدرێت، چونکە لە فەرموودەکەی جابیردا اللہ لێی ڕازی بێت جێگیر بووە کە پێغەمبەر ﷺ هەردوو نوێژی نیوەڕۆ و عەسری بە جەمعی تەقدیم ئەنجام داوە.

12-سوننەت وا نییە نوێژی مەغریب و عیشا لە عەرەفە بکرێت، بەڵکو سوننەت وایە کاتی گەیشتن بە موزدەلیفە بکرێت یان لەڕیگەی ڕۆیشتن بەرەو ئەوێ ئەگەر لە حاڵەتێکدا ترسی ئەوە هەبوو کاتی تەواو بێت.

13 -لە ڕۆژی عەرەفە و لە هەموو مەشـــاعیرەکانی تری حەجدا، هەڵەیە کەســـێك لە کاتی عیبادەتدا وێنەی خۆی بگرێت، بۆ نموونە لە کاتی طواف کردندا یان لە کاتی دوعا و دەســت بەرزکردنەوەو نوێژو هەر عیبادەتێکی تردا و دوایی بە خەڵکی نیشان بدا، ئەوە زۆر مەترسی ڕوپامایی وڕیایی لێ دەکرێت.

کارەکانی ڕۆژی موزدەلیفە
بە پرسیارو وەڵام

لە دوای ئەوەی حاجیان ڕۆژی عەرەفەیان تاکو دوای خۆرئاوابوون لە عەرەفە بەسەر برد، ئیتر سوننەت وایە بەرەو موزدەلیفە بەڕێ بکەون کە ناوچەیەکە دەوری شەش کیلۆمەتر لە عەرەفەوە دوورە، کردارەکانی ئەو شەوەی مانەوەتان لە موزدەلیفە بە پرسیارو وەڵام و بە کورتی بۆ دەخەینە ڕوو:

1 -ئایا مانەوە لە موزدەلیفە واجبە؟

مانەوەی شەو لە موزدەلیفە لە ڕای پەسەندی زانایاندا واجبە و درووست نییە کەسەکە پێش نیوەی شەو بەرەو مینا بەرێ بکەوێت، بەڵگەی واجب بوونیش ئەم ئایەتەیە: (لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ فَإِذَا أَفَضْتُمْ مِنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُوا اللَّهَ عِنْدَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ وَاذْكُرُوهُ كَمَا هَدَاكُمْ وَإِنْ كُنْتُمْ مِنْ قَبْلِهِ لَمِنْ الضَّالِّينَ) البقرة/198.

هەر کەسێکیش پێش نیوە شەو لە موزدەلیفەوە بەرەو مینا بڕوات ئەوە سەربڕینی حەیوانێکی دەکەوێتە سەر کە بەسەر هەژارانی حەرەمدا دابەش بکرێت، چۆنێتی زانینی نیوە شەو بەوە دەبێت ماوەی نێوان خۆرئاوا وبانگی بەیانی چەند سعات بێت دابەشی دوو بکرێت و نیوەی دەکاتە نیوەشەو.

2-نوێژی مەغریب و عیشا لە موزدەلیفەدا چۆن بکرێت؟

کاتێك حاجیان دەگەنە موزدەلیفە سوننەت وایە پەلە بکەن لە ئەنجامدانی نوێژی مەغریب و عیشا مەغریب سێ ڕكات و عیشا دوو ڕكات، بەیەك باگ و بە دوو قامەت.

نە لە نێوان ئەو دوو نوێژە و نە بە دوایاندا سوننەت وا نییە نوێژی نافیلە بکرێت، ابن قدامة بەڕەحمەت بێت لە کتێبی (المغني) دا لەو بارەوە دەڵێت: (والسُّنَّة أَنْ لا تَطَوُّعَ بينهما، قال ابنُ المنذر: لا أعلمهم يختلفون في ذلك) واتە سوننەت نەکردن لە نێوان نوێژەکانی مەغریب و عیشا لە نێوان زانایاندا خیلافی لەسەر نییە.

3 -سوننەت وایە حاجی کەی لە موزدەلیفە بەرەو مینا بەرێبکەوێت؟

پاش ئەوەی حاجی سوننەتی مانەوەی شەو لە موزدەلیفە بەجێ دەگەیەنێت و پاش بانگی بەیانی سوننەت وایە لەسەرەتای کاتەکەوە پەلە بکات لە

ئەنجامدانی نوێژی بەیانی بەیەك بانگ و یەك قامەت كردن، بەڵگەی ئەوەش فەرمودە مەشهورەكەی جابیرە الله لێی ڕازی بێت: (حَتَّى أَتَى الْمُزْدَلِفَةَ فَصَلَّى بِهَا الْمَغْرِبَ وَالْعِشَاءَ بِأَذَانٍ وَاحِدٍ وَإِقَامَتَيْنِ، وَلَمْ يُسَبِّحْ بَيْنَهُمَا شَيْئًا، ثُمَّ اضْطَجَعَ رَسُولُ اللهِ ﷺحَتَّى طَلَعَ الفَجْرُ، وَصَلَّى الفَجْرَ حِينَ تَبَيَّنَ لَهُ الصُّبْحُ بِأَذَانٍ وَإِقَامَةٍ).

4 -لە دوای نوێژی بەیانی لە موزدەلیفە چ سوننەتێك هەیە بكرێت؟

لە دوای نوێژی بەیانی سوننەت جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە ماوەیەكی كەم لە هەركوێی موزدەلیفەدا ڕاوەستێت جگە لە (بطنِ مُحَسِّرٍ) نەبێت چونكە ئەمە بەشێك نییە لە موزدەلیفە، (مستحب) یش وایە سەردانێكی مزگەوتی (المشعر الحرام) بكات ئەگەر توانی، چونكە مەرج نییە، سوننەت وایە حاجی هەردوو دەستی بەرز بكاتەوە و دوعا بكات و تەلبیە بكات و یادی الله تعالی بكات تاكو دنیا ڕوناك دەبێتەوە، ئینجا پێش خۆر هەڵاتن بە سەكینەت و بە هێمنی بەرەو مینا بەڕێبكەوێت، الله تعالی فەرمویەتی: (فَإِذَآ أَفَضۡتُم مِّنۡ عَرَفَٰتٖ فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ عِندَ ٱلۡمَشۡعَرِ ٱلۡحَرَامِۖ وَٱذۡكُرُوهُ كَمَا هَدَىٰكُمۡ وَإِن كُنتُم مِّن قَبۡلِهِۦ لَمِنَ ٱلضَّآلِّينَ﴾ البقرة: ١٩٨. ڕاوەستانەكەی دوای نوێژی بەیانی لە هەركوێی موزدەلیفەدا بێت درووستە، پیغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (وَقَفْتُ هَاهُنَا، وَجَمْعٌ كُلُّهَا مَوْقِفٌ) واتە من لێرەدا وەستام بەڵام موزدەلیفە هەمووی جێگایە بۆ ڕاوەستان.

5 -ئایا پیر و نەخۆشەکان بۆیان هەیە پێش نوێژی بەیانی بەرەو مینا بڕۆن؟

نەخۆش و پیرو پەککەوتەو مناڵان ڕێگەیان پێدراوە لە دوای نیوە شەو بەرەو مینا بکەونە ڕێ بۆ ڕەجم کردنی (جمرة العقبة) لە فەرموودەکەی بوخاری وموسلیمدا هاتووە ابن عباس الله لێی ڕازی بیت فەرموویەتی من یەکێك بووم لەوانەی پێغەمبەر ﷺ مۆڵەتیدام لە گەڵ نەخۆش و لاوازەکاندا بڕۆم: (أَنَا مِمَّنْ قَدَّمَ النَّبِيُّ ﷺلَيْلَةَ المُزْدَلِفَةِ فِي ضَعَفَةِ أَهْلِهِ). متفق عليه.

6 -ئایا ڕاستە لەلای (بطن محسر) خێرا ڕێبکەیت باشترە؟

لە کاتی ڕۆیشتن بەرەو مینا (مستحب) وایە کاتێك کەسەکە گەیشتە (بطن محسر) پەلە بکات و کەمێك خێراتر ڕێبکات، یان ئەگەر بەسواری دەڕۆیشت بەهەمان شێوە لەو جێگەیەدا کەمێك خێراتر بڕوات.

7 -ئایا مەرجە بە دیاری کراوی مانەوەی حاجیان لە سنووری موزدەلیفەدا بێت؟

بەڵێ مەرجە و هەڵەیە کەسێك لەو مەسەلەدا کەمتەرخەم بێت و لەدەرەوەی سنووری موزدەلیفە بمێنیتەوە.

8 -ئایا درووستە نوێژی مەغریب و عیشا بۆ دوای نیوەشەو لە موزدەلیفە دوابخرێت؟

نەخێر درووست نییە و دەبێت حاجیان نەهێڵن نوێژەکەیان بۆ ئەو کاتە دوا بکەوێت بەڵکو دەبێت پێش نیوە شەو لە هەر جێگەیەکدا بۆیان ئاسان بوو ئەنجامی بدەن.

9 -ئایا درووستە لەبەر پەلە کردن بۆ گەیشتن بە مینا، نوێژی بەیانی زووتر و پێش کاتی خۆی لە موزدەلیفە بکرێت؟

نەخێر ئەوە یەکێکە لە هەڵە گەورەکانی هەندێ لە حاجیان کە نوێژ پێش کاتی خۆی دەکەن، چونکە داخل بوونی کاتی شەرعی مەرجە بۆ درووست بوونی نوێژو بەبێ ئەوە درووست نییە نوێژ بکرێت.

10 -ئایا سوننەت وایە بەردەکان لە موزدەلیفە هەڵبگیرێت و کۆ بکرێتەوە؟

نەخێر ئەوە سوننەت نییە، بەڵکو حاجیان دەتوانن لە هەر جێگەیەك بەرد کۆبکەنەوەو لەگەڵ خۆیان بۆ مینا بیبەن.

11 -ئایا درووستە تاکو دوای خۆر هەڵاتن حاجی لە موزدەلیفە بمێنێتەوە و دوای ئەوە بەرەو مینا بکەویتەڕێ؟

نەخێر ئەوە پێچەوانەی سوننەتە و کاتی خۆی لەسەردەمانی کۆن بتپەرستەکان وایان دەکرد، بۆیە سوننەت ئەوەیە پێش ئەوەی خۆر هەڵبێت بەرەو مینا بەڕێبکەویت.

12 -ئایا درووستە هەموو شەوی مانەوە لە موزدەلیفە بە عیبادەت بەسەر ببرێت؟

نەخێر ئەوەش خیلافی سوننەتە، چونکە پێغەمبەر ﷺ لە مینا خەوتوە و پشووی وەرگرتووە. بۆیە باشترە پێغەمبەر ﷺ لە مەشعەرەکانی حەجدا چی کردووە ئێمەش هەر ئەو کارە بکەین، خۆی فەرموویەتی: (خذوا عني مناسككم). واتە شێوازی حەج کردنەکەتان لە منەوە فێر ببن.

13 -ئایا ئەگەر کەسێك هەوڵیدا لە موزدەلیفە بمێنێتەوە بەڵام لەبەر هەر هۆکارێك بوو بۆی نەکرا، لەو حاڵەتەدا فیدیەی لەسەرە؟

زانایان فەرموویانە ئەگەر نەمانەوەکەی لە موزدەلیفە بەدەستی خۆی نەبوو، وەکو ئەوەی ڕێگری لێ بکرێت یان جێگای دەست نەکەویت تێیدا بمێنێتەوە ، لەو حاڵەتەدا تاوانبار نابێت و هیچی ناکەوێتە سەر، چونکە خۆی نیەتی مانەوەی بووە و نەیتوانیوە بمێنێتەوە، الله تعالى فەرموویەتی: (لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا) البقرة :286.

کردارەکانی حاجیان
لە ڕۆژی جەژنی قوربان (رمي الجمرات)

لە دوای ئەوەی حاجیان شـــەوی جەژن لە موزدەلیفە دەمێننەوە و نوێژی بەیانی دەکەن و سـونەتی دوعا کردن و تەلبیە و یادکردنی الله بە جێدەهێنن لە دوای نوێژی بەیانی تاکو دونیا تەواو ڕوناك دەبێتەوە و پێش خۆرهەڵاتن بەرەو مینا بەڕێدەکەون و دەســـت بە کردارەکانی ڕۆژی دەیەمی مانگی ذي الحـجـة دەکەن کە ڕۆژی جەژنی قـوربـانە و زۆرتـرین کـردارەکـانی حەج کەوتووەتە ئەو ڕۆژەوە هەر بۆیە هەندێك لە زانایان بە ڕۆژی حەجی گەورە (الحج الأكبر) ناوی دەبەن، لێرەدا بە پوختی ئەو کردارانە دەخەینە ڕوو:

1 -یەکەم کرداری ڕۆژی دەیەمی ذي الحجة لە حەجدا چییە؟

جێگیر بووە لە ســـونەتی صــحیح دا پێغەمبەر دا ﷺ ســـەرەتا بەردەکانی (جمرة العقبة الكبرى)ی فڕەداوە، زانایان ئیجماعیان لەســـەر ئەوەیە لە چێشتەنگاوی ڕۆژی دەیەمی ذي الحجةدا پێغەمبەر ﷺ جەمرەی عەقەبەی یەکەمی رمي کردووە.

2 -ئێمە وەکو کورد زۆر جار وشـەی ڕەجم بەکار دەهێنین بۆ رمي الجمرات بەڵام خۆی وشەی رمي واتە ڕاستە و مەبەستیش لێی فڕەدانی بەردەکانە.

3 -شێوازی بەرد فڕەدانەکە چۆن دەبێت؟

لەگەڵ گەیشـتنی حاجی بۆ لای (جمرة العقبة الكبرى) بە حەوت بەردی بچووك دەسـت بە تێگرتنی بەردەکان دەکات ، (بە ئەندازەی نوکە پەنجەيك(پەنجەکان سێ خەتیان لەسەرە مەبەست لەو بەشەی سەرەتایە تاکو خەتی یەکەم (یان بە ئەندازەی نۆکێك یان دەنکە پاقلەیەك یان فسـتقێك شـتێك گەورەتر وبچووکتر کێشـە نییە، بەڵام نەك زۆر گەورە بێت (بەردەکان یەك بەدوای یەکدا فڕێ دەدات، کەعبە دەخاتە لای چەپی و مینا دەخاتە لەلای ڕاسـتی، چونکە پێغەمبەر ﷺ بەو شـێوە بەردی تێگرتووە، ئەگەر لەلای تریشـەوە بەردەکان فڕێ بدات هەر دروسـتە بە مەرجێك بکەوێتە ناو ئەو شـوێنەی بەردەکەی بۆ فڕێدەدرێت و مەرجیش نییە لە پەیکەرەکە بدات، بەڵکو ئەوە گرنگە بکەوێتە ناو حەوزەکەوە.

4 -تابەتمەندییەکانی (جمرة العقبة الكبرى) چییە؟

کۆمەڵێك تایبەتمەندی بەسـەر بەردەکانی ترەوە هەیە، وەکو ئەوەی لە ڕۆژی جەژندا بەردی تێدەگیرێت، لە خوارییەوە و لە کاتی بەیانیدا، دەبێت،بە

پێچەوانەی دوو جەمرەکەی تر، حاجیانیش لەلایدا ڕاناوەستن بۆ دوعا کردن، کە لە بەرد فڕەدانەکەش بوونەوە ئیتر (تحلل) ئەکەن، واتە کۆمەڵێك لەو شتانەی لە کاتی ئیحرامدا لێیان قەدەغە بوو بۆیان دەبێتە ڕێگەپێدراو، بە فڕەدانی بەردەکانیش ئیتر کاتی تەلبیە کردنیش تەواو دەبێت.

5 -کەی کاتی فڕێدانی بەردەکانی (جمرة العقبة الکبری) دەست پێ دەکات و کەی کاتی تەواو دەبێت؟

لەدوای نیوە شەوی شەوی جەژن بۆ نەخۆش و لاوازەکان کاتی فڕەدانی بەردەکان دەست پێ دەکات و تاکو فەجری ڕۆژی یانزەی مانگی ذي الحجة کە دەکاتە دووەم ڕۆژی جەژن بەردەوام دەبێت. بەڵام بۆ کەسێك هیچ عوزر وپاساوێکی نەبێت سوننەت وایە لە نێوان بەیانی و نیوەڕۆدا بەردەکان فڕێبدات.

6 -ئایا درووستە بەردەکانی (جمرة العقبة الکبری) بۆ ڕۆژانی دوای ڕۆژی یەکەم واتە بۆ ڕۆژانی تەشریق دوابخرێت؟

زانایان دەفەرموون نەخێر نابێت وئەو دوا خستنە درووست نییە، چونکە پێغەمبەر ﷺ لە رۆژی جەژندا بەردەکانی فڕەداوە، هاوەڵانیش الله لێیان ڕازی بێت هەر وایان کردووە بەبێ بەهانە کەس ئەو کارەی بۆ کاتێکی تر

دوانەخستووە، ئەگەر کەسێك وا بکات ئەجری خۆی کەم کردووەتەوە و پێویستە تەوبە لەو کارەی بکات و دووبارەی نەکاتەوە.

7 -ئەو پەیکەرانەی کە بەردیان تێدەگیرێت کامانەن و هەر حاجییەك چەند بەردیان تێدەگرێت؟

(جمرة العقبة الكبرى) یەکەمیانە لە دەیەمی مانگی ذي الحجة کە ڕۆژی جەژن دەکات هەر حاجییەك حەوت بەردی تێدەگرێت. بۆ ئەوانەی کە (تعجل) دەکەن و پەلەیانە دەتوانن دوو ڕۆژ لە أيام التشريق واتە دووەم ڕۆژ و سێیەم ڕۆژی جەژن هەرسێ جەمرەکانی (الصغری و الوسطی و الكبری) بە بیست و یەك بەرد فڕێدەدەن بەم شێوەش هەمووی دەکاتە 49 بەرد ، بۆ ئەوانەی کە دوادەکەون و ڕۆژی چوارەمی جەژنیش دەمێننەوە جارێکی تر ئەو 21 بەردە فڕێدەدەن بۆ ئەو سێ پەیکەرە بەهەمان شێوە، کۆی بەردەکان بۆ ئەمان دەکاتە 70 بەرد.

8 -باشترین کاتەکانی بەرتێگرتنی پەیکەرەکان کەیە؟

سەبارەت بە (جمرة العقبة الكبرى) لە ڕۆژی جەژن تەنها بەرد لەوەیان دەگیرێت، چاکترین کات لە دوای هەڵاتنی خۆر تاکو خۆرئاوابوونی خۆری یەکەم ڕۆژی جەژن، بەڵام چاکترین کات ئەوەیە تاکو لە نێوان خۆرهەڵاتن و

نیوەڕۆدا بێت، بۆ ئەوانەش کە لە موزدەلیفە لە نیوەشەوە هاتوون بۆ مینا لەسەر بۆچوونی هەندێ لە زانایان و شەرعناسان دەکرێت لەدوای نیوەشەوەوە بەردەکان بگرنە (جمرة العقبة الكبرى).

بەڵام لە ڕۆژانی التشریق واتە سێ ڕۆژی کۆتایی جەژنی قوربان لە دوای نیوەڕۆوە بەردەکان دەگیرێتە هەرسێ جەمرەکان: بچووك و ناوەندو گەورەکە بەو تەرتیبە. تاکو خۆرئابوون، ئەوەشی فریا نەکەوت فەتوای زانایان لەسەر ئەوەیە کە شەویش دەتوانێت بەردەکان فڕێبدات.

9 -هەموو کەسێك لە بری خۆی بەردەکان فڕێدەدات، پیاو بۆ خۆی و ئافرەت بۆ خۆی، بەردەکانیش کەسەکە دەتوانێت خۆی بۆ خۆی کۆیان بکاتەوە یان کەسێکی تر بۆی کۆ بکاتەوە درووستە، لەگەڵ فڕەدانی هەموو بەردێکیشدا سونەتە تەکبیر بکات واتە بلێت الله أکبر.

10 -لەگەڵ فڕەدانی بەردەکاندا چی بوترێت باشە؟

لەگەڵ فڕەدانی بەردەکاندا تەنها الله أکبر دەکرێت و بسم الله ناکرێت، چونکە هەندیك دەڵێن بسم الله الله أکبر ئەوە هەڵەیە بەو شێوەیە.

11 -ئایا تەنها بەبەرد یان درووستە شتی تریش لە جەمرەکان بگیرێت؟

جگە لەبەردی بچووك درووست نییە بە بەردی زۆر گەورە یان پێڵاو و شتی تر بگیرێت لە پەیکەرەکان، هەروەها درووست نییە کەسەکە بەتوڕەیی ئەو کارە بکات بەڵکو دەبێت بیری لای ئەوە بێت کە خەریکی عیبادەتە و بە لەسەر خۆیی ئەنجامی بدات و بەهێمنی لەگەڵ هەموو بەرد فڕەدانێکدا بڵێت الله اکبر.

12 -ئایا شەیتان لەلای ئەو پەیکەرانەیە کە بەردی تێدەگیرێت؟

حاجی کاتێك بەردەکان دەگرێتە ئەو پەیکەرانە کە جەمرەیان پێ دەوترێت عیبادەتێك ئەنجام دەدات وەکو هەر عیبادەتێکی تر، مەسەلەکە ئەوە نییە شەیتان لەو جێگەیەدا وەستابێت حاجی بەردی تێبگرێت و ئەویش بوەستێت بەردی بەربکەوێت شتی وا لە هیچ ئایەت و فەرموودەیەکدا نەهاتووە، بۆیە هیچ پیویست ناکات وا هەست بکەیت شەیتان وەستاوەو تۆ رەجمی دەکەیت، بەڵکو فەرمانت پێکراوە ئەو کارە بکەیت و تۆیش شوێنکەوتووی فەرمانەکانیت و ئەنجامی دەدەیت.

13 -ئایا پێویستە بەردەکان پاك بکرێنەوە و بشۆردرێن؟

نەخێر فڕەدانی بەردەکان عیبادەتە و شوێنکەوتنی سوننەتە و هەمووی شتێکی دەبێت لەڕوناکی بەڵگەدا بێت، جێگیریش نەبووە لە سوننەتدا پێغەمبەر ﷺ یان هاوەڵان بەردیان شۆردبێتەوە و پاکیان کردبێتەوە.

14 -ئایا تاکو چ ئەندازەیەك گرتنی کەسێك بەبریکار لە جێگەی حاجی بۆ فڕەدانی بەردەکان درووستە؟

جگە لە حاڵەتی سەغلەتی زۆر و عوزری شەرعی قایلکەر نەبێت دروست نییە تەنانەت بۆ ئافرەتانیش کەسێك لە جیاتی خۆیان بۆ فڕەدانی بەرەکان بنێرن، بەڵکو پێویستە بەخۆیان ئەو کارە ئەنجام بدەن تەنانەت ئەگەر ناچار بن بەرد فرەدانی دوو ڕۆژ یەك بخەن و بەیەك جار هەمووی پێکەوە فڕەبدەین، بەڵام ئەگەر کەسەکە ناچار بوو و توانای چوونە ناو قەرەباڵغی نەبوو کەسێکی تر لە جێگەی خۆی دەگرێت و لەو حاڵەتەدا دروستە و شەرع حەرەجی تێدا نییە.

15 -ئەو کەسەی لەبەر عوزرێکی شەرعی لەیەك ڕۆژدا بەردەکانی فڕێدا دەبێت چی بکات؟

ئەگەر کەسێك لەبەر عوزرێکی شەرعی ناچار بوو بەردی هەموو جەمرەکان لەیەك ڕۆژدا تێبگرێت دەبێت بەهەمان تەرتیب کارەکان ئەنجام بدات، واتە بۆ نموونە یەکەم جار حەوت بەرد لە (جمرة العقبة الکبری) دەگرێت، دوای ئەوە بۆ ڕۆژی دووەم سەرەتا بچوکەکە ئینجا ناوەندەکە و دوای ئەوە گەورەکە یەکی حەوت بەردیان تێدەگرێت، دوای ئەوە بەهەمان تەرتیب بۆ ڕۆژی سێیەم بەردەکانی تر فڕێدەدات.

16 -ئایا درووستە حەوت بەردەکە بەیەك جار هەمووی فڕێبدرێت؟

نەخێر درووست نییە و بەو شێوە جائیز نییە و بە یەك بەرد دادەنرێت و شەشی تری لەسەرە فڕێیبدات.

17 -ئایا ئەگەر حاجییەکە گومانی لە ژمارەی بەردەکانی کرد چی بکات باشە؟

دەبێت خۆی یەکلا بکاتەوە و گومانەکەی ببڕێت، بۆ نموونە بلێت شەش بەردم فڕێداوەو بەردێکم ماوە، هەندێ لە زانایانیش وەکو أحمد بن حنبل پێی وابووە ئەگەر بەنەزانین بەردێکی و دوانی کەمتر وەشاند ئاساییە و حەجەکەی درووستە.

18 -ئایا مانەوە لەشەوانی جەژندا لە مینا واجبە؟

جومهوری زانایان لەسەر ئەوەن کە مانەوە لەو شەوانەدا لە مینا واجبە، بەڵام ئەگەر کەسێك جێگای دەست نەکەوت شوێنی مانەوەی بۆ دابین نەکرا یان ڕێگرێك هەبوو لە مانەوەی لە مینا زانایان فەرموویانە هیچ کەفارەتێکی لەسەر نیە و دەتوانێت لە دەرەوەی مینا بمێنێتەوە، چونکە اللّٰه عزوجل فەرموویەتی: (فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ). التغابن:16.

19 -ئەگەر کەسێك جێگای مانەوەی لە مینا دەست نەکەوت چی بکات؟

ئەگەر هەر حاجییەك هەوڵیداو جێگای دەست نەکەوت بۆ مانەوە لە مینا، واجب نییە لەسەری لە کۆتایی خێوەتەکانەوە لەسەر جادە بێت بۆ نموونە بمێنیتەوە لەدەرەوەی میناش بێت بەبەهانەی ئەوەی دانەبڕێت لەوانەی لە مینان. بەڵکو دەتوانێت بچێت بۆ موزدەلیفە یان بۆ مەککە و هیچ حەرەجێکی لەسەر نییە چونکە جێگای دەست نەکەوتووە.

چوار ئەرکی حاجیان
لە یەکەم ڕۆژی جەژندا

لە ڕۆژی دەی مانگی (ذي الحجة)دا کە دەکاتە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان، حاجیان چوار ئەرکی سەرکی دەکەوێتە سەریان ئەنجامی بدەن، هەندێ لە زانایان لە چوار وشەدا کۆیان کردووەتەوە بۆ ئەوەی حاجیان بیریان نەچێت ئەویش وشەی (رنحط)ە، مەبەست لەو چوار پیتە ئەم چوار وشەیە: (الرمي والنحر و الحلق و الطواف) واتە: فڕێدانی بەردەکان و سەربڕینی قوربانی و سەرتاشین و تەوافی (الإفاضة). بەم شێوەی خوارەوە وبەکورتی و بەبێ شیکردنەوەی زۆر ڕوونیان دەکەینەوە:

یەکەم :لە ڕۆشنایی فەرموودەکان و سوننەتی کرداری پێغەمبەردا ﷺ کاتێك حاجی لە موزدەلیفەوە گەیشتە مینا لەڕۆژی جەژندا چوار ئەرکی هەیە پێویستە ئەنجامیام بدات، یەکەمیان فڕەدانی بەردەکانی (جمرة العقبة الكبرى)یە کە لەم ڕۆژەدا تەنها حەوت بەرد لەوەیان دەگیرێت، بەڵام لە دوو ڕۆژی دواتر بۆ (متعجل) و لە سێ ڕۆژی دواتردا بۆ (متأخر) ڕۆژانە هەرسێ

جەمرەی بچوك و ناوەند و گەورەکەکان بەو تەرتیبە یەکی حەوت بەردیان تێدەگیرێت و لە باسی پێشووماندا بە کورتی ئەوەمان ڕوون کردەوە و ژمارەی هەموو بەردەکان یان 49 یان 70 بەردی بچووك دەکات.

دووەم :لە دوای فڕەدانی بەردەکانی (جمرة العقبة الكبرى) کە باشترە لەدوای خۆرهەڵاتن و کاتی چێشتەنگاو بێت ئەگەر بکرێت و ئەگەرنا تاکو خۆرئاوابوون و تاکو فەجری ڕۆژی دواتریش کاتی هەر دەمینێت بۆ ئەوانەی کە عوزریان هەیە، دوای ئەوە حاجیان دەست بە ئەنجامدانی کاری دووەمیان دەکەن کە بریتییە لە سەر بڕینی قوربانییەکانیان:

1 - سەبارەت بەو کەسەی بە (إفراد) حەجی کردووە و پێش ئەوە عومرەی نەکردووە ئەو کەسە سەربڕینی لەسەر نییە بەڵام بیکات کارێکی باشی کردووە.

2 -ئەوانەی بە دوو شێوازکەی تری حەج کردن حەجیان کردووە بە (تمتع) و بە (قران) ئەوان سەربڕینێکی واجبیان دەکەوێتە سەر وەکو سوپاس کردنی الله تعالى کە ئەم حەجەی بۆ ئاسان کردن، کە ئەوان لەسەرەتای هاتنیان بۆ مەککە عومرەیان کردووە و(تحلل)یان کردووە تاکو ڕۆژی تەرویە و جارێکی تر ئیحرامیان بەحەج بەستووە.

3 -سەربڕینی ئاژەڵەکان کە دەکرێت لە وشتر و مانگا و مەڕ بێت، لە مینا یان لە هەر جێگەیەکی تری خاکی حەرەمدا بێت درووستە سەربڕدرێت.

4 -لەسەر بۆچوونی پەسەندی زانایان ئاژەڵەکان تەنها لە خاکی حەرەم درووستە سەربیڕدرێن نەك لە وڵاتی حاجییەکان بۆیان سەربیڕدرێت. چونکە الله تعالى فەرموویەتی: (هَدْيًا بَالِغَ الْكَعْبَةِ).

5 -درووست نییە ئاژەڵەکە سەربڕێت و دوایی گۆشتەکەی فڕێ بدات یان وازی لێ بێنێت، بەڵکو سوننەت وایە خۆی لێی بخوات و کەسانێك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ببەخشێت پێیان، بەڵام ئەگەر کەسی دەست نەکەوت ئەوا هیچی لەسەر نییە چونکە هەوڵی خۆی داوە.

6 -درووست نییە کرێی سەربڕینی ئاژەڵەکە بریتی بێت لەبەشێکی ئاژەڵەکە بۆ نموونە بە قەسابەکە بڵێت ئەو مەڕەم بۆ سەربڕە و لە جیاتی حەقدەستەکەت ڕانێکی بۆ خۆت ببە، بەڵکو دەبێت کرێکەی لە پارەی خۆی پێ بدات. لە سوننەتدا جێگیر بووە لە صحیح مسلم کە نەهی لەوە کراوە بەشێك لە ئاژەڵەکە بکرێتە کرێ بۆ قەسابەکە.

سێیەم: سەرتاشین یان کورتکردنەوەی قژی سەر ئەرکی سێیەمی حاجیانە لەو ڕۆژەدا.

1 -لە دوای ئەوەی حاجی قوربانییەکەی سەربڕی ئینجا دەست دەکات بە تاشینی سەری یان کورت کردنەوەی قژی سەری لەبەر ئەوەی لە هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ (حَلَقَ فِي حَجَّةِ

الوَدَاعِ وَأُنَاسٌ مِنْ أَصْحَابِهِ، وَقَصَّرَ بَعْضُهُمْ) كه خۆی سه‌ری موباره‌كی تاشیوه و هه‌ندێك له هاوه‌ڵه به‌ڕێزه‌كانی الله لێیان ڕازی بێت سه‌ریان تاشیوه‌و هه‌ندێكیان ته‌نها قژیان كورت كردووه‌ته‌وه .

له‌ڕاستیشدا سه‌ر تاشین باشتره چونكه پێغه‌مبه‌ر ﷺ وه‌كو له سه‌حیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووه یه‌ك جار بۆ ئه‌وانه‌ی قژیان كورت كردووه‌ته‌وه دوعای كردووه و سێ جار دوعای بۆ ئه‌وانه كردووه كه سه‌ریان تاشیوه.

2 -هه‌روه‌ها سونه‌ت وایه تاشینه‌كه یان كورت كردنه‌وه‌كه له لای ڕاسته‌وه ده‌ستی پێ بكات و ئینجا بچێته لای چه‌پ ئه‌وه‌ش هه‌ر له فه‌رمووده‌ی صححیحدا جێگیر بووه.

3 -سه‌باره‌ت به ئافره‌تان به ئیجماعی زانایان ته‌ها كورت كردنه‌وه‌ی قژی له‌سه‌ره نه‌ك تاشین له فه‌رمووده‌یه‌كدا له لای أبو داود هاتووه كه پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رموویه‌تی : (لَيْسَ عَلَى النِّسَاءِ الحَلْقُ، إِنَّمَا عَلَى النِّسَاءِ التَّقْصِيرُ) واته ئافره‌تان ته‌نها كورتكردنه‌وه‌ی قژیان له‌سه‌ره نه‌ك تاشینی. شێوازه‌كه‌شی ئه‌وه‌یه له چه‌ند لایه‌كی سه‌ریان به ئه‌ندازه‌ی سه‌ره په‌نجه‌یه‌ك بگرن .

چوارەم: ته‌واڤی (الإفاضة): له دوای ئه‌وه‌ی حاجیان به‌رد فڕه‌دانیان بۆ (جمرة العقبة الكبرى) ته‌وا كرد و قوربانییه‌كه‌یان سه‌بڕی و سه‌ریشیان

تاشی یان کورتیان کردەوە، ئینجا بە مەبەستی ئەنجامدانی طواف الإفاضة ڕوو دەکەنە مەککە.

1 -(الإفاضة) مەبەست لە هاتنی بە لێشاوی حاجیانە لە میناوە بەرەو مەککە بۆ ئەنجامدانی تەواف و سوڕانەوە بەدەوری بەیتدا لە ڕۆژی جەژندا، تەوافی زیارە و ڕوکن و ناوی تریشی لێ دەنرێت.

2 -زانایان ئیجماعیان لەسەر ئەوەیە ئەم ئایەتە (وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ) مەبەست پێی تەوافی الإفاضةیە و ڕوکنێکە لە ئەرکانی حەج و پێویستە ئەنجام بدرێت.

3 -وەکو باشترین کات بۆ ئەنجامدانی ئەم تەوافە ئەگەر حاجی بتوانێت ئەوەیە لە دوای ئەو سێ ئەرکەی پێش ئەم تەوافە لە ڕۆژی جەژن لە مینادا ئەنجامیدا خێرا بکات و ئەم تەوافەش ئەنجام بدات. بەڵام ئەگەر دوای خست بۆ ڕۆژانی دوای جەژن کە (أيام التشريق) ی پێ دەوترێت درووستە و فیدیەی ناکەوێتەسەر .

بەڵکو زانایان دەڵێن ئەم تەوافە کاتی کۆتایی دیاری نەکراوە بەڵام خیلاف تەنها لەسەر ئەوەیە ڕشتنی خوێنێکی دەکەوێتەسەر یان بەبێ ئاژەڵ سەربڕین دەتوانێت هەرکاتێکی تر ئەنجام بدات.

4 -مەرجەکانی ئەم تەوافە ئەوەیە پێشتر ئیحرامی بۆ حەج کردبێت چونکە ئەم تەوافە تایبەتە بەحاجیان. هەروەها ئەو کەسەی کە تەواف دەکات

پێشتر لە ڕۆژی نۆیەمدا لە عەرەفەدا ڕاوەستابێت و کاتەکەشی داخل بووبێت بەهاتنی ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربان.

5 -شێوازی تەوافەکەش ئەوەیە کەسی تەوافکار کەعبە دەخاتە لای چەپی خۆیەوە و لەلای بەردە ڕەشەکەوە دەست پێدەکات و بەگەیشتنەوەی بۆ لای بەردەکە جارێکی تر دەبێتە یەك تەواف، حەوت جار بەو شێوە تەواف دەکات و پێشتریش لەم زنجیرە باسەدا هەندێ مەسەلەمان بە شیکراوەیی دەربارەی تەواف باس کردووە.

6 -بۆ ئەو کەسەی حەجی (تمتع)ی کردووە، واتە سەرەتا کە هاتووەتە مەککە عومرەی کردووە و دوای ئەوە (تحلل) ی کردووە تاکو ڕۆژی (التروية)، پێویستە لە دوای تەوافی (الإفاضة) سەعی لە نێوان (الصفا و المروة)دا بکات، بەڵام ئەوانەی کە بە شێوازی (إفراد) و (قران) حەجیان کردووە لەسەریان نییە سەعی بکەن، بەلگەی ئەمەش لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە.

پێنجەم: ئایا ئەو چوار ئەرکە هەر دەبێت بەو تەرتیبە بێت یەك بەدوای یەکدا؟ واتە یەکەم جار فڕەدانی بەردەکان (الرمي) و دوای ئەوە سەربڕینی قوربانی (النحر) و دوای ئەوە سەرتاشین (الحلق) و دوای ئەوە تەواف (طواف الإفاضة)؟

بەڵێ باشتر و (مستحب) وایە بەو تەرتیبە ئەرکەکانی رۆژی جەژنی حاجیان ڕێك بخرێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ بەو شێوە ئەنجامی داوە، بەڵام هەرکەسێك هەندێ لەو ئەرکانەی پێش خست یان دوای خست لە فەرموودەی صحیح لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ لەو ڕۆژەدا هەرکێ هاتووەتە لای و هەرشتێکی پێش شتێکی تر خستووە یان دوای خستووە پێی فەرمووە: (لا حرج لا حرج) واتە درووستە و هیچ حەرەج و تاوانێکی تیا نییە وا بکەیت، بۆ نموونە یەکەم جار قوربانییەکەی سەرببڕێت وئینجا بەردەکانی فڕێبدات، یان سەرتاشینی پێش سەربڕینی ئاژەڵ بخرێت و یان تەوافی پێش خستبێت و شتی لەو شێوە بە دەقی فەرموودەی صحیح هەمووی درووستە و کێشە بۆ حەجەکە درووست ناکات.

كۆتایی هێنان بە گەشتی پیرۆزی حەج وعومرە

لە پاش ئەنجامدانی ئەو چوار ئەرکەی کە لە ڕۆژی یەکەمی جەژندا ئەنجام ئەدرێت کە بریتی بوون لە (الرمي - النحر - الحلق - الطواف) وهەندێ لە زانایان لە وشەی (رنحط) کۆیان کردووەتەوە بۆ ئەوەی لە بیر نەچێت، ئەو چوار ئەرکەش بریتیبوون لە فڕەدانی بەردەکانی عەقەبەی گەورە و هەروەها سەربڕینی قوربانی و سەرتاشین یان کورتکردنەوەی و تەوافی (الإفاضة) وسەعیەکەی، ئیتر کارەکانی حەجردن بەرەو کۆتایی دەروات وبە کورتی دەربارەی دەڵێین:

1 -جیاوازی تەوافی (الإفاضة) لەگەڵ تەوافی عومرە و سەرەتای هاتن بۆ مەککە چییە؟

چەند جیاوازییەکیان هەیە لەوانەیە توافی الإفاضة لە دوای تحلل دەکرێت واتە پێویستی بە پۆشینی جلی ئیحرام نییە و بە جلی ئاساییەوە دەکرێت، هەروەها پێویستی بە خێرا ڕێکردن(الرمل) و پێویستی بە (اضطباع) یش نییە، واتە شانی ڕاستی لە کاتی تەوافکردندا دەرناخات.

2 -ئایا ئەکرێت تەوافی (الإفاضــة) لەگەل تەوافی ماڵئاواییدا بکرێن بەیەك تەواف؟

بەڵێ ئەگەر هۆکاری هەبێت ئەو کەســە دەتوانێت هەردوو تەوافەکە بکات بەیەك تەواف لە کاتی بە جێهێشتنی مەککەدا، واتە ئەوە بکات بە کۆتا کاری لە حەجەکەیدا.

3 -حاجیان لە ڕۆژانی التشریــق واتە لە دووەم وســێیەم و چوارەم ڕۆژی جەژندا چ ئەرکێکیان لەسەرە؟

لە یانزەی مانگی (ذي الحجة)دا کە دەکاتە دووەم ڕۆژی جەژن حاجیان ئەرکی فڕەدانی بەردەکانی هەرسێ جەمرەکانی عەقەبەی بچووك و ناوەند و گەورەیان هەیە، کاتەکەش لە دوای کاتی زەوال و کاتی نوێژی نیوەڕۆوە دەســت پێ دەکات وتاکو خۆرئاوایی ئەو ڕۆژەو بۆ کەسێکیش نەتوانێت یان لەبەر قەرەباڵغی زۆر درووســـتە تاکو فەجری ڕۆژی دوایی دوای بخات، بۆ ڕۆژانی دوانزەو سیانزەش بەهەمان شێوە دەبێت.

4 -شـێوازی فڕەدانی بەردەکانی جەمرەکانی عەقەبەی بچووك و ناوەراســت وگەورە لە ڕۆژانی (التشریق) دا چۆن ئەبێ؟

وەکو پێشتریش باسمان کردووە لە دوای نیوەڕۆوە دەست پێ دەکرێت نەك پێش ئەو کاتە، لە جەمرە بچووکەکەوە دەست پێ دەکات بە تێگرتنی حەوت بەردی بچووك و دوای ئەوە دەتوانێت لە قەرەباڵغی خەڵکی دوور بکەوێتەوەو دەست بکات بە دوعا کردن، هاوەڵان هەندێ جار ئەوەندی خوێندنەوەی سوەڕەتی (البقرة) بخوێنرێت دەوەستان و دوعایان دەکرد.

دوای ئەوە کەسەکە دەچێت بۆ فڕەدانی جەمرەی ناوەڕاست و بەهەمان شێوە حەوت بەردی بچووکی تێدەگرێت و دیسان دوعا دەکات.

دوای ئەوە دەچێت بۆ جەمرەی عەقەبەی گەورەو بە هەمان شێوە بەحەوت بەردی بچووك بەردیان تێدەگرێت بەڵام ئەم جارەیان بۆ دوعا کردن ڕاناوەستێت .

ئەگەر کەسەکە بیەوێت لە سێیەم ڕۆژی جەژندا کارەکانی حەجی تەواو بێت ئەم کردارە لە دووەم ڕۆژ و سێیەم ڕۆژ دووبارە دەکاتەوە ڕۆژی بیست و یەك بەرد لەو پەیکەرانە دەگرێت بەو شێوازە کە هەمووی 42 بەرد دەکات لەگەڵ حەوت بەردی ڕۆژی یەکەمدا بۆ (جمرة العقبةالکبری) هەموو دەکاتە 49 بەرد، ئەگەریش پەلەی نەبێت بۆ سێیەم ڕۆژانی (التشریق) بمێنێتەوە واتە چوارەم ڕۆژی جەژن ئەوا لە چوارەم ڕۆژی جەژندا بەهەمان شێواز 21 بەردی تر لە هەرسێ پەیکەرەکە دەگرێت و بەو شێوە کۆی بەردەکان دەکاتە 70 بەرد.

5 -ئەو کەسەی کە (متعجل) بێت بۆ ئەوەی ئایەتی (فَمَن تَعَجَّلَ فِي يَوْمَيْنِ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ) لەسەر جێبەجێ ببێت و بیەوێت لە سێیەم ڕۆژی جەژندا هەموو کارێکی حەجەکەی تەواو کردبێت دەبێت کەی لە مینا دەربچێت؟

ئەگەر (متعجل) بێت دەبێت دووەم ڕۆژانی التشریق کە دەکاتە سێیەم ڕۆژانی جەژن پیش خۆرئاوابوون بەردەکانی فڕەدابێت ومینای بەجێ هێشتبێت، ئەگینا ئەگەر ئێوارەی بەسەردا بێت و هێشتا لە مینا بێت بابەردکانیشی پێشتر فڕەدابێت هەر دەبێت بۆ ڕۆژی دوای ئەوەش بمێنیتەوە، ئەگەر نا سەربڕینی حەیوانێکی دەکەوێتە سەر.

6 -تەوافی (الوداع) ماڵئاوایی کەی دەکرێت ؟

تەوافی ماڵئاوایی پێویستە کۆتا کاری حاجیان بێت لە مەککە، بۆ نموونە ئەگەر نیازی بازاڕ کردن و هەر ئیشێکی تری هەبێت نابێت بیخاتە پێش ئەو تەوافە، بەڵکو دەبێت پاش ئەوە بیکات، واتە کاتێك هیچ کارێکی لەمەککە نەماوەو بەرەو ماڵ و وڵاتی خۆی بەڕێدەکەوێت ئەو کاتە تەوافەکە دەکات، پێغەمبەر ﷺ وەکو لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە فەرمویەتی: (لا ينفرن أحد حتى يكون آخر عهده بالبيت).

7 -تەوافی (الوداع) بە چ شێوازێك ئەنجام ئەدرێت؟

تەوافی ا(لـوداع) حەوت شــەوتە، واتە حەوت جـار بەدەروی کەعـبەدا دەسـوڕێتەوە، لە بەردە ڕەشـەکەوە دەسـت پێ دەکات و هەر لەوێیش تەواو دەبێـت، بەبێ جلی ئیحرام ئەنجـام ئەدرێـت لەبەر ئەوەی لەیەکەم ڕۆژی جەژنەوە لە دوای فڕەدانی بەردەکـانی (جمرة العقبـة الکبری) کەســەکە (تحلل) بچووکی کردووە و لە دوای تەوافی (لإفاضـة)ش (تحلل) ی گەورەی کردووە، بۆیە پێویســت ناکات جارێکی تر ئیحرام ببەســتێتەوە و لە دوای تەواو بوونی تەوافەکە دوو ڕکـات نوێژ لەنـاو حەرەمـدا دەکـات و ئیتر دەردەچێت.

8 -ئایا بۆ تەوافی ماڵئاوایی پێویستە سەعی نێوان سەفا و مەڕوایش بکرێت؟

نەخێر پێویســتی بە ســەعیکردنی نێوان (الصــفا و المروة) نییە بەڵکو تەنها حەوت جار بەدەوری کەعبەدا دەسوڕێتەوە و تەواو.

9 -حوکمی کەسێك چییە مەککە بەجێ بهێڵێت بەبێ ئەوەی تەوافی ماڵئاوایی (الوداع) بکات؟

هەرکێ مەککە بەجێ بهێڵێت لە بۆچوونی زۆربەی زانـایانـدا واجبێکی بەجێ هێشــتووە پێویســتە ئاژەڵێك ســەربڕێت، بەڵام ئەگەر عوزرێکی هەبێت بۆ

نموونە لەبەر هەر هۆکارێك بێت ڕێگە نەدرێت بچێتە ناو حەرەم بۆ ئەنجامدانی ئەو تەوافە ئەوا هیچی لەسەر نییە.

10 -ئافرەتێك پێش ئەنجامدانی تەوافی (الإفاضة) و دەرچوون لە مەککە و گەڕانەوەی بۆ ماڵ و وڵاتی خۆی تووشی سووڕی مانگانەبوو چی بکات لەو حاڵەتەدا؟

ئەگەر توانای مانەوەی هەبێت تاکو کاتی پاك بوونەوەی و کێشە بۆ سەفەرەکەی درووست نەبێت باشترە بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر بۆی نەکرا کە زۆر جاریش مانەوە لە زۆر ڕووەوە کارێکی قورسە فەتوای زانایان لەسەر ئەوەیە بەو حاڵەی خۆیەوە خۆی پاك ڕادەگرێت و تەواف دەکات و هیچ گوناهێکیشی ناگات و هیچ کەفارەتێکیشی ناکەوێتەسەر.

حەجی جەستە و حەجی ڕوح

لە ڕۆشنایی قسەی زانایان و ئەوانەی لە کتێبەکانیاندا جەختیان کردوەتەوە لەسەر ئامادە بوونی نیەت و خاوێنی نیازی دڵی ئەو کەسەی دەیەوێت حەج بکات، هەر لەو کاتەی کە بڕیاری ئەو گەشتە پیرۆزە دەدات و تاکو گەڕانەوەی بۆ ماڵی خۆی، ئەم چەند ئامۆژگارییە بۆ خۆم و بۆ خوشکان و برایانم باس دەکەم:

1 -پێش هەموو شتێك، بەر لەوەی لەماڵی خۆت بەرەو گەشتی پیرۆزی حەج دەربچیت، نیەتێکی ڕاستەقینەو خاوێن لە دڵتدا دابمەزرێنە کە لەم گەشتەدا تەنها و تەنها مەبەستت ڕەزامەندی پەروەردگارتە و هیواو ئاواتت ئەوەیە الله تعالی ئەو عیبادەتەت لێ وەربگرێت و لێت خۆش ببێت، لەم نیەتەی دڵت زۆر وردبەرەوە و بە تۆکمەیی لە ناختدا دایمەزرێنە.

2 -کە بۆ ئەو گەشتە پیرۆزە بەرێ کەوتی لە قوڵایی دڵتەوە سوپاسی الله بکە کە زیارەتی ماڵەکەی خۆی بە نسیب کردی، هەزاران بە ئاواتی ئەوەن بە

دیداری ماڵی پەروەردگاریان شاد بن و عیبادەتی حەج ئەنجام بدەن و ناتوانن.

3 -پێش ئەوەی لەماڵ دەربچیت، هەموو شتێك كە بە گرنگی ئەزانیت بینووسە و وەكو وەسێتێك بە جێی بهێڵە ، حیسابی ئەوە بكە لەوانەیە لەو گەشتەت نەگەڕێیتەوە، ئەگەر ماڵی كەسێكت لایە، ئەگەر هەر مافێكی نێوان تۆ وبەندەكانی الله هەیە پێویستی بەیەكلا كردنەوە هەیە یەكلای بكەرەوە، یان وەسێت بكە لە دوای خۆت لە ڕۆشنایی كیتاب و سوننەتدا یەكلایی بكرێتەوە.

4 -باشترە پێش ڕۆیشتنت لەگەڵ كەسە نزیكەكانت پەیوەندی بكەیت، ئەگەر بەتەلەفونیش بووە، بەتایبەتی ئەوانەی كێشە لە نێوانتاندا هەیە، هیچ مەسەلەیەك بە هەڵواسراوی بەجێمەهێڵە، داوای لێبوردن و لێخۆشبوون لەهەر كەسێك بكە كە ئەزانیت پێویست ئەكات، بەڵام مەبەست لەم قسە ئەوە نییە لەگەڵ هەموو كەسێكدا ئەو كارە بكەیت، بەڵكو تەنها لەگەڵ ئەوانەی كە شتێكی وا ڕویداوە لە نێوانتاندا پێویست بە داوا لێبوردن و لێخۆشبوون بكات.

5 -باری خۆت لە شتی زیادە بۆ گەشتەکەت قورس مەکە، خواردن مەکە مەسەلەیەکی سەرەکی و بیرت لای بێت، تەنها ئەوەندە نەبێت هێزی عیبادەتت پێ بدات.

6 -هەرچی خەم و خەفەتەکانت، کێشەکانت، سەرقاڵییەکانت هەیە، هەر هەمووی فڕێبدە و بیرت تەنها لە لای ئەو گەشتە پیرۆز و مەزنەی خۆت بێت، لەناو جەرگەی شەودا لە پەروەردگارت بپارێرەوە دڵێکی زیندووت پێ بدات، کاتێك جلی پاك و نوێ لەگەڵ خۆت ئەبەیت، بیرت لەلای ئەوە بێت بەدڵێکی خاوێن و تازەوە بگەڕێیتەوە، بەئامانجی نوێ و بەرز بگەڕێیتەوە، بڕیار بدە قۆناغی دوای حەجەکەت زۆر جیاواز بێت لەگەڵ قۆناغی پێش حەج کردنت.

7 -کاتێك ماڵئاوایی لە کەسوکارت ئەکەیت، با کاتی ماڵئاواییت لەم دنیا بیر بخاتەوە، شوینەوارێکی باش لە دوای خۆت بجێ بهێڵە و دڵت بە قیامەت ببەستە. زۆریش دڵت لای ماڵ و مناڵ نەبێت، ئەو کەسەی تۆ دەپارێزێت ئەوانیش دەپارێزێت.

8 -لەگەشتەکەتدا بایەخ بە هاوڕێ و هاوسەفەری باش وچاکەکار بدە، ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، خۆت لە هەموو قسەیەکی بێ سوود و زیاد بپارێزە، ئەوە گەشتی تەمەنە کە پێی هەڵئەسیت، زۆر گەورە و مەزن تەماشای بکە.

9 -بەر لەوەی خۆت بۆ ئیحرام خاوێن بکەیتەوە، دڵت لە ئاوڕدانەوە لە غەیری الله و ڕەزامەندی ئەویش خاوێن بکەرەوە، چەند پێویستت بە خۆشتن و خۆبۆخۆش کردن و خاوێن کردنەوەی جەستەتە، دوو ئەوەندە پێویستت بە خاوێن کردنەوەی دڵ و نیەتی دڵتە. کاتێك جلە سپیەکەی ئیحرام دەپۆشیت، ئەوەت بیر بکەوێتەوە کە ئەوە هەمان پۆشاکی تۆیە کە دەمریت و دەبێت بەکفنت، پۆشاکی ئیحرام و کفن وەکو یەك سادە و بێ گیرفانن.

10 -ئەو شوێنانەی لە کاتی حەج کردنت لە یادی الله دوورت دەخەنەوە، لێیان دوور بکەرەوە، بەدوای هەڵەی کەسەوە مەبە وتەنها بیرت لای خۆت بێت، لەبۆڵە و باسی ناڕەحەتییەکانی حەج بەدووربە ئەوە کارێکی باش نییە.

11 -ئیحرام کردن وەکو ڕاهێنانێکی نەفسی خۆت تەماشا بکە لە قەدەغەکراوەکانی الله تعالى، بیری خۆت بێنەوە ئەو پەروەردگارەی کە لەحەج داوای لێت کردوە لە کاتی ئیحرامدا لەو قەدەغەکراوانە بەدوور بیت، هەر ئەو پەروەردگارەیە کە لە کاتەکانی تردا داوای لێت کردووە لە قەدەغەکراوەکانی تری بەدوور بیت وسنوورەکانی تێنەپەڕێنیت.

12 -هەرگیز خراپەکانی خەڵکی و کەسوکار و هیچ کەسێك بەبیر خۆت مەهێنە، بڵێ یارەبی لەبەر تۆ لە هەموویان خۆش بووم وتۆیش لەمن خۆشبە، دڵی خۆت پاك بکەرەوە بۆ ئەوەی کە الله سەیری دڵتی کرد بەو خاوێنییە لێت خۆش ببێت.

13 -هیچ شتێك نییە لە حەج و لە غەیری ئەوەندەی تەوحید تۆ لە الله نزیك بکاتەوە، بۆیە بەردەوام بە زمان و بەدڵت بلێ: (لا إله إلا الله وحده لا شريك له له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير).

14 -لە رۆژانی مانەوەتدا لە مینا، چاوەڕوانی خەڵکی بۆ حەشرو حیسابی ڕۆژی قیامەت بیری خۆت بهێنەوە، زۆر یادی پەروەردگارت بکە، لەگەڵ حاجیاندا ڕووت خۆش بێت، سەلامیان لێ بکە، تەعاروفیان لەگەڵ بکە، دەستی یارمەتی بۆ هەرکەسێك درێژ بکە پێویستی پێت بوو، هەندێ جار دیاری بە هەندێ کەس بدە کە نایاناسی.

15 -کە دەڵێیت لبیك اللهم لبیك، بڕیار بدە بۆ جیبەجێکردنی هەموو فەرمانەکانی تری الله و نەبەزاندنی سنوور وقەدەغەکراوەکانی تریشی لە دوای گەڕانەوەت بەهەمان شێوە بە گوفتار و بە کردار بڵییت لبیك الله لبیك. تۆ تازە لەببەیکت کردووە وپەیمانت داوە، پەیمانەکەت مەشکێنە.

16 -له هەموو هەنگاوەکانی حەجەکەتدا خۆت لەگەڵ یادکردنی الله ڕابهێنه، هیچ هەلێکی خۆ نزیککردنەوه له الله لەدەست مەده، زۆر بڵێ: (رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ).

17 -له ڕۆژی ڕاوەستاندا له عەرەفه، ڕاوەسانی خەڵکیت له ڕۆژی قیامەتدا بیر بکەوێتەوه له چاوەڕوانی لێپرسینەوەدا، ، له ڕاستیدا ئەو ڕۆژه وێنەیەکی بچووکه بۆ ڕۆژی قیامەت، هەرگیز ئەوەت بیر نەچێت.

18 -ابن رجب الحنبلي بەڕەحمەت بێت فەرموویەتی: ئەو کەسەی ڕاوەستانی ڕۆژی عەرەفەی لەدەست چوو و حەجی بەنسیب نەبوو، با بەو مافانەی الله که دیانزانێت هەڵبسێت، ئەو کەسەی نەیتوانی له موزدەلیفه بمێنێتەوه با بڕیار بدات خۆی لەپەروەردگاری نزیك بکاتەوه، ئەو کەسەی له مینا توانای سەربڕینی قوربانی نەبوو با هەواو ئارەزووەکانی خۆی سەربڕێت مادام الله ئەوی گەیاندووەته ئارەزووەکەی له حەج کردنی ماڵەکەی، ئەو کەسەی که نەیتوانی بگاته بەیت بەهۆی دووری، با پەنا بۆ پەروەردگاری بەیت ببات چونکه زۆر لێیەوه نزیکه.

19 -بیرت نەچێت کردارەکانی حەج جوڵەی بێ واتا و ئامانج نییە، بەڵکو لە هەموویدا ئامانجی نزیك بوونەوە لە پەروەدگار هەیە، با عەقڵت بەوەدا بشکێت کە خۆ سەرقاڵ کردن لەو ڕۆژانەدا بەهەر یادێکی تر جگە لە یادی الله زیانیکە و لەخۆتی ئەدەیت.

20 -هەمیشە خاوێنی ئەو شوێنانە بپارێزە کە هەنگاوەکانی حەجی تێدا ئەنجام ئەدەیت، هەرگیز پاشماوەی خواردن و هیچی تر لە شوێنەکاندا فڕێمەدە، تەنانەت ئەگەر جێگەکە خۆی بەو شتانە پیس کرابو تۆ بەشدار مەبە تێیدا.

21 -کاتێك بەردی جەمرەکان فڕێدەدەیت با ئەوەت بیر بکەوێتەوە فەرمانەکانی الله جێبەجێ بکەیت، کە دەڵێیت الله أکبر ئەو دەستەواژە لە ژیانتدا بەرجەستە بکە و الله لە هەموو شتێك و لە هەموو کەسێك بەگەورەتر بزانە.

22 -کە قوربانییەکەت سەردەبڕیت هەموو بیرێکت لەلای ئەوە بێت کە تۆ لەو کارەتدا گوێڕایەڵی فەرمانی الله ت کردووە، هەروەها با هەڵوێستی پڕ لە ئیمان و تەوحیدی ئیبراهیمت لەمەسەلەی قوربانیدا علیه السلام بیر بخاتەوە، لەوەش دڵنیابە ئەوەی بۆ الله بیبەخشیت الله بەزیادەوە پێت دەبەخشێتەوە.

23-لە کاتی تەوافکردنتدا کاتێك تەماشـــای کەعبە دەکەیت، با مەزنیی تەوحیـدت بیر بخـاتەوە، چونکە ئەو مـاڵە لە بنچینەدا بۆ جێگیرکردنی تەوحید لە سـەرزەویدا دامەزراوە. بۆیە تۆیش بڕیار بدە دڵت لە پەیوەست بوون بە غەیری الله خاوێن بکەیتەوەو دڵنیابە لەوەی غەیری الله عزوجل کەسی تر سوود و زیانی تۆی بەدەست نییە.

24 -هەرگیز لە پێناو ماچکردنی بەردەڕەشـــەکەدا پاڵ بەخەڵکەوە مەنێ و عەزێتی کەس مەدە، ئەوەش بزانە کە ئەو بەردە نە سوودی هەیە و نەزیان، بەڵام فەرمـانمان پێکراوە مـاچی بکەین و ئێمەش گوێڕایەڵی فەرمـانەکەین. ســـەرگەورەمان عومەر الله لێی ڕازی بێت بەو بەردەی دەفەرموو من دەزانم تۆ بەردێکی نە ســـوود و نزیـانـت نییە، بەڵام لەبەر ئەوە مـاچـت دەکەم پێغەمبەرم بینیوە ﷺ ماچتی دەکرد.

25 -لە کاتی ســـەعیکردنی نێوان ســـەفا و مەڕوادا خاتوو هاجەرت با بیر بکەوێتەوە، کاتێك هەژاری و پێویســتی خۆی بۆ میهرەبانی الله نیشـان دەدا، با ســـەعیکردن لەو جێگەیە فێری ئەوەت بکات لە هەموو ژیانتدا ڕاســـتگۆ بیت و نییەتـت تەنهـا بۆ الله بێت. بیرت نەچێت تۆ بەردەوام موحتـاجی ڕەحمەت و چاکەی پەروەردگارتی.

26 -ڕۆژانی (التشریق) و جەژن بەگشتی بە یادی الله و بەخوێندنەوەی قورئان و کاری چاکە بەسەر ببە، بەنییەتی ڕێزگرتن لەو جێگەیە و لە سنوورەکانی الله شەڕ و مشتومڕ لەگەڵ کەس مەکە، بەچاوێکی کەمەوە سەیری کەس مەکە.

27 -لە تەوافی وەداع و ماڵئاواییدا بە خەمباری ماڵئاوایی بکە، داوا بکە الله چەندین جاری تر هاتنەوەت بۆ ماڵەکەی بە نسیب بکات، دوعا بکە، سەڵاوات بدە، پەیمان لەگەڵ الله تازە بکەرەوە کە فەرمانەکانی جێبەجێ بکەیت، سنورەکانی نەبەزێنێت، دوعا بۆ کەسوکار و خۆشەویستەکانت بکە.

28 -کە گەیشتیتەوە ماڵ بەسەلامەتی، وای دابنێ بەدڵێکی پاك و سپی گەڕاویتەتەوە، ڕێگە مەدە بە تاوان و سنوور بەزاندنی شەرع پیس ببێتەوە، ئەوەی کە لە حەج فێری بووی لە قوربانیدان و ئارامگرتن و ڕێزگرتن لە سنوورەکانی الله تعالى لە دوای حەجیش جێبەجێی بکە.

شەرحی
فەرموودەی
حەجکردنی پێغەمبەر

ﷺ

بەشی یەکەم

یەکێك لە مەزنترین ئەو فەرمودانەی باس لە حەجکردنی پێغەمبەر ﷺ دەکەن کە بە (حجة الوداع) حەجکردنی ماڵئاواییش دەناسرێت، چونکە دوا حەجی پێغەمبەر بوو ﷺ و ساڵی دوای ئەوە ئیتر وەفاتی کرد، فەرموودەکەی جابیری کوری عەبدوڵلایە رضي الله عنه لە سەحیحی موسلیمدا، کە زانایان زۆر بایەخ و گرنگییان پێ داوە لەبەر ئەوەی زۆربەی وردەکارییەکانی ئەو حەجەی بە شیوەیەکی کردەیی و ڕوون و ئاشکرا تێدایە، ئێمەش هەوڵ دەدەین بە شیوەیەکی کورت پوخت و لە چەند بەشێکدا باسی ئەو فەرموودە مەزنە بکەین:

(عن جعفر بن محمد، عن أبيه) واتە لە جەعفەری کوری موحەممەدەوە کە لەلای شیعەکان بە جعفر الصادق دەناسرێت و خۆی لە ڕاستیدا یەکێکە لە پێشەوایانی ئەهلی سوننەت، ئەویش لە باوکی فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە مەبەستی پێی موحوممەدی کوری عەلی کوری حوسەینە ڕەحمەت و ڕەزای الله یان لێبێت، کە ئەویش بە محمد الباقر ناسراوە و بەهەمان شێوە یەکێکە لەسەرانی ئەهلی سوننەت و ئالوبەیتی پێغەمبەر ﷺ.

(قال: دخلنا على جابر بن عبد الله، فسأل عن القوم، حتى انتهى إليَّ، فقلتُ: أنا محمد بن علي بن حسين) دەڵێت چووینە سەردانی هاوەڵی بەڕێز جابیری کوڕی عەبدوڵلا رضي الله عنه، کە ئەو کاتە ئەو کەسێکی بەتەمەن و نابینا بوو، یەك یەك پرسیاری لێ کردین فەرمووی ئێوە کێن، تاکو گەیشتە من، منیش وتم: من موحەمەدی کوری عەلی کوڕی حوسەینم.

(فأهوى بيده إلى رأسي، فنزع زري الأعلى، ثم نزع زري الأسفل، ثم وضع كفه بين ثديي، وأنا يومئذ غلام شاب) دەستی خستە سەر سەرم وەکو نازپێدان و ڕێزێك یان سوعبەت و گاڵتە لەگەڵدا کردنیك لەبەر ئەوەی کچەزای پێغەمبەر ﷺ بووم دەستی خستە سەرسنگم، منیش لەو کاتەدا گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بووم.

(فقال: مرحباً بك يا ابن أخي، سل عما شئت، فسألته . وهو أعمى .) جابیر رضي الله عنه فەرمووی بەخێر بێیت وخۆشهاتی برازای خۆشەویستم، دەربارەی هەرچی پێت خۆشە پرسیارم لێ بکە، منیش پرسیارێکم لێی هەبوو، ئەو کاتەش جابیر چاوەکانی لەدەست دابوو.

(وحضر وقت الصلاة، فقام في نساجة ملتحفاً بها، كلما وضعها على منكبه، رجع طرفاها إليه من صغرها ورداؤه إلى جنبه على المشجب،) ئیتر کاتی نوێژ هات و ئەویش هەڵسا بۆ پێشنوێژی کردنمان، پۆشاکێکی بە خۆیدادابوو خستبوویە سەر هەردوو شانی بەڵام لەبەر کورتی نەدەگەشتەوە و دەگەڕایەوە، عەباکەشی لەسەر چەند چڵەدارێك لەلای خۆی دانابوو.

(فصلى بنا) ئیتر دەستی کرد بە ئیمامەتی بۆمان، ئەمەش وەکو زانایان فەرموویانە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێشنوێژی کەسی نابینا بۆ کەسانی چاوساغ درووستە، هەروەها دەریش دەکەوێت کە سوننەتە خاوەن ماڵ پێشنوێژی بۆ میوانەکانی بکات.

(فقلت: أخبرني عن حجة رسول الله صلى الله عليه وسلم) لە دوای تەواوبوونی نوێژەکە وتم باسی حەجکردنەکەی پێغەمبەر ﷺ مان بۆ بکە، کە ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئال و بەیت چەند پەرۆش بوونە بۆ فێربوونی زانست و شوێنکەوتنی رسول الله ﷺ.

(فقال بيده فعقد تسعاً) واته بە شێوازێك بە پەنجەكانی ئاماژەی بۆ كردن كە لەناو عەرەبدا ئەوە هەبوو پەنجەكانیان بۆ هەر ژمارەیەك بە شیوازێك دەجوڵانەوە، لێرەشدا جابیر بە جووڵەكەی دەستی مەبەستی ژمارە نۆ بوو.

(فقال: إن رسول الله ﷺمكث تسع سنين، لم يحج، ثم أذَّن في الناس في العاشرة، أن رسول الله ﷺحاج،) جابير رضي الله عنه فەرمووی: پێغەمبەر ﷺ لە دوای كۆچكردنی بۆ مەدینە نۆ ساڵ مایەوە بێ ئەوەی حەج بكات، ئینجا لە ساڵی دەیەمی پاش كۆچكردن بۆ مەدینە جارِ درا كە پێغەمبەر ﷺ ئەمسال حەج دەكات.

ئەوەش بەلای هەندێ لە زانایانەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە حەجكردن درووستە دوا بخرێت و مەرج نییە لەگەل هەبوونی توانا یەكسەر ئەنجام بدرێت، بەڵام زۆرێكیش لە زانایان فەرموویانە نەخیر حەجكردن لەگەڵ هەبوونی توانا یەكسەر لەسەر موسوڵمان فەرز دەبێت ،چونكە پێغەمبەر ﷺ پاساوی هەبوو لە حەج نەكردنی بەوەی كە سەرقاڵی جیهاد و غەزا و كاروباری دەولەتەكەی بوو، سەرەڕای ئەوەش چاوەڕوانی ئەوە بوو كە كەعبە لە بتەكان پاك بكرێتەوە و بانگی تەوحیدی تیدا بدرێت.

هەروەها بەڵگەی ئەوەشی لێ وەردەگیرێت کە پێشـــەوای موســـوڵمانان بۆ کارو مەبەستی گەورەو مەزن پێش وەختە جارِ بدات و خەلکی لە ئەنجامدانی ئەو کارە ئاگادار بکاتەوە بۆ ئەوەی بەشـــدار ببن و ئامادەســـازی بۆ خۆیان بکەن....

بەشی دووەم

لە دوای ئەوەی خەڵکی لە هەموو لایەك ئاگادار کرانەوە کە ئەمسال پێغەمبەر ﷺ حەج دەکات بۆ ئەوەی زۆرترین کەس هەواڵەکەیان پێ بگات و ئامادەی ئەو شەعیرە مەزنە ببن و لە کردار و گوفتار وفەرمان و ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەرەکەیان بەهرەمەند بن، جابیر ڕەزای الله ی لێبێت لە درێژەی باسکردنی بۆ حەجکردنەکەی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

.....(فقدم المدينة بَشَرٌ كثير، كلهم يلتمس أن يأتمَّ برسول الله صلى الله عليه وسلم، ويعمل مثل عمله) واتە:

خەڵکانێکی زۆر بە مەبەستی حەج کردن ڕوویان لە شاری مەدینە کرد، هەموویان هیوا و ئاواتیان ئەوە بوو کە شوێنکەوتەی پێغەمبەرە خۆشەویستەکەیان بن، هەنگاو بە هەنگاو لەو حەجکردنە مەزنە مێژووییەدا کە هەرگیز جارێکی تر تا ڕۆژی قیامەت دووبارە نابێتەوە، ڕاستەوخۆ چاو لە پیغەمبەرەکەیان بکەن ﷺ ، ئەو چی بکات ئەوانیش هەمان کار بکەن.

ئەوانەش کە هاتبوون هەندێکیان بۆ مەدینە هاتبوون بۆ ئەوەی هەر لەسەرەتای گەشتەکەوە لە خزمەتی پێغەمبەردا بن ﷺ و هەندێکیان لە رێگە یەکیان گرت و هەندێکیان لە مەککە پەیوەندییان کرد.

یەکیکیش لەبەرەکەتەکانی ئەو بەدەمەوە هاتنەی خەڵکە بۆ بانگهێشتەکە ئەوە بوو کەسانێك هاوەڵ نەبوون بەڵام لەو حەجکردنەیاندا بە دیداری پێغەمبەر ﷺ شاد بوون و بوون بە هاوەڵ و هەتا هەتایە ناویان چووە ناو پەڕاوگەی مەزنی پڕ سەروەریی هاوەڵێتییەوە.

ئینجا جابیر فەرمووی:

(فخرجنا معه حتى أتينا ذا الحليفة) واتە: لە گەڵ پێغەمبەردا ﷺ دەرچووین تاکو گەیشتینە ناوچەی (ذا الحليفة) ی نزیك شاری مەدینە کە ئێستا بە ئەبیار عەلی ناسراوە و ئەو ناوەش هەڵەیە و لە بەسەرهاتێکی بێ بنەما سەرچاوە دەگرێت کە گوایە عەلی ڕەزای الله ی لێبێت لە بیرێك لەو ناوچەدا بەو ناوە شەڕی لەگەڵ جنۆکە کردوە.

(فولدت أسماء بنت عميس، محمد بن أبي بكر) لەو سەروبەندەدا ئەسمائی کچی عومەییس کە هاوسەری ئەبوبەکر بوو الله لێیان ڕازی بێت منداڵێکی بوو کە موحەممدی کوڕی ئەبوبەکر بوو.

(فأرسلتْ إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم، كيف أصنع؟) واتە خاتوو ئەسما کەسێکی ناردە لای پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی پرسیاری لێ بکات لەو مەسەلەی منداڵبوونەیدا چی بکات و چۆن مامەڵە بکات لە کاتێکدا ئەو لەسەفەری حەجکردندایە.

(قال: اغتسلي) واتە پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: با خۆی بشوات تەنها بە مەبەستی پاکبوونی جەستەی بۆ ئیحرام کردن نەك پاکبوونەوە بۆ نوێژ کردن. (واستثفري بثوب) واتە بە بەستنی پەڕۆیەك یان بە پۆشاکێك بە توندی ڕێگری لە دابەزینی خوینەکەت بکە.
(وأحرمي) واتە ئینجا پۆشاکی ئیحرام ببەستە.

لەو پرسیارەی خاتو ئەسمائیش ئەوە فێر دەبین کە موسوڵمان پێویستە لە کاروباری دینەکەیدا شتێکی نەزانی بوەستێت و پرسیار بکات تاکو وەڵام

وەردەگرێت، نەك بچێت لە خۆیەوە کارێك بکات و دوایی پرسیار بکات بزانە ئەوەی کردوویەتی ڕاست بوو یان هەڵە.

(فصلى رسول الله ﷺ في المسجد) واتە پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوتی ذا الحلیفة دا نوێژی کرد. شایانی باسە پێغەمبەر ﷺ پێنج نوێژی لەو شوێنە کرد کە وادی العقیق ی پێ دەوترێت لەبەر ئەوەی لەو بارەوە وەحیی بۆ دابەزی.

(ثم رکب القصواء) واتە ئینجا پێغەمبەر ﷺ سواری وشترەکەی بوو کە نازناوی قصواء بوو، بۆ زانینی نازناوی وڵاخەکانی پێغەمبەر ﷺ دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ زادولمەعادی ئیبنولقەییم.

(حتى إذا استوت بە ناقتە على البيداء) تا ئەو کاتەی وشترەکەی لەسەر بەرزاییەك لە ذا الحلیفة ڕاوەستا.

ئینجا جابیر ڕەزای اللە ی لێبێت باسی زۆریی ئەو حەشـــاماتە دەکات کە هاتبوون بۆ بەشداری حەجکردن لەگەڵ پێغەمبەرەکەیاندا ﷺ و فەرمووی:

»نظرت إلى مد بصري بين يديه من راكب وماش وعن يمينه مثل ذلك وعن يساره مثل ذلك ومن خلفه مثل ذلك » واتە:

لەبەردەم پێغەمبەردا ﷺ تەماشای خەڵکەکەم کرد بەهەرچوار لادا و تاکو چاوم بڕی کرد بە سواری و بە پیادە خەلك دیار بوو، چونکە زیاتر لە سەد هەزار کەس لەو حەجکردنەدا لە هاوەڵان بەشدار بوون، ئەوەش تا ئەو کاتە بەگەورەترین کۆبوونەی موسوڵمانان ئەژمار دەکرێت.

(ورسول الله ﷺبين أظهرنا، وعليه ينزل القرآن، وهو يعرف تأويله. وما عَمِلَ به من شيء عَمِلْنَا به) واتە پیغەمبەر ﷺ لەناوماندا بوو و قورئانی بۆ دادەبەزی و تەفسیری واتاکانی دەزانی و بۆی دەکردین و ئەو کارەی بیکردایە ئێمەش دەمانکرد.

(ثم أهلَّ بالتوحيد) واتە: دەنگی بە وشەی مەزنی تەوحید بەرز کردەوە و فەرمووی: « لبيك اللهم لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك، لا شريك لك.«

(وَأَهَلَّ الناس بهذا الذي يهلون به، فلم يَرُدَّ رسولُ الله ﷺعليهم شيئًا منه) واتە خەڵکیش بە شێوازی تر تەلبیەیان دەکرد و پێغەمبەریش ﷺ نکۆڵی لێ نەدەکردن بەڵام..

(ولزم رسول الله تلبيته) بەڵام خۆی هەر بەو شێوازەی خۆی لەببەیکی دەکرد کە ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەو شێوازەیان پەسەندتر و باشترە.

(قال جابر رضي الله عنه: لسنا ننوي إلا الحجَّ، لسنا نعرف العمرة.) جابیر فەرمووی: زۆربەی ئێمە تەنها بەنیەتی حەجکردن هاتوین نەك بە نیەتی عومرەکردن.

(حتى إذا أتينا البيتَ معه، استلم الركن، فرَمَل ثلاثًا، ومشى أربعًا) تاکو گەیشتینە مزگەوتی حەرام و چووینە لای کەعبە، ئیتر پێغەمبەر ﷺ دەستی هێنا بە بەردە ڕەشەکەدا یان ماچی کرد و ئینجا دەستی کرد بەتەوافکردن بە دەوری کەعبەدا، کە لە سێ جاری سەرەتا بە خێرایی دەسوڕایەوە و لە چوار جاری کۆتایی بەڕێکردنی ئاسایی ڕێی دەکرد، جگە لە ئافرەتان نەبێت کە پێویست ناکات لە هیچ شەوتێکی سوڕانەوە بە دەوری کەعبەدا خێرا ڕێ بکەن.

)ثم نفذ إلى مقام إبراهيم عليه السَّلام فقرأ: ﴿ وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى ﴾ فجعل المقام بينه وبين البيت، يقرأ في الركعتين: ﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴾ و﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ ﴾ ثم رجع إلى الرُّكن فاستلمه، ثم خرج من الباب إلى الصفا، فلما دنا من الصَّفا، قرأ: (أبدأ بما بدأ الله به)

واته: ئینجا بەرەو لای مەقامی ئیبراهیم ڕۆیشت و وئایەتی ﴿ وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى ﴾ ی دەخوێند وو دوو ڕکات نوێژی کرد کە مەقامەکەی خستبوویە نێوان خۆی و کەعبەوە و لەو دوو ڕکاتەدا هەردوو سورەتی کافرون و اخلاص ی خوێند، ئینجا جارێکی تر گەڕایەوە دەستی دایە بەردەڕەشەکە یان ماچی کرد و ئینجا دەرچوو بەرەو سەفا و فەرمووی بەوە دەست پێ دەکەین کە پەروەردگارمان دەستی پێکردووە، مەبەستی ئایەتەکە بوو: إن الصفا والمروة.....

(فبدأ بالصفا، فَرِقَيَ عليه) سەعیەکەی بەسەرکەوتنی سەر سەفا دەست پێ کرد. (حتى رأى البيتَ فاستقبل القبلة، فوحد الله، وكبره) تاکو بەیتی لێوە دیار بوو و ئینجا ڕووی کردە قیبلەو فەرمووی: (لا إله إلا الله وحْده لا شريكَ له، له الملك، وله الحمد، وهو على كل شيء قدير، لا إله إلا الله وحْدَه، أنجز وعده، ونصر عبده، وهزم الأحزاب وحده).

(ثم دعا بين ذلك) ئینجا لەو نێوانەدا نزای دەکرد و دەپاڕایەوە (قال مثل هذا ثلاثَ مَرَّاتٍ) ئەو وێردەی پێشوویشی سێ جار دووبارە کردەوە.

(ثم نزل إلى المروة، حتى إذا انصبت قدماه في بطن الوادي سعى، حتى إذا صَعِدَتَا مَشَى، حتى أتى المروة، ففعل على المروة كما فعل على الصَّفا، حتى إذا كان آخر طوافه على المروة) واتە: ئینجا دابەزی بەرەو مەروە و لەناو دۆڵەکە بە خێرایی ڕێی دەکرد و دوای ئەوە بە ئاسایی ڕێی دەکرد تاکو گەیشتە مەروە ئیتر ئەوەی لەسەر سەفا کردی و وتی لەسەر مەروەش بە هەمان شێوە دووبارەی کردەوە تاکو دوا سوڕانەوەی.

فقال: (لو أنِّي استقبلت من أمري ما استدبرت لم أَسُقِ الهدي، وجعلتها عمرة، فمن كان منكم ليس معه هَدْيٌ، فليَحِلَّ، وليجعلها عمرة) واتە: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەگەر ئێستام بوایە ئەم ئاژەڵانەم لەگەڵ خۆم نەدەهێنا و ونیەتی عومرەم لێ دەهێنا، بۆیە هەرکێ لە ئێوە ئاژەڵی لەگەڵ خۆی نەهێناوە با نیەتی عومرەی لێ بهێنێت و دوای تەواو بوونی عومرەکەی پۆشاکی ئیحرام لە خۆی بکاتەوە، چونکە هەمووی ئەوەی بە هۆی ئیحرامەوە لێی قەدەغە کرابوو بۆی ڕێگەپێدراو ئەبێت تا کاتی حەجکردنەکەی

دێت ...کە ئەوەش جۆرێکە لە سێ جۆرەکەی حەجکردن و تمتع ی پێ دەوترێت.

(فقام سُراقةُ بنُ مالك بن جُعْشُم، فقال: يا رسولَ الله، أَلِعَامِنَا هذا أم لأَبَدٍ؟) سوراقەی کوری مالیکی جوعشومی الله لێی ڕازی بێت هەستا و فەرمووی: ئەی رسول الله ئەمەی باسی دەکەیت واتە شێوازی تمتع بۆ حەجکردن تەنها بۆ ئەمساله یان هەتا هەتایە هەر وایە؟

(فشَبَّك رسول الله ﷺأصابعه واحدة في الأخرى، وقال: (دخلتِ العمرة في الحجِّ)) مَرَّتين، (لا، بل لأبدٍ أَبَدٍ).واتە: ئیتر پێغەمبەر ﷺ پەنجەکانی بەیەکدا کرد و دووجار فەرمووی: عومرە ڕێگەپێدراو حەڵاڵ بوو لە وەرزی حەجدا، نەخێر بەڵکو هەتا هەتایە هەر وادەمێنێتەوە....

بەشی سێیەم

(وقدم عليٌّ رضي الله عنه من اليمن ببُدْنِ النبي ﷺ) واتە: لەم کاتانەدا کە پێغەمبەر ﷺ وهاوەڵان لە مەککە بوون بە مەبەستی عومرە کردن، عەلی ڕەزای الله لێبێت لە یەمەنەوە گەڕایەوە و وشترەکانی پێغەمبەر ﷺ ی پێ بوو بەمەبەستی بە قوربانی کردن وسەربڕینیان لە کاتی حەجکردن.

(فوجد فاطمةَ رضي الله عنها ممن حَلَّ، ولبست ثيابًا صبيغًا، واكتحلت) واتە: عەلی بینی فاتیمەی هاوسەری الله لە هەردووکیان ڕازی بێت (تحلل)ی کردووە و لە ئیحرامدا نەماوە و هەروەها چاویشی ڕەشتبوو.

(فأنكر ذلك، عليها، فقالت: إنَّ أبي أمرني بهذا) واتە: عەلی نکۆڵی لە فاتیمەی هاوسەری کرد کە ئیحرامی لە خۆی کردووەتەوە و کلی لە چاوی کردووە، پێی وابوو ئەوە کارێکی نادرووستە لەبەر ئەوەی لە کاتی ئیحرامدان، بەڵام فاتیمە فەرمووی: باوکم واتە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێکردووم و لەسەر قسەی ئەو وام کردووە.

(قال: فكان عليٌّ يقول بالعراق) واته: جابیر فەرمووی: عەلی دوای سەردەمانێك كاتێك كە بوو بە ئەمیری بڕواداران لە عێراق باسی ئەم بەسەرهاتەی دەكرد و دەیفەرموو:

(فذهبت إلى رسول الله ﷺ مُحَرِّشًا على فاطمة للذي صنعت، مُستفتيًا لرسولِ الله ﷺ فيما ذَكَرَت عنه.) واته من چوومە لای رسول الله ﷺ ئاگاداری بكەم لەو كردارەی فاتیمەی هاوسەرم كە پۆشاكی ئیحرامی گۆڕیوە بە پۆشاكێكی تری ڕەنگاو ڕەنگ و داوای فەتواو وەڵامی ئەوەی لێ بكەم سەبارەت بەو كردارەكەی فاتیمە.

(فأخبرته أنِّي أنكرت ذلك عليها، فقال: صَدَقَتْ صَدَقَتْ) واته عەلی فەرمووی بە پێغەمبەرم ڕاگەیاند ﷺ كە من نكۆڵیم لە فاتیمەی خێزانم كردووە لە مەسەلەی لابردنی ئیحرامەكەی، بەڵام پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

فاتیمەی كچم ڕاست دەكات فاتیمەی كچم ڕاست دەكات، كارەكەی عەیبی نییە.

(ماذا قلتَ حين فرضتَ الحجَّ؟، قال قلت: اللهم إنِّي أُهِلُّ بما أَهَلَّ به رسولُك، قال: (فإنَّ مَعِيَ الهديَ فلا تَحِلَّ) واته:

ئینجا پێغەمبەر ﷺ به عەلی فەرموو: باشه عەلی تۆ کاتێك نیەتی حەجت هینا چیت وت؟ ئەویش فەرمووی وتوومه: پەروەردگار من نیەتی حەج دەهێنم و لەببەیك دەکەم وەکو ئەوەی که پێغەمبەرەکەت ﷺ کردوویەتی، واته نیەتی پەیوەست کردووه به نیەتی پێغەمبەرەوه ﷺ، بۆیه پێی فەرموو: کەواته پۆشاکی ئیحرام له خۆت مەکەرەوە، چونکه من قوربانیەکانم پێیه و ئەبێت تا کۆتایی ئیحرامامان لەبەر بێت.

لەمەشدا شوینکەوتنی هاوەڵانمان بۆ دەردەکەوێت بۆ پێغەمبەر ﷺ.

(قال: فكان جماعة الهدي الذي قدم به علي من اليمن، والذي أتى به النبي مائة، قال: فحَلَّ الناسُ كلهم وقَصَّروا، إلاَّ النبي ومن كان معه هدي.) واته: ئەو وشترانەی عەلی لەگەڵ خۆی هینابوونی و لەگەڵ ئاژەڵەکانی قوربانییەکانی پێغەمبەر ﷺ هەمووی سەد سەر بوون، جگه له پێغەمبەر ﷺ نەبێت و ئەوانەی که قوربانیەکانیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، هەموویان پۆشاکی ئیحرامیان داکەند و قژیان کورت کردەوه.

(فلما كان يوم التروية، توجَّهوا إلى منى، فأهلوا بالحج يوم التروية) واتە: لە ڕۆژی تەرویە کە ڕۆژی هەشتەمی حەجە ڕویان کردە مینا و نیەت و لبیك اللهم لبیك ی حەجیان دەست پێ کرد.

(وركب رسول الله ﷺفصلى بها الظهر والعصر والمغرب والعشاء والفجر) واتە پێغەمبەر ﷺ علیه وسلم لە ڕۆژی هەشتەمدا سواری وشترەکەی بوو لەگەڵ خەڵکەکە بەرەو مینا ڕۆیشتن و لەوێ بۆ ماوەی ئەنجامدانی پێنج نوێژی جەماعەت مایەوە، واتە ئەو ڕۆژە هەمووی مایەوەو ڕۆژی دواییش واتە ڕۆژی عەرەفە نوێژی بەیانی لە مینا کرد.

بۆیە هەر حاجییەك بیەوێت سونەت بپێکێت پێویستە لە مینا بە پۆشاکی ئیحرامەوە ئەوەندە بمینیتەوە، ئەوە باشترە ئەگەر بتوانێت و شەوی هەشت لەسەر نۆ لە مینا بمێنیتەوە ، بەڵام ئەمە سونەتە واتە نە ڕوکنە و نە واجبە، بۆیە ئەگەر بە هۆی بەرژەوەندییەکەوە بۆ نموونە درووست نەبوونی قەرەباڵغی زۆر ئاساییە حاجیان لە مینا نەمێننەوە و زوتر بچن بۆ عەرەفە، ئەوە کارێکی درووستە ئەگەرچی مانەوە باشترە بۆ کەسێك بتوانێت

.

(ثُمَّ مكث قليلاً حتى طلعتِ الشمس، وأمر بقُبَّةٍ من شَعَرٍ تُضْرَب له بنَمِرَة) واته پێغەمبەر ﷺ لە مینا مایەوە تاکو خۆر هەڵاتنی ڕۆژی نۆیەم واتە ڕۆژی عەرەفە و فەرمانی کرد پێش گەیشتنی بە عەرەفە ڕەشماڵێکی لە نەمیرە بۆ هەڵدەن و ئامادەی بکەن.

سوننەتیکی تریش ئەوەیە کە حاجی پێش گەیشتنی بە کێوی عەرەفە لە نەمیرە کە جیگەیەکی نزیکە لە عەرەفەوە لابدات

(فسار رسولُ الله ﷺولا تشكُّ قريشٌ إلا أنه واقف عند الْمَشْعَرِ الحرام، كما كانت قريش تصنع في الجاهلية.) واته:

قورەیشییەکان کە سەردەمانێکی زۆر نەبوو کە لە شیرك و جاهیلییەت دابڕابووون و ڕزگاریان بوو بوو، گومانیان نەبوو کە پێغەمبەر ﷺ لەلای المشعر الحرام ڕادەوەستیت و زیاتر ناڕوات بەرەو عەرەفە، چونکە لەسەردەمی جاهیلییەتدا قورەیش بە خۆیان دەوت حومس و بۆ عەرەفە دەرنەدەچوون و بە عەیب و کەمیان دەزانی بۆ خۆیان ئەو کارە بکەن، بەڵکو تەنها ئەوانەی کە لە دەرەوەی مەککەوە دەهاتن بۆ حەجکردن بۆ عەرەفە دەردەچوون.

(فأجاز رسولُ الله ﷺحتى أتى عرفة، فوجد القُبَّةَ قد ضربت له بنَمِرَة فنَزَل بها) واته:

بەڵام پێغەمبەر ﷺ هەر بەردەوام بوو لە ڕێکردن تاکو گەیشتە کێوی عەرەفە و لەوێ دابەزی و لایدا و بینی ڕەشماڵەکەی بۆ ئامادە کراوە ئیتر ئەویش چووە ناوی.

(حتى إذا زاغت الشمس أمر بالقَصْوَاء، فرحلت له) واتە:

کە خۆری ڕۆژی نۆیەم لە کاتی زەوال بوو نزیك بانگی نیوەڕۆ، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کرد وشترەکەی کە نازناوی القصواء بوو بۆی بهێنن و ئامادەی بکەن بۆ بەڕێکەوتن.

(فأتى بطن الوادي، فخطب الناس، وقال) ئینجا ڕۆیشتە بطن الوادي کە جێگایەکە لە عەرەفە بە دۆڵی عورەنە دەناسرێت و وتاری بۆ موسوڵمانان دا.

بەشی چوارەم

(فأتى بطن الوادي، فخطب الناس، وقال:) واتە ئینجا پێغەمبەر ﷺ هاتە ئەو جێگەی پێی دەوترێت بطن الوادی کە بریتییە لە دۆڵی عورەنە و وتاری ڕۆژی عەرەفەی ئاراستەی هاوەڵان کرد، لەمەشەوە ئەوە وەردەگیرێت وەکو زۆربەی زانایانی ئیسلام فەرموویانە کە خوتبەی ڕۆژی عەرەفە سوننەتە و لەبەر ئەوەش کە خەڵکانێکی زۆر ئامادەی دەبن چاکترە وتاربێژ وتارەکەی هەندێ باسی گەورەو گرنگ و کۆکەرەوە لە خۆی بگرێت، جا پێغەمبەر ﷺ لە خوتبەکەیدا کە ئاراستەی نزیکەی سەدو بیست هەزار کەسی کرد لە هاوەڵان فەرمووی:

(إنَّ دماءَكم وأموالَكم حرام عليكم، كحرمة يومكم هذا، في شهركم هذا، في بلدكم هذا) واتە: ئەی موسوڵمانان: خوێن و ماڵتان لەسەر یەکتر قەدەغەو حەرام کراوە، نابێت کەس خوێنی کەس بەناحەق برێژێت و ماڵی بخوات، ئەو کارە حەرامە وەکو حەرام بوونی ئەم ڕۆژەتانە کە ڕۆژی عەرەفەیە و وەکو حەرامبوونی ئەم مانگەتان کە مانگی ذي الحجة یە، وەکو چۆن قەدەغەیە

هیچ خراپەیەکیان تێدا بکرێت، وەکو قەدەغە بوونی ئەم مەککەیە کە الله حەرامی کردووە هیچ خراپەو دەستدرێژییەکی تێدا بکرێت.

پێغەمبەر ﷺ ئەم نموونەی بۆ هێنانەوەو بەراوردی بۆ کردن کە حورمەت و گەورەیی خوێن و ماڵی موسوڵمان لە حورمەت و گەورەیی مەککە و مانگی ذي الحجة و ڕۆژی عەرەفات گەورەتر و بەبایەخترە، چونکە ئەوان لەسەر پیرۆزی و مەزنی جێگەکەو مانگەکەو ڕۆژەکە یەکدەنگ بوون و لەو بەراوردە باش تێدەگەیشتن.

(ألا كلُّ شيء من أمر الجاهلية تحت قدميَّ موضوع) واتە: ئەم ئیسلامە هاتووە بۆ ئەوەی جاهیلییەت بڕوخێنێت و ڕەوشتە ناشیرینەکانی لەناو بدات و یاسا پڕ لە ستەمەکانی پوچەڵ بکاتەوە و کەش و هەوا شیرکییەکانی شەرمەزار بکات و بیروباوەڕەکانی هەڵوەشێنێتەوە، فەرمووی هەموو ئەوانەی سەردەمی جاهیلییەت لە ژێرپێمدایە، بەکار هێنانی ئەو دەستەواژەش ئاماژەیە بۆ سووککردن و ڕسواکردنی جاهیلییەت.

(ودِمَاء الجاهلية مَوضوعة) واتە: هەر ئەو خوێن ڕشتنەی لە سەردەمی پێش ئیسلامدا لە نێوان خەلكیدا بووە هیچ قیساس و تۆڵەسەندنەوەیەكی نییە و خوێنی كەس نادرێت كە لەو سەردەمە كوژرابن.

(وإنَّ أولَ دمٍ أضعُ من دمائنا دمُ ابن ربيعة بن الحارث، كان مُسترضِعًا في بني سعد، فقتلته هذيل) یەكەمین خوێنیش كە بە فیڕۆی دابنەم و تۆڵە و قەرەبوو كردنەوەیی بۆ نەكرێت خوێنی كوڕی ڕەبیعەی ئامۆزامە.

ڕەبیعە ئامۆزای پیغەمبەر بوو ﷺ، دوو ساڵ لە عەبباس گەورەتر بوو، لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ ئامادەی فەتحی مەكەو تائیف بوو، كوڕەكەی ڕەبیعەش كە پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی پێكردووە لەلای هۆزی هذیل بوو بۆ شیرخواردن و پەروەردە بوون، بەڵام بە هۆی جەنگێكەوە كە لەو كاتەدا هەڵگیرسا ئەو كوژرا، منالێك بوو بەبەردەم ماڵەكاندا گاگۆڵكێی دەكرد ئیتر بەردێكیان دا بەسەریدا و كوشتیان.

(وربَا الجاهلية موضوع، وأول رِبًا أضع رِبَانَا رِبَا عباس بن عبدالمطلب، فإنَّه موضوعٌ كله.) واتە: پێغەمبەر ﷺ هەرچی مامەڵەی سەردەمی جاهیلییەتی پێش ئیسلام هەیە هەڵیوەشاندەوەو پووچەڵی كردووە كە سوو یەكێكە لەو

مامەلە زیانبەخشانە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤەکان، واتە فەرمووی لە کەس و کارەکەی خۆمەوە دەست پێ دەکەم عەبباسی مامم مامەڵەی بە سوو لەگەڵ کێدا کردوە هەڵیدەوەشێنمەوە و بەتاڵی دەکەمەوە و خودی عەبباسیش تەنها سەرمایەکەی بۆ خۆیەتی.

دوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ جەختی لەسەر پاراستنی خوێن و ماڵ و موڵکی خەڵکی کردەوە وەکو دوو مەسەلەی گرنگ، ئینجا چووە سەر باسی سێیەم کە پەیوەندی بە ئافرەتانەوە هەیە و فەرمووی:

(فاتقوا الله في النِّساء، فإنَّكم أخذتموهن بأمان الله، واستحللتم فروجَهُنَّ بكلمة الله) واتە وەکو درێژەدانێك بە لەناوبردن و ڕوخاندنی بنەماکانی سەردەمی جاهیلی کە سووکایەتی بە ئافرەت دەکرا و ڕێزی لێ نەدەگیرا و لە میرات بێ بەش دەکرا و دەکوژرا و زیندە بەچاڵ دەکرا، فەرمووی: لە الله بترسن و لەگەڵ ئافرەتەکانتاندا بە جوانی هەڵس و کەوت بکەن و باش بن بۆیان، چونکە ئەوان بە فەرمان و ڕێگە پێدانی الله بۆتان حەڵاڵ بوونە.

(ولكم عليهن ألا يُوطِئْنَ فُرُشَكم أحدًا تكرهونه) واتە مافی ئێوەش بەسەر ئافرەتەکانتانەوە ئەوەیە هیچ کەسێك کە ئێوە پێتان ناخۆشە بێتە ماڵەکانتان هاوسەرەکانتان نەیانهێننە ماڵەکانتان، ئیتر ئەو کەسە هەرکێ بێت با مەحرەمی ژنەکەش بێت.

(فإن فعلن ذلك) واتە: ئەگەر هاوسەرەکانتان ئەو کارەیان کرد و کەسانێکیان هیناوە ناوماڵەکانتان بەبێ ئیزنی ئێوە کە حەزیان پێ ناکەن و ئەمەش نشوزی پێ دەوترێت لەو حاڵەتەدا:

(فاضربوهن ضربًا غير مُبَرِّحٍ) لەو حاڵەتەدا دەتوانن لێیان بدەن بەڵام لێدانێك کە سەخت نەبێت و هیچ شوێنەوارێك بە جێنەهێڵێت بەسەر پێست و ئەندامەکانەوە، نە شکان و نە برینی لێ نەکەویتەوە وەکو زانایان فەرموویانە، هەروەها لێدان سێیەم قۆناغیش دەبێت وەکو لە قورئاندا باس کراوە واتە یەکەم جار ئامۆژگاری دەکات و بە قسەی خۆش، دووەم قۆناغ ئەگەر ئەوە سوودی نەبوو جێگای خەوی لەگەڵدا جیا دەکاتەوە، ئەگەر ئەوەش سوودی نەبوو ئینجا ئەو لێدانە مەرجدارە بەکار دەهێنێت.

(ولهن عليكم رزقُهن وكسوتُهن بالمعروف) واتە پێویستە و واجبە لەسەر ئێوەی پیاوانیش کە خواردن و پۆشاکیان بەباشترین شێوە بۆ دابین بکەن و بەو شیوەی کە باوەو عادەتە لەلای خەڵکی لە چوار چێوەی شەرعدا و بەپێی توانای میردەکان.

(وقد تركت فيكم ما لن تضلوا بعده إنِ اعتصمتم به: كتاب الله) واته: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی من لە دوای خۆم ئەوەم بۆ بەجێهێشتوون ئەگەر دەستی پێوە بگرن هەرگیز گومڕا نابن و ڕێگاتان لێ ون نابێت کە ئەویش قورئانە.

(وأنتم تُسْأَلون عني، فما أنتم قائلون؟، قالوا: نشهد أنَّك قد بلغت وأدَّيت ونصحت، فقال بإصْبَعه السَّبَّابة، يرفعها إلى السماء، ويَنكُتُها إلى الناس: ((اللهم اشهد، اللهم اشهد))، ثلاث مرات) واته: ئێوە لە قەبر و لە ڕۆژی قیامەتدا دەربارەی من پرسیارتان لێ دەکرێت جا ئێوە چی وەڵام دەدەنەوە؟ وتیان: شایەتی دەدەین کە دینەکەت گەیاند و ئامۆژگاریت کردین، ئیتر پێغەمبەر ﷺ پەنجەی شایەتمانی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و دووبارە ڕووی پەنجەی ئاراستەی خەڵکەکە کرد و فەرمووی: یا الله تۆ شایەت بە! سێ جار بە دوای یەدا وەکو جەختکردنەوە وای فەرموو.

(ثم أذَّن، ثم أقام فصلى الظهر، ثم أقام فصلى العصر، ولم يصلِّ بينهما شيئًا) واته پاش خوتبەکە بانگ درا و نوێژی نیوەڕۆ و عەسری بە قەسرو جەمع کرد بە دوو ئیقامەت، لە نێوان هەر دوو نوێژەکەشدا نوێژی تری نەکرد.

(ثم ركب رسول الله ﷺحتى أتى الموقف) واتە ئینجا پێغەمبەر ﷺ سواری وشترەکەی بوو و ڕۆیشت بۆ جێگای ڕاوەستان لە عەرەفات.

(فجعل بطن ناقته القصواء إلى الصخرات) واتە بەسەر وشترەکەیەوە چووە نزيك ئەو تاوێرانەی لەخوارەوەی کێوی عەرەفات هەن، چونکە سەرکەوتنی کێوەکە سوننەت نییە و ئەو نیشانەش کە لەبەرزاییەکەیدا دانراوە لەسەر دەمی پێغەمبەر ﷺ نەبووە و دواتر دانراوە بۆ ئەوەی نیشانەی ناسینەوەی کێوی عەرەفات بێت لەلای خەڵکی و هیچ پیرۆزییەکی نییە تاوێرە بەردێکی ئاساییە.

(وجعل حبل المشاة بين يديه) واتە ڕێڕەوی پیادەی خەڵکی لەبەردەمیدا بوو یان خستیە بەردەمی خۆی.

(واستقبل القبلة، فلم يزل واقفًا حتى غَرَبَتِ الشمسُ، وذهبت الصُّفرة قليلاً حتى غاب القُرص) واتە: ئینجا ڕوی لە قیبلە کرد و هەر بەو شێوە لەوێ مایەوە و تاکو خۆرئاوابوون لەوێ ڕاوەستا.

بەڵام حاجی لەهەر جێگەیەکدا بوەستێت لە عەرەفە هەر درووستە لەبەر ئەو فەرمووده کە هەمووی عەرەفەی بە جێگای وەستان ناساندووه(ووقفتُ هھنا، وعَرَفةُ كلُّها مَوقِفٌ)رواه مسلم، حاجیانیش دەبێت لەوێ بمێنەوە تاکو دوای خۆرئاوابوون، بەڵام ئەگەر کەسێك پێش ئاوابوونی خۆر ناوچەی عەرەفە بەجێ بهێڵێت حەجەکەی درووستە بەڵام گوناهبار دەبێت

ماڵپەڕی د.إحسان برهان الدین
www.Ihsanburhan.com

2024